رێکخراوی زانست

بۆ باس‌و توێژینەوە

(٦)

# خوێندنەوەیەکی نویێ بۆ

# کۆمەڵەی (ژ.ك)

د. عمر عبد العزیز

٢٠١٦ ز

چاپی یەکەم

**پێناسی کتێب**

**بە ناوی خوای میهرەبان**


- **ناوی کتێب: خوێندنەوەیەکی نویێ بۆ کۆمەڵەی (ژ.ک)**
- **ناوی نووسەر: د. عومەر عەبدولعەزیز**
- **ناوەرۆک: مێژوو و لێکۆڵینەوەی مێژوویی**
- **نووسینی ناوەرۆک: ڕێکخراوی زانست بۆ باس‌و توێژینەوە**
- **دیزاینی ناوەرۆک: ڕێکخراوی زانست..**
- **دیزاینی بەرگ: کتێبخانەی سارا، سلێمانی**
- **ساڵی چاپ:** ١٤٣٧ک/ ٢٠١٦ ز/ ٢٧١٥ کوردی
- **نۆبەی چاپ: یەکەم**
- **ئەم کتێبە (١٨٠) لاپەڕەو (٥٧٦) بڕگەو (٢٤٩٥) دێڕو (١٨٠٢٤) وشەیە**
- **تیراژی چاپ: ١٠٠٠ دانە**
- **جۆری خەتی کوردیی:** ALI-K-sahifa، **عەرەبی:** ALI-A-sahifa


- **ناونیشانی ئەلیکترۆنی نووسەر:** omer@٩٥٨yahoo.com
- **پەیجی ئەلیکترۆنیی نووسەر لە فەیسبوک: عمر عبد العزیز**


- **لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی سپاردنی ( )ی ساڵی (٢٠١٦)ی پێدراوە**


- **مافی چاپ‌و لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە بۆ نووسەر**


**(لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی زانست بۆ باس‌و توێژینەوە) ( ٦ )**

## ناوەرۆکی بابەتەکانی ئەم کتێبە

بابەت ـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــ لاپەڕە


**پێشەکی..................................................۱۱**

**بەشی یەکەم**

**(ژێ کاف)، ئەزموونێکی ناوازە، لە کاری ڕێکخراوەیی سیاسی کوردیدا۱۵**

خوێندنەوەو دیدی جیاواز، لەمەڕ (ژێ. کاف)........................ ۱٦

زنجیرە لێکهەڵپێکراوەکەی خەباتی ئیسلامیی ـ نەتەوەیی............ ۱۹

(ژ.ک)و فۆرمی نوێی خەبات...................................... ۲۳

سەرەتای سەرهەڵدانی بیری چەپو (کۆمۆنیستیی) لە کوردستان..... ۲۸

**بەشی دووەم**

**دامەزرانی (ژ.ک)و چمکێك لە چالاکیی و تایبەتمەتدییەکانی.............٤۱**

دەربارەی ناوی تەواوی (ژ.ك)........................................ ٤۲

(ژ.ك) لە (سلێمانی) دامەزرا، یان (مەهاباد)؟......................٤٦

ناوی خوازراوو هێماوو نیشانەی دامەزرێنەرانو بەرپرسانی (ژ.ك).....٤۸

ئەندامانی دەستەی ڕاوێژکاریی کۆمەڵەی (ژ.ك)......................٥۳

ئەندامێتیی پێشەوا قازی محەممەد لە (ژ.ك)دا......................٥٥

گەشەی خێرای (ژ.ك)و لقەکانی لە پارچەکانی کوردستان.............٦۲

سەبارەت بە (لقی کەرکوك)ی (ژ.ك)و ناوچەی گەرمیان.............. ٦٦

## بەشی سێیەم

**چەردەیەك لە چالاكیی‌و دەسكەوتەكانی (ژ.ك)........................٦٩**

(ژ.ك) پەروەرشگایەكی ئەخلاقی‌و مەكۆیەكی سیاسی بوو.............٧٠

گەواهییەكی (هێمن)ی شاعیر بۆ (ژێ.كاف)..............................٧٣

هەوڵەكانی (ژ.ك) بۆ سەربەخۆیی كوردستان..............................٧٦

دیاریكردنی ئاڵای كوردستان..........................................٨٣

ڕۆڵی (ژ.ك) لە (پەیمانی سێ سنور)داو باسێك لە بەشدارانی..........٨٤

(ژ.ك)و بڕوانەبوونیان بە بەكارهێنانی چەك..............................٩٤

ترسی شاو حكومەتی ئێران لە (ژ.ك).....................................٩٦

## بەشی چوارەم

**ڕەهەندی ئیسلامیی لە بەرنامەو كارو هەوڵەكانی (ژ.ك)دا............. ٩٧**

ئاماژەكانی گۆڤاری (نیشتمان) لەسەر ئیسلامیبوونی (ژ.ك)............٩٨

كۆمەڵەی ژیانەوەی كوردستان كۆمۆنیست نەبوون......................١٠٠

ئیسلام مەرجەعی فیكریی كۆمەڵەی (ژ.ك)بوو..................... ١٠٢

شێوازی هۆگریی بۆ حزبو مەراسیمی بەیعەتو پەیماندان........... ١٠٤

(ئیسلامەتیی) پایەی یەكەم لە چوار پایەكەی پرۆگرامی (ژ.ك)....... ١٠٩

شانازی گەورە بەرپرسانی (ژێ. كاف) بە ئیسلامەوە............... ١١٠

زۆربەی كۆبونەوەكانی (ژ.ك) لە مزگەوتەكاندا بوون.............. ١١٢

ڕۆڵی مەلاو زانایان لە (ژێ.كاف)دا.................................. ١١٦

## بەشی پێنجەم

**چەند نمونەیەك لە بەرهەمی فكریی‌و نووسین‌و ئەدەبیاتی (ژ.ك)...... ١٢١**

تیشكێك لەسەر ژمارەكانی گۆڤاری (نیشتمان)، زمانحاڵی (ژ.ك)...... ١٢٢

هەندێك لە وتارەكانی (ژ.ك)و نووسین‌و ئەدەبیات‌و بڵاوكراوەكانیان...١٢٣

پەیامێكی كۆمەڵە بۆ دایكی نیشتمان.................١٢٧

سەركەوتن بەزۆرو كەمیی نیە............... ١٢٨

فەلسەفەی ژیان........................ ١٢٩

ڕۆژی كارە........................ ١٣١

ڕوونكردنەوەی (ژ.ك)و ڕەتكردنەوەی تۆمەتی (شیوعی) بوون..... ١٣٢

## بەشی شەشەم

**ناپاكیی (سۆڤیەت)و كۆمۆنیستەكان، لەگەڵ (ژ.ك)...............١٣٥**

سەرچاوەی نیازخراپیی (سۆڤیەت)، مامەڵەی ئایدیۆلۆژییانە.........١٣٦

هەوڵدان بۆ پەكخستنی گۆڤاری (نیشتمان) زمانحاڵی (ژێ. كاف).... ١٤٤

سەربەخۆیی كوردستان، گرێی دەروونیی سۆڤیەت‌و دۆستانی.......١٤٥

لە (ژێ. كاف)وە بۆ (حزبی دیموكراتی كوردستان)................ ١٤٦

**وێنەو بەڵگەنامەكان...............................١٥٣**

**سەرچاوەو ژێدەرەكان..................................١٧٧**

# پێشەکی

کەم کەس هەیە لە ڕوناکبیرانی کورد، ناوی ڕێکخراوی (ژ.ک)[1]یان نەبیستبێت، کە لە ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەمدا، ڕێکخراوێکی چالاكو ناسراو بوو. ئەو ڕێخراوە سیاسییە خەباتگێڕەی کە لە ١٦ی ئابی ١٩٤٢دا ناوەکەی ڕاگەیەنرا، بەڵام سەرکردەکانی پێشتر لە ڕێکخراوی (حزبی ئازادیخوازی کوردستان)دا – کە ساڵی ١٩٣٩ دامەزرابوو– کاریان دەکرد.

شوێنی لەدایکبوونی ئەم دوو ڕێکخراوە، ناوچەی موکریان، بەتایبەتی شاری مەهاباد بوو، کە مەڵبەندی زانستو ئاینپەروەرییو خەمخۆریی نەتەوەو نیشتمان بوو، بە حوکمی بوونی بنەماڵەی قازییەکانو قوتابخانەو حوجرەو مزگەوتی سوورو ئەو هۆشیارییە ئاینییو نەتەوەییە کە لەناو توێژی خوێندەوارانی ئەو شارەو دەوروبەریدا دروست بوو بوو.

لەسەر (ژ.ك) بابەتی زۆر نووسراوەو لە گۆشەنیگای جیاوازەوە خوێندنەوە بۆ خودی ڕێکخراوەکەو سەردەمەکەی کراوە، بە دڵنیایی جیاوازیی گۆشەنیگاکان هۆکارن بۆ نووسینی زۆر. منیش نکوڵیی لەوە ناکەم کە گۆشەنیگای خۆمم نەبێت بۆ سەربوردی ئەم ڕێکخراوەو

---

[1] لەسەر ناوی ڕێکخراوی (ژ.ك)، بۆچوونو ڕای جیاواز هەیە، چونکە لە بڵاوکراوەکانی خۆیدا، تەنها کورتکراوەی دوو پیتی (ژ.ك) دەنووسرا، تەنانەت هاوچەرخەکانی ئەو ڕێکخراوەش، یەك قسە نین، واتە کەمێك قسە هەڵدەگرێت، بۆیە لە باسەکانی داهاتوودا، بڕگەیەکی تایبەتم بۆ تەرخان کردووە.

وێناکردنیو خستنەڕووی تایبەتمەندییەکانی. وا دەزانم ئەوەش مافی هەر نووسەرێکەو کەس ناتوانێت لێی زەوت بکات، بەڵام دەمێنێتەوە سەر میتۆدو مەنهەجیەتی نووسینو ڕادەی پابەندیی بە بنەما زانستییەکانی نووسینەوە، کە ئەو هەڵسەنگاندنەش هەم ئەرك، هەم مافی خوێنەرانی ڕووناکبیری هەر بابەتێکە.

بۆیە لەم پێشەکییەدا پێویستە بڵێم کە ئەم بەرهەمەی بەردەستی خوێنەر، ئەگەر لە مێژووی ئەم ڕێکخراوە کوردییەدا، هیچی زیاد نەکردبێت، ئەوەندەی زیاد کردووە کە هەندێك لاپەڕەی شاراوەو فەرامۆشکراوی خستۆتە ڕوو، کە توێژی خوێندەواری ئەمڕۆو نەوەی هۆشیاربۆوەی سەردەممان پێویستیانە.

دیارە ڕێبازی خستنەڕووی ڕاستییەکان، لە هەموو هەڵسەنگاندنێکدا، دوو سەرچاوەی گرنگی پێویستە، یەکەم: بەڵگەنامەی پەیوەندیدار بەو بابەتەوە کە هەڵدەسەنگێنرێت، دووەم گەواهییو بینینی کەسانێك کە هاوچەرخ بووبن بەو بابەتە، بێ گومان بە مەرجی ئەوەی جێی متمانە بنو بێلایەنانە گەواهیی بدەن.

خۆشبەختانە بۆ ئەم باسەمان هەردوو سەرچاوەکە لەبەردەستدان، هەم بەڵگەنامەو نوسراوەکانی (ژ.ك)و لێدوانی بەرپرسانی پارێزراون، هەم کەسانێك کە یاداشتو بیرەوەرییەکانیان نووسیوەتەوە، یان گێڕاوەتەوە.

جگە لەمانە، بەڵگەنامەی تری نادروست، یان شێوێنراو، یان قسەی کەسانێك کە لە دوورەوە خوێندنەوەیان کردووە، یان بە مەبەستی شێواندن، بابەتەکانیان ئاوەژوو کردۆتەوە، لەدونیای زانیاریی‌و مەعریفەی مێژووییدا، ناخواو بازاڕی نیە.

بەندە دوور لە دەمارگیریی هەوڵم داوە پشت بەو دوو سەرچاوەیە ببەستم، بۆیە بۆ هەڵسەنگاندنی هەرجموجوولێکی سیاسی کۆمەڵایەتیش، هەمان ڕێسای سەرەوە دروستە، واتە: سەرەتا پەنابردنە بەر سەرچاوە دیکۆمێنتییەکان‌و بەڵگەنامەکانی کاتی جموجووڵەکە، پاشانیش لێدوان‌و هەڵسەنگاندنی کەسە شارەزاکان، بەتایبەتی هاوچەرخەکان، بەتایبەتی تر، بەشدارەکان لەو جموجووڵ‌و چالاکییانەدا کە ئەنجام دراون.

هیوادارم بەم هەوڵە خاکییە، بەشداریم لە لایەنێکی ئەرکی خستنەڕووی خەباتی نەتەوەکەمدا کردبێت‌و هەندێ تێڕوانینی هەڵەو نادروستم لەمەڕ خەباتی ڕێکخراوێکی پێشەنگی نەتەوەی کورددا، ڕاست کردبێتەوە.

باشووری کوردستان

شاری سلێمانی

ڕێبەندانی ٢٠١٦ز

زانست

# بەشی یەکەم

# (ژی.کاف) ئەزموونێکی ناوازە لە کاری ڕێکخراوەیی سیاسی کوردیدا

## خوێندنەوەو دیدی جیاواز لەمەڕ کۆمەڵەی (ژێ.کاف):

ڕێکخراوی (ژێ. کاف) قسەی زۆری لەسەر کراوە، زۆر هەوڵی شێواندنی مێژووی سەرهەڵدانیو بیرو چوونی ڕابەرانی دراوە، تاوێك بە ئیسلامیی کۆنەپەرستو تاوێك بە کوانووی وردە بورژواو تاوێکی تر بە کۆمۆنیستو گوێ لەمشتی سۆڤیەت، ناسێنراون.

ئەم بابەتەی بەردەستی خوێنەر، وا نازانم دووبارەکردنەوەی ئەو سەدان لاپەڕەیە بێت کە لەسەر ئەم ڕێکخراوە شۆڕشگێڕە نووسراون، چونکە هەوڵمداوە بابەتە دووبارەکان نەنووسمەوە، مەگەر وەك لە بێژنگدانو شەنو کەوکردنێك کە سروشتی کاری شرۆڤەو وردبونەوەو ڕەخنە دەیخوازێ. کەواتە ئەم بابەتەی بەردەست، خوێندنەوەیەکی تازەیە بۆ مێژووی خەباتی (ژ.ك)و خستنەڕووی هەندێك لە لایەنە شاراوەکان، یان شێوێنراوەکانی ئەو مێژووە پڕ سەروەرییە.

هیوادارم هەموو خاوەن هزرە جیاوازەکان: هەم خاوەن بیرکردنەوە ناسیۆنالستییەکان، هەم چەپو مەشرەب کۆمۆنیستەکان، هەم ئیسلامییەکان، کەسیان بە دەمارگیرییەوە نەڕواننە بابەتەکە، بەڵکو دیکۆمێنتو بەڵگەنامەکان بکەنە مەحەكو هەوڵی دەستخستنی چەند ڕاستییەکی نوێ لە مێژووی ئەو ڕێکخراوە بدەن، چونکە مێژووە پێشووە تۆمارکراوەکە، زۆربەی دووبارەکردنەوەی شرۆڤەو تێڕوانینو یاداشتو بیرەوەرییەکانی هەندێك لە بیانییەکانە، کە یان پشتیان بە بابەتەکەوە

نەیەشاوە، یان بە ئەنقەست ویستوویانە بەشێك لە ڕاستییەكان بشارنەوە، هەرچەندە هەمووموان قەرزاری هەوڵو تێكۆشانی هەندێكیانین.

سەبارەت بە كۆمەڵەی ناسراو بە (ژ.ك)و دواتر گۆڕانی بە (حزبی دیموكراتی كوردستان)، هەروەها سەبارەت بە شەهید پێشەوا قازی محەممەد ـ وەك كەسایەتییەكی كاریگەر لەسەر ئەم ڕێكخراوەو دواتر لەسەر حزبی دیموكراتو كۆماری كوردستانیش، بگرە لەسەر زۆرێك لە كەسایەتییو وەزیرو فەرماندەكانی كۆماریش– هەندێك ڕاستیی شاردراونەتەوەو زۆربەی ئەو نووسەرانەی كە پاشخانێكی سیكۆلارییان هەیە، یان چەپڕەونو هەڵوێستی پێشوەختیان لە ڕەهەندی ئاینیی ڕێكخراوی (ژ.ك)و قازی محەممەدو كۆماری جوانەمەرگی كوردستان هەیە، نەك هەرخۆیان لاداوە لە بەشێك لەو بەشانەی مێژوو، بەڵكو هەوڵیانداوە ڕاستییەكانیش ئاوەژوو بكەنەوە.

بەداخەوە زۆرێك لەو نووسەرانەی لەسەر (ژ.ك)و كۆماری كوردستانو كەسایەتیی قازی شەهیدیان نووسیوە، هەلی لەڕوودانەبوونی بەشێك لە بەڵگەنامەكانیان قۆستەوەو بە حەزی خۆیانو لە سێبەری باشخانێكی دژەئاینیدا، قازیو كۆمارەكەیان ناساندووە.

بەشێك لەو نووسەرانە، كاریگەریی فەلسەفەی كۆمۆنیستیو هەوای سۆڤیەتیان بەڕادەیەك بەسەرەوە بووە، كە هەوڵیانداوە مەلایەكی خوێندەوارو قازییەكی ڕەسەنو عاریفێكی وەك قازی محەممەد، بە نیوە

کۆمۆنیست لە قەڵەم بدەن، بگرە وا دەربخەن کە قازی پەیکەری لینین‌و ستالینی داناوە، یان لۆگۆی داس‌و چەکوشەکەی کۆمۆنیستانی لە ئاڵاکەیدا هەبووە.

جا بۆ سڕینەوەی ئەو چەواشەکارییانەو خستنەڕووی بەشێك لە ڕاستییە شاراوەکانی ڕەهەندی ئیسلامیی حزبی (ژ.ك)، بە پێویستم بینی ئەم بابەتە بنووسم، بە پشتبەستن بە هەندێك لە بەڵگەنامە نوێیەکان‌و دوالێدوانی بەشێك لە ئەندامانی دێرینی (ژ.ك)و شایەتحاڵەکانی سەردەمەکە، هەروەها بەهێنانەوەی چەند دیکۆمێنت‌و بەڵگەنامەیەك کە لەبەردەستدان.[1]

---

[1] دوو کتێبم بەجیا لەسەر ئەم بابەتە نووسیوە، یەکەمیان: خەباتی کوردو ڕەهەندی ئیسلامیی، باسێکە لەسەر کاریگەریی ئیسلام لەسەر شۆڕش‌و ڕاپەڕین‌و ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکان، ( لە ١٨٥٠ بۆ ١٩٥٠ ز). دووەمیشیان تایبەت بە ژیانی قازی محەممەد، بەناوی (کۆماری کوردستان‌و پێشەوا قازی محەممەد)، کە سوپاس بۆ خوا هەردووەکیان چاکران.

## زنجیرە لێکهەڵپێکراوەکەی خەباتی ئیسلامیی ـ نەتەوەیی

## لە سەرەتای سەدەی بیستەوە، تا (ژ.ك)

بەخوێندنەوەی دیرۆکی دامەزراندنی جوڵانەوەو ڕێکخراوە سیاسییەکان، هەر لە فۆرمە سادەو سەرەتاییو ساکارەکانیانەوە، تا شێوازە کامڵو مۆدێرنو هاوچەرخەکانیان، لە سەرەتا تا ناوەڕاستەکانی سەدەی بیست، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێت کە هەر ڕێکخراوو جموجوڵێك – بەپێی پانتاییو قەبارەو ڕێژەی خۆی– کاریگەریی لەسەر ڕێکخراوی پاش خۆی هەبووە، بۆیە دەتوانین بڵێین: هیچ جوڵانەوەیەکی کوردیی– چ ڕێکخراوە سیاسییەکان، چ ڕاپەڕینو شۆڕشەکان– لە خاڵی سفرەوە دەستیان پێنەکردووە، بەڵکو هەموویان درێژکراوەی یەکترن، هەرکامیان کە زووتر بووە، ئیلهامبەخش بووە بۆ ئەوانەی دوای خۆی.. با بە خێرایی سەیرێکی ئەم مێژووانەو ئەو ڕێکخراوە لێکچووانە بکەین:

ـ لە ساڵی ١٩٠٨ دا شێخ عبد القادرو ئەمین بەدرخان لە ئەستەمبوڵ، کۆمەڵەی (تەعاونو تەرەققی کورد) یان دامەزراند، کە مامۆستا سەعید نورسیو پیرەمێردی شاعیریش تێیدا بەشدار بوون، پیرەمێرد بەرپرسو سەرنووسەری گۆڤارەکەیان بووە، کە بەناوی (کورد)ەوە دەردەچوو.[١] بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پێش ئەو مێژووە، دەبینین پێش چارەکە سەدەیەك زیاتر لەوانو لە ساڵی ١٨٨٠ دا سەرکردە ئیسلامییەکانو

---

[١] دواتر بەجیا لەسەر ئەم بابەتە ڕوونکردنەوەی پێویست دەدەم.

سەرۆكهۆزەكانی ناوچەی (شەمزینان) بە سەرۆكایەتی شێخ عبد اللەی نەهری، كۆنگرەیەكیان بەستو دروشمی ئازادكردنی كوردانی ئێرانو توركیایان بەرزكردەوەو بانگەشەیان كرد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێكی كوردیی، لە ژێر سەرپەرشتیی ڕەسمی توركیادا.[١]

ـ لەساڵی ١٩١١ دا كۆمەڵەی (هێڤی) لە توركیا لە لایەن فەقێو قوتابییانەوە دامەزرا.

ـ لە ساڵی ١٩١٢ دا یەكەم ڕێكخراوی ڕۆژهەڵاتی كوردستان، لەشاری (خوی)، بەناوی (كۆمەڵەی جهاندانی) دامەزرا.

ـ لە ساڵی ١٩١٩ دا یەكەم ڕێكخراوی ژنان، بەناوی (كۆمەڵەی تەعالی ژنان) لە ئەستەمبوڵ دامەزرا.

ـ پاش ڕێكخراوی (تەعاونو تەرەققی كورد)و دوای جەنگی جیهانی یەكەم (كۆمەڵەی سەربەخۆیی كورد) لە قاهیرە دامەزرا.

ـ پاش جەنگی جیهانی یەكەم، (ئیتتیحادی محەممەدی) لە لایەن باوكو مامی قازی محەممەدەوە (أبو الحسن سیف القضاة) دامەزرا،[٢] كە ڕێكخراوێكی ئیسلامیی بوو.

ـ لە شاری سلێمانی لە ١٩٢٢دا ڕێكخراوێك بەناوی (كۆمەڵەی كوردستان) بە سەرۆكایەتی مستەفا عزیز یامولكی ڕاگەیەنرا.

---

[١] القضية الكردية في العشرينات، د.عزيز الحاج، ص: ١١.

[٢] قاضی محمد كردستان، حميد رضا جلايي پور، ص: ٦٥.

ـ له ١٩٢٩ (حزبی ئازادیخوازی کوردستان) به سەرۆکایەتی عەزیز زەندی، له شاری مەهاباد بەنهێنی دامەزرا، تا پەیدابوونی (ژ.ك) بەردەوام بوو.

ـ له ساڵی ١٩٢٧ کۆمەڵەی (خۆیی بوون) له شاری (حەسەکە)ی ڕۆژئاوای کوردستان، دامەزرا.

ـ له نێوان ساڵانی (١٩٢٧ – ١٩٣٠) چەند مەلایەکی مەهاباد –وەك قازی محەممەدو مەلا ئەحمەدی فەوزی (بە ئەسڵ سلێمانەییە)و مەلا محەممەد صادقی قزڵجەیی‌و شێخ ئەحمەدی سەربڵاوەو قازی کاکە حەمەی بۆکان– کۆمەڵێکی بچوکی سیاسییان دروستکرد، کە لەگەڵ ڕاپەڕینی (ئەرارات)و ڕێکخراوی (خۆیی بوون) پەیوەندییان هەبوو.[1]

ـ له ساڵی ١٩٣٤دا (حزبی ئیسلامیی کورد) –دواتر بووە (برایەتی)– لە کوردستانی عێراق دامەزرا.

بەمجۆرە زنجیرەی هەوڵە چاکسازییەکان بۆ واقعی سیاسی کوردو خەباتی ڕوناکبیرانی کورد، بە مەرجەعیەتی ئیسلامیی، پێکەوەگرێدراوەو ناتوانین ساڵێکی دیاریکراو بڕیار بدەین بۆ لەدایکبونی هیچ کام لە بزووتنەوە سیاسییە سەرەتاکان، یان شۆڕش‌و ڕاپەڕینەکان، ڕاستە هەرکامیان بگری ڕۆژو بۆنەیەکی مێژوویی بۆ خۆی هەیە. بەڵام بۆ تێگەیشتن لە سەرەتاکانی گەڵاڵەبوونی بیرۆکەکان‌و چڕبوونەوەی هەوڵەکان، پێویستە ئەو گەردنبەندەی ئاڵاوە بە گەردنی خەباتی نەتەوەی

---

[1] جمهوریەتی کوردستان، مەحمودی مەلا عیززەت، لا: ٢٠٠.

کوردەوە –هەر لە سەرەتاوە تا ئەوکاتەی قسە لەسەر بابەتێك دەکرێت– بخرێتە ڕوو، تا پێشینەکان بناسرێن‌و زەمینەکەش دەرکەوێت‌و فاکتەرەکان ڕوون ببنەوە، لێرەشەوە ئەو دەست‌و دەمە ناحەزان بکوترێنەوە کە دەیانەوێت مێژووی ئەم میللەتە کۆڵنەدەرە بشێوێنن.

من پێموایە ئەگەر بەو میتۆدە مێژووییە، قسە لە دامەزراندنی ڕێکخراوە سیاسییەکان بکەین، چاکتر لە باکگراون‌و هۆکارەکان تێدەگەین‌و گومانی ئەو ناحەزانەش پووچەڵ دەکەینەوە، کە تاوێك بەشێك لەو بزوتنەوانە بە دروستکراوی نازییەکان لەئەڵمانیاو تاوێکی تر بەپیاوانی سۆڤیەت‌و کۆمۆنیزم‌و جارێکی تر بە دەستچنراوی ئینگلیز، لە قەڵەمیان دەدەن، وەك پێشتریش تۆمەتی کرێگرتەیی بۆ عوسمانییەکان یان سەفەوی‌و فارس‌و ڕەزاشاییەکان، لە بەشێك لە سەرکردەو ڕابەران دەدرا، وەك ئەوەی لە کۆندا بۆ مەلای خەتی‌و مەلا ئیدریسی بتلیسی‌و لە هاوچەرخیشدا بۆ حوزنی موکریانی‌و ڕەفیق حیلمی‌و تەنانەت زەبیحی‌و عەزیز زەندی‌و کەسانی تر هەڵدەبەسترا.

## (ژ.ك)و فۆرمی نوێی خەبات:

لێرەوە دێینەوە سەر باسی دامەزراندنی (ژ.ك)و دەڵێم: (ژ.ك) بەدڵنیایی درێژەپێدەری ئەو هەستە ئاینییو نیشتمانییو نەتەوەییە پێکداشێلراوە بوو، کە دەیان ساڵ بەر لەو مێژووەی خۆیان (١٩٤٢) لە چەندین ڕێگاو ڕوانگەی جۆراوجۆری ترەوە، گوزارشتی لێدەکرا، بەڵام بەهۆی ڕووداوو کاردانەوەکانی شەڕی جیهانیی یەکەمو گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ناوخۆی ئێرانو دەوروبەرو پەلامارەکانی ئینگلیزو سۆڤیەت بۆ ناوخۆی ئێران، ئەو هەستە فۆرمەلە بوو لە قاڵبی شێوازێکی زیاتر سەردەمیانەدا، کە ڕێکخراوێکی هەرەمییو جومگەییو خاوەن ئۆرگان بوو.

بەپێی ئەو زنجیربەندییەی بۆ جوڵانەوەو ڕێکخراوە کوردییەکان کردمان، پێدەچێت (ژ.ك)میراتگری دوا ڕێکخراوی سیاسی بێت کە (حزبی ئازادیخوازی کوردستان)ە، ئەو حزبەی کە ساڵی ١٩٣٧ دامەزراو تا کۆتایی ١٩٤١ تەمەنی کرد.

گۆڤاری (ڕۆژی نوێ) لە ساڵی ١٩٦١دا نوسیویەتی: "کە لەشکری ئینگلیز هاتنە (سنە)وە، لەشکری (ڕووس)یش هاتنە مەهابادەوە، (حزبی ئازادیخوازی کوردستان) بڕیاری دا کە بەرنامەی خۆی بگۆڕێو ناوی خۆیشی گۆڕی بە (ژ،ك). (حزبی ئازادیخوازی کوردستان) حزبێکی نهێنی

بوو، به سه‌رۆکایه‌تی دکتۆر عه‌زیز زه‌ندی له ده‌وروبه‌ری ساڵی ١٩٣٩[١] له ناوچه‌ی موکریان دامه‌زرێنرا، تا مانگی ئابی ١٩٤١-کاتی هاتنی له‌شکری سۆڤیه‌ت بۆ ئازربایجان- هه‌رمایه‌وه، پاشان له ئۆگست (ئاب)ی ١٩٤٢ (ژ.ك) یان له جێی دانا.[٢]

پێشتر ئاماژه‌مان کرد که هه‌ندێك زانیاریی وا ده‌رده‌خه‌ن سه‌ره‌تا (ژێ.کاف) له شاری سلێمانی دامه‌زرابیٚ‌و دواتر ساڵی ١٩٤٠ له ڕێی (مه‌لا ئه‌حمه‌دی فه‌وزی) یه‌وه گوێزرابێته‌وه بۆ شاری مه‌هاباد. به‌ده‌ر له‌وه‌ی ئه‌م زانیارییه دروست بیٚ یان نا -چونکه تا ڕاده‌یه‌ك جێی مشتو مڕه- به‌ڵام ئه‌وه‌نده‌ی جێی مشتو مڕ نیه که یه‌کێك له کاره‌کته‌ره سه‌ره‌کییه‌کان له دامه‌زراندنی (ژیٚ. کاف)دا له مه‌هاباد، هه‌مان مه‌لا ئه‌حمه‌دی فه‌وزی بووه، که له سلێمانییه‌وه چۆته مه‌هابادو له‌ویٚ ده‌رسخانه‌یه‌کی داناوه‌و ده‌ستی کردووه به کۆکردنه‌وه‌ی ژماره‌یه‌ك لاوو وانه‌ی ئاینیی‌و نه‌ته‌وه‌یی فێرکردوون، سه‌ره‌نجام هه‌ر له‌و فه‌قیٚ‌و قوتابییه لاوانه، شانه سه‌ره‌تاییه‌کانی (ژیٚ. کاف) پێك ده‌هێنێت.

ئیحسانی هوشمه‌ند له‌م باره‌یه‌وه ده‌ڵێت: "له‌م ئه‌نجومه‌نی ده‌رسانه‌ی مه‌لا ئه‌حمه‌دی فه‌وزی یه‌وه، بۆ یه‌که‌م جار حدودی ١٦ که‌سی مه‌هابادیی

---

[١] ڕاستتر ئه‌وه‌یه که (حزبی ئازادیخوازی کوردستان) له ١٩٣٧ یان ١٩٣٨ دامه‌زراوه.

[٢] گۆڤاری ڕۆژی نویٚ، ژماره: ١٠، له ١٩٦١/١/١، بڕوانه: پێشه‌کی گۆڤاری نیشتمان، جه‌مال نه‌به‌ز، لا: ٣-٠٣١

له باخێك كۆدەبنەوەو دوو نوێنەری (حزبی هیوا) له عیراقەوە ئامادە دەبن، (میرحاج ئەحمەد)ی ئەفسەری سوپای عیراقیی، یەکێکیان دەبێ. لەوێ کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ك) پێك دەهێنن.. میرحاج پێشنیارو ڕێکاری تایبەت بە حزبی تازە ڕاگەیەنراو، دەخاتە ڕوو. ئەو پێداگریی دەکا کە سوێندخواردن ببێتە مەرجی ئەندامێتیی، بۆ ڕێکخستنی ئەرکەکانی ئەندامانی حزب." [1]

بۆیە دامەزرێنەرانی (ژ.ك) دانیان بەوەدا ناوە کە ئەوان پێش مێژووی ١٩٤٢ هەبوون‌و ئەو ساڵەیان بە مێژووی دامەزراندن قبوڵ نەبووە. بەڵگەیەکی زۆر ڕوون بۆ ئەم بابەتە ڕاپۆرتێکی دەستەی ناوەندی (ژ.ك)ە کە بۆ (مۆلۆتۆف)ی وەزیری ئەوکاتەی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەتیان ناردووە، لە ڕاپۆرتەکەدا کە لە ٢٨ دیسمبری ١٩٤٤دا نوسیویانە، وتویانە: حزبی ئێمە لە ١٩٣٨ دامەزراوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ دامەزراندنی (حزبی ئازادیخوازی کوردستان).[2] بۆیە (ڕەحیمی قازی)ش پێی وایە کە"کۆمەڵەی (ژ.ك) لە مانگی ژوئینی ١٩٣٨ لە مەهاباد دامەزراوە."[3]

---

[1] گۆڤاری (چشم أنداز إیران)، ژمارەی فروردین، ١٣٨٢ھ، نیسانی ٢٠٠٣.

[2] بڕوانە: کۆماری کوردستان، حامد گەوهەریی، هەولێر، ٢٠١١، لا: ٢٦.

[3] دەستنووسێکی ڕەحیمی قازی، لا: ٧٢. بڕوانە: وتاری (بۆچوونێك سەبارەت بە تاریخی دامەزرانی کۆمەڵەی ژیانی کورد) لە گۆڤاری گزنگ، ژ: ١٧، ١٩٧٧.

بەهەرحاڵ، گرنگ ئەوەیە کە (ژ.ك) فۆرمێکی نوێی گونجاو لەگەڵ کەش‌و هەوا سیاسییەکەو سازگار لەگەڵ کۆمەڵگەی زۆرینە موسڵمانی کوردستانیان، هەڵبژارد، فورمێك کە هەستی دینی‌و میللی ئامێتەبووی نەتەوەکە ڕێز لیٚ بگرێت‌و مۆرکی خۆماڵیی پێوەبێت‌و وەك (حزبی تودە)، یان (فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان) نەبێتە پاشکۆی وڵاتان، یان حزبانی تر، بەتایبەت گروپە نازییەکان، یان چەپەکانی سەر بە یەکێتی سۆڤیەت. بۆیە هەر لەسەر ڕەویەی پێشینانی دڵسۆزیان، بەڵام ئەمجارە بە شێوازێکی مۆدێرن، دوور لە دەمارگیریی عەشیرەتبازیی‌و هەستی ناوچەگەریی، ڕێکخراوی (ژ.ك)یان دامەزراند.

**بۆچوونی (تۆماس بوا) و (ئارچی روزفلت):**

بۆ ئەوەی ڕای بیانییەکانیش بزانین، گرنگە لە تێڕوانینیان بۆ کەش‌و هەوای سەرهەڵدانی، ورد ببینەوە، (تۆماس بوا)ی قەشەی فەڕەنسی‌و شارەزا بە مێژووی کورد، لە کتێبە بەنرخەکەیدا (مێژووی کوردان) دەڵێت: "لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا، ڕووسەکان سەرووی وڵاتی فارسیان گرت‌و ئینگلیزەکانیش خواروی. لە نێوان ئەم دووانەدا، کوردستان لەبیر برایەوە، واتە نە نیشتمان، نە زەوییەك نەبوو —نەزۆر، نە کەم— کە ئازادیی تێدابیٚ‌و ژیان تێیدا گونجاو بیٚ. بەڵام سەرەڕای ئەو هەل‌و مەرجە، دوور لە گوشاری حکومەتی تاران، کوردەکان هەلیان قۆستەوەو حزبێکی سیاسییان بەناوی کۆمەڵەی (ژ.ك) دامەزراند، زۆر موحافیزکار نیە، بەڵام

نیشتمانییەو یەکێ لە کوردەکان کە لە خێزانێکی ئایینداری ناوداری مەهابادەو پێی دەڵێن قازی محەممەد، بۆتە سەرۆکی." [1] ئەمە ڕای کەسێکی بیانییە، کە هیچ باکگراونێکی ئایینیی، یان نەتەوەیی نیەو بە پشتبەستن بە بەڵگەنامەکان ئەو وێنایەی کێشاوە.

(ئارچی روزفلت)ی ئەمریکیش –کە خۆی شایەتحاڵی ڕووداوەکانەو لە سەردەمی کۆماردا چۆتە شاری مەهاباد– دەڵێت: "سەرانی سۆڤیەت ڕێکخراوی دیموکراتیکی کۆمەڵەیان لەلا پەسەند نەبوو، دەمێکبوو چاویان بۆ کەسێك دەگێڕا کە بیروبۆچونی لەگەڵ ئەوان سازگار بێ.[2] بەڵاَم وا دیارە ئاواتیان نەهاتۆتە دی، چونکە نە لقی حزبی شیوعی ئێران، ناسراو بە (تودە)، هاتە مەهاباد، نە (ژێ، کاف) یش بەدڵی ئەوانیان کرد.

(ئەمیر حەسەن پور)یش سەرەڕای بیرکردنەوەی وەك چەپێك، دەڵێت: "کۆمەڵە، ڕێکخراوەیەکی نهێنی بوو، ڕێبازە سیاسییەکەی تێکدانی ئەو سنوورانە بوو کە کوردستانیان لەتو کوت کردبوو، یەکگرتووکردنی نەتەوەی کورد بوو... ڕێبازی ڕێکخراوی کۆمەڵە: نهێنیگەریی‌و هاوکاریی‌و یەکگرتن بوو... ڕاستو پاکبوون‌و خۆبەختکردن لەڕێگەی نیشتمان بوو. کۆمەڵە وەك

---

[1] تاريخ الأكراد، تۆماس بوا، وەرگێرانی بۆ عەرەبی: محەممەد تيسير ميرخان، دار الفكر المعاصر، بيروت، ٢٠٠١، لا: ٢٠٢.

[2] كردها وكردستان، درك كينان، (فارسی)، ص: ١٨١.

ڕەمزی تێکوشانو نەبەزینو ڕاستیو پاکیی، ڕەنگی دایەوەو دوژمن لێی تۆقی بوو، کورد پێی شاد بوو.."[1]

دیارە ئەمیری حەسەن پوور بە حوکمی بیرکردنەوە چەپگەراییەکەی خۆی لادەدا لە هەموو ئاماژەیەك بە ئیسلامیبوونی کەسانی ئەو ڕێکخراوە، لە کاتێکدا گۆڤاری (نیشتمان)یشی دیوەو پێڕەوو پرۆگرامی (ژێ.کاف)یشی خوێندۆتەوە، کە لە ماددەیەکیدا (ئیسلامەتی) کردۆتە پایەیەکی سەرەکیی ڕێکخراوەکە.

**سەرەتای سەرهەڵدانی (کۆمۆنیستی) لە کوردستان:**

لە ناوەندە ڕوناکبیریەکاندا، هەندێکجار مشتومڕ لەسەر بەرپابوونی بیری کۆمۆنیستی لە کوردستاندا –بەتایبەتی بەشەکەی عێراقو ئێران– دەکرێ، لەبەرئەوەی لە گۆڤاری (نیشتمان)دا وێنەی (لینین) بڵاوکراوەتەوەو هەندێك لە کارەکانی نرخێنراون، وا دانراوە کە یەکەم پەیوەندیی نێوان کوردو شیوعیەت لەوێوە سەرهەڵدەدا، کە ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەو بۆچونە هەڵەیە، لێرەدا ڕای (جەمال نەبەز) دێنم کە دەڵێت:"لە توێژینەوەیەکدا کە ساڵی ١٩٨٨ بە زمانی کوردیی لەسەر ڕۆژنامەی کوردیی کۆمۆنیستی (یەکێتی تێکۆشین)، زمانحاڵی شیوعی عێراقی، کۆمەڵەی یەکێتی تێکۆشین لەوکاتەدا، بڵاوم کردەوە، سەلماندوومە بەجۆرێ بوار بۆ هیچ گومانێ نەماوەتەوە، کە مێژووی

---

[1] ژیانو بەسەرهاتی عبد الرحمن زەبیحی، عەلی کەریمی، چاپی ٢، سلێمانی، ٢٠٠٥، لا: ٢١.

دزەکردنی بیروبۆچونی کۆمۆنیستی –یا چاکتر بڵێین: بیری سۆڤیەتی– بۆ کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم، نەك ساڵی ١٩٤٣، (مەبەستی ئەوەیە پەیوەندیی بە دروستبونی (ژ.ك)ەوە نیە). ئەو دزەکردنەش لەڕێی عەرەبەکانی (حزبی شیوعی عێراقی)و حزبی کۆمۆنیستی فارسی (تودە)وە بوو، نەك لە ڕێی سۆڤیەتەوە، یان لەڕێی (ژ.ك)ەوە."

پاش ئەم ڕاستکردنەوە مێژووییە، سەبارەت بە ڕێکخراوی (ژ.ك)یش دەڵێت:"ڕاستییەکی چەسپاو هەیە دەبێ بگوترێ، کە حزبی (ژ.ك) هەرگیز تەپڵو زوڕنای بۆ (مارکسی–لینینی) لێ نەداوە."[١]

پاشان جەمال نەبەز بەڵگە بە گۆڤاری (نیشتمان)ی ئۆرگانی فەرمی (ژ.ك) دێنێتەوە، کە چۆن بە وشەی (الله) ڕازێنرابوویەوەو (بسم الله)و ئایەتی لەسەر بەرگی هەر ژمارەیەکی دادەناو تەنانەت لە ڕۆژژمێرەکەشیاندا ڕۆژژمێری کۆچییان لەگەڵ کوردیی و زاینیی بەکار دەهێنا.

سەبارەت بەمێژووی سەرهەڵدانی کۆمۆنیستی لە کوردستانو ڕەتدانەوەی ئەو گومانەی کە وا دەردەخات لەڕێی (ژ.ك)ەوە هەوای شیوعیەت لە کوردستان هەڵیکردبێت، هەروەها بۆ پشتڕاستکردنەوەی بۆچونەکەی جەمال نەبەز، لە بەڵگەنامەیەکی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا بینیم کە دەڵێت: "کۆمۆنیستەکانی بەغدا وا دیارە نفوزێکی زۆریان لە هەردوولا کردبێت، (پێش دێڕێك باس لە حزبی دیموکراتی کوردستانو حزبی ڕزگاری نەتەوەیی دەکات) لەبەرئەوەی تەنانەت لە

---

[١] المستضعفون الکرد، جمال نەبەز، لندن، ١٩٩٧، ص: ١٤٦– ١٤٧.

مێشکی ئەندامەندا جیاوازییەك لەنێوان ئامانجە سەرەکییەکانی خۆیان‌و ئامانجە دیاریکراوەکانی کۆمۆنیزمی، ئاشکرا نیە."[1]

مامۆستا (هەژار موکریانی) کە بۆ خۆی لە ئەندامە چالاکەکانی (ژ.ك) بووە، بەڕوونی‌و ڕاشکاوانە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە یەکێتی سۆڤیەت ئاگای لە دروستبوونی کۆمەڵەی (ژ،ك) نەبووە.[2] لەوەش زیاتر باس لە نیگەرانی قازی محەممەد لە سۆڤیەت دەکات‌و تەنانەت باس لەوەش دەکات کە قسەشیان پێدەڵێت.[3] بۆیە زۆربەی توێژەران دەڵێن: "کۆمەڵەی (ژ.ك) پەیوەندیی‌و نزیکایەتی بەهیچ کام لە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە نەبووەو هەموو داگیرکارانی کوردستان بە چاوێك تەماشایان کردووە، ویستویەتی دەوڵەتی گەورەی کوردستان دامەزرێنێ."

سەید محەممەدی صەمەدی کە یەکێکە لەوانەی مێژووی مەهابادیان نووسیوەتەوە،[4] سەرەتاکان‌و هەل‌و مەرجی دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە

---

[1] ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، ئەنوەر سوڵتان، لا: ٣٨١.

[2] بڕوانە: چێشتی مجێور، هەژار، لا: ٦٥- ٧٣.

[3] کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، حامد گەوهەریی، لا: ٦٤.

[4] محەممەدی صەمەدی: نوسەرێکی بەتوانای موکریانییە، نوسەری کتێبی (مێژووی مەهاباد) کە بە فارسی نوسیویەتی‌و دە ساڵ- لە ١٩٨٥-١٩٩٤- خەریکی بووەو ٥٦٣ لاپەڕەی لەخۆگرتووەو زانیاریی زۆر بەکەڵکی کۆکردۆتەوە لەسەر موکریان‌و مەهاباد بەتایبەتی‌و (ژ.ك)و کۆماری کوردستان‌و ڕووداوە مێژووییەکانی ناوچەکە. جگە لەوە چاوی بەچەند کەسایەتی نێزیکی کۆمارو دامەزرێنەرانی (ژ.ك) کەوتووە، وەك:

بەمجۆرە باس دەکات: "پاش شەهریوەری ١٣٢٠ی هەتاوی، بۆ پێکهێنانی لقی حزبی (هیوا) لە مەهاباد چەند کەسێ هاتنە ئەم شارە، ژمارەیەك لە فەرمانبەرانی خوێندەوار بانگێشت کرانو داوایان لێکرا کە حزبێك پێکبێننو بکرێتە لقێکی (حزبی هیوا). ئەم پێشنیارە پەسەندنەکراو کەس ئامادە نەبوو هاوکاریی حزبێك بکا کە پەیوەندی بە دەرەوە هەبێ! پاش ئەم باسو ئاڵوگۆڕی بیروڕایە بوو کە کۆمەڵەی (ژ.ك) -کە کۆمەڵەیەکی بەتەواوی مەزهەبی- میللی (ئیسلامی-نەتەوەی) بوو- دامەزرا، پەیوەندیشی بەهیچ لایەکەوە نەبوو، جگە لە خەڵکی کورد."[١]

وا بزانم ئەوەندە لە بەڵگەو لێدوانی شایەتحاڵو قسەی شارەزایان بە مێژووی سەرهەڵدانی (ژ.ك) بەس بێت، بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە کە ئەو ڕێکخراوە ڕێکخراوێکی تەواو خۆماڵیی‌و کوردستانیی بوو، ئەرکی ئیسلامیی بۆ دژایەتی ستەمێك کە لە کورد کراوەو هەستی پاکی نەتەوەیی، جولاندوونی‌و خستوونیەتە بیری ئەو خەباتە سیاسییە کەموێنەیە. هیچ دەستێوەردانێکیش کە کاریگەریی بەجێبێڵێت لەسەر ڕەوتو بیرکردنەوەی ڕێکخراوەکە، بەدی ناکرێت، سەرەڕای ئەوە کە پاراستنی تایبەتمەندیی خۆیانو لەدەستنەدانی ڕەسەنایەتی بیرو خەباتیان،

---

مەلا قادری (مودەرریس)و کەسانی ترو لە ئەرشیفی شەخصییان زانیاریی دروستی وەرگرتووە. (بڕوانە: تاریخ مهاباد، محمد صمدی، مهاباد، ١٣٧٣ هـ.ش).

[١] تاریخ مهاباد، سید محەممەد حمدی، ص: ١٠٨.

**هەوڵیشیان داوە کە لەگەڵ دەوروبەرداو بۆ دەستخستنی دەسکەوت بۆ میللەتەکەیان بیروڕا بگۆڕنەوەو هەندێك هەنگاوی نەوعیی بنێن.**

زانست

**بێسەروبەری هەندێك لە ڕاپۆرتە بیانییەکان:**

واپێ دەچێت هەندێك لە نووسەران لەسەر مەیلی کۆمۆنیستی(ژ.ك)بەو قسەیەی (کۆلۆنێل ئیلفینستۆن) بەڵگەیان هێنابێتەوە، کە لە راپۆرتێکدا ساڵی ١٩٤٧ لەسەر پرسی کورد نووسیویەتی‌و ناردویەتی بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیاو ئێستا لە ئەرشیفی بەریتانیادا ماوە..

ناوبراو لە باسێکی (ژێ.کاف)دا چەند زانیارییەکی بێسەروبەر باس دەکاتو دەڵێت: "(ژیانا کورد) کە ڕێکخراوێکی نەتەوەیی کوردییەو هەستی کۆمۆنیزمیی هەبوو، لە کوردستانی ڕوسیا کەوتە چالاکی."[1]

لەم دوو دێڕەدا چەندین هەڵەو پێکدا پژاندن هەیە:

یەکەم: ڕاستە لەسەر ناوی (ژ.ك)چەند قسەیی هەیە، کە ئایا کورتکراوەی (ژیانەوەی کورد)ە، یان (ژیانەوەی کوردستان)، یان (ژیاندنەوەی کورد)، یان (ژیاندنەوەی کوردستان)، بەڵام کەس نەیگوتووە (ژیانا کورد)بە شێوەزاری کرمانجی سەروو، کە سۆرانییەکەی دەکاتە (ژیانی کورد)و کەس بەکاری نەهێناوە.

دووەم: مەڵبەندی سەرەکی چالاکی ڕێکخراوەکە، ناوچەی موکریان‌و وردتر بڵێین مەهابادو دەوروبەری بووە، بۆیە ناوی بادینی بۆ بەکارنەبراوە.

---

[1] دەقی ئەم ڕاپۆرتە لە لا: ٢٢٠-٢٣٥ی (کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیا) ی د. کەمال مەزهەردا بڵاوکراوەتەوە.

سێیەم: ڕاپۆرتەکە باس لە کوردستانی ڕوسیا دەکات، کە هیچ بەڵگەنامەیەکمان لەدەستا نیە قەڵەمڕەوی چالاکی (ژ.ك) گەیشتبێتە ئەو بەشەی کوردستان، کە حەتمەن مەبەستی ناوچە کوردنشینەکەی (ئەرمینیایە).. کەواتە یان دەبێت باسی ڕێکخراوێکی تر بکات، کە لەوێ چالاك بووە– کە شتی واش نەبیستراوەو نەگوتراوە– یان قسەکەی بێ بنەمایە. دووریش نیە کە ئینگلیزەکان بە عەمدی ویستبێتیان ڕووی (ژ.ك) ناشیرین بکەن، بەو ئیعتبارەی بەرپرسانی کورد ملیان بۆ سیاسەتی سیخوڕەکانی ئەوکاتەی ئینگلیز کەچ نەکردووەو بەحوکمی ئاکامی جەنگی جیهانیی دووەم، ناوچەی کوردستانی ئێران کەوتە ژێر ڕکێفی هێرشو سوپای سۆڤیەت، واتە بەرەی مونافیسی ئینگلیزو بەریتانیا.

ماوەتەوە سەبارەت بەو ڕاپۆرتە ئەوە بڵێم: کە بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچونەی بەندە، بەڕێز دکتۆر کەمال مەزهەر کە ئەرکی کۆکردنەوەی ئەو بەڵگەنامانەی لە ئەستۆ گرتووە، دەربارەی ڕاپۆرتەکە دەڵێت: "ژمارەیەك هەڵەی ئاسایی، وەك هەڵەی ناوو شوێنو ساڵ کەوتوونەتە ناو ئەو ڕاپۆرتەوە."[١] بەڵام لەڕاستیدا گۆڕین، یان هەڵەکردن لە باسی (ناو)و (شوێن)و (ساڵ)دا پێی ناگوترێ هەڵەی ئاسایی، چونکە ئەوانە توخمی سەرەکی پێکهێنەری هەر سەربوردێکی مێژوویین. ڕەنگە تاکە سەرچاوەی پاش ئەو نووسینە، بۆ ئەم تۆمەتە مێژوییە، هەرئەو سەرچاوەیە بێت کە

[١] کوردو کوردستان...کەمال مەزهەر، لا: ٣٢٠.

له بەردەم واقعی ئەو کاتەو بەڵگەنامە مێژووییەکانو هەڵوێستو لێدوانی بەرپرسانی ئەوکاتەی (ژ.ك) بۆ ساتێك خۆی بۆ ڕاناگیرێت.

بۆیە دێمە سەر بەڵگەنامەکان.

له ژیانو بەسەرهاتی (عبد الرحمن زەبیحی) سکرتێری یەکەمی (ژ.ك)دا هاتووە کە: "زۆربەی ئەو شتانەی کە لەسەر کۆمەڵە –واتە (ژ.ك)– نوسراون، لە پێشدا بەدەستی نووسەرانی بێگانە نوسراوەو لە زمانی ئەوانەوە کراوەتە کوردیو ئەوانیش بەوردی لە هەموو شتێك حاڵی نەبوون، یان لەسەر قسەی ئەم و ئەو کە هاتوون بۆ ناوچەکەو پاش چەندساڵ تێپەڕین لەواقیعەکان شتیان نوسیوە."[1]

ئەمە دەیسەلمێنێت کە تەنها بەڵگەنامەو دیکۆمێنتی نوسراو، دەبنە ماڵ بەسەر (ژ.ك)وە نەك قسەی ئەموئەو، بەتایبەتی ئەم و ئەوانێك کە یان لە دوور ڕا قسەی بێ بەڵگەیان فڕێ داوە، یان بە مەرامێکی پێشوەخت وێنای ڕووداوەکانیان گرتووە. چی هەیە باشتر بێت لە لێدوانی خودی هاوکارانی (ژ.ك)؟ لەگەڵ دەقی نوسراوەکانی خۆیان، بەتایبەتی پێڕەوو پرۆگرامی خۆیانو لێدوانی بەرپرسیارانیانو وتارەکانی گۆڤاری (نیشتمان)

[1] ژیانو بەسەرهاتی عبد الرحمن زەبیحی، عەلی کەریمی، لا: ٦٥. زەبیحی قسەی زۆری لەسەر کراوە، جەلال تاڵەبانی بە "تێکۆشەری کوردپەروەری شۆڕشگێڕو لەخۆبوردوو، دووربین، سەرڕاست، پیاوێکی چەپو مارکسی.." دەیناسێنێت. (سەرچاوەی سەرەوە، لا: ٣٢٥، ٢٦٦).

زمانحالّی خۆیانن؟ بۆیە من بۆ سەلماندنو وێناکردنو خوێندنەوە تایبەتییەکەی خۆم، پەنا دەبەمە بەر ئەو ڕێبازەو چەند بەڵگەیەك دێنمەوە، دواتر هەندێك لە قسەی شایەتحالاّنو لێدوانی هاوچەرخانی ڕوداوەکان، دەخەمە ڕوو.

حاڵەتێکی تریش هەیە کە شاردنەوەی زانیارییە دروستو گرنگەکانەو لە لایەن کەسانێکەوە لەو بیانییانە کە شایەتحالّی ڕوداوەکان بوون ئەنجام دواوە. یەکێ لەوانە (ولیەم ئیگلتون)ە نوسەری کتێبی (کۆماری ١٩٤٦ی کوردستان)[1] کە ڕەخنەی زۆری لەسەرە، چونکە خۆی لە مەهاباد بووە، بەڵگەنامەی زۆری لابووە، بەڵام لە نوسراوەکەیدا داینەبەزاندوون، بەمەرجێك لە کاتی نووسینی یاداشتەکانیدا لەشاری مەهاباد بووە.[2]

ڕەنگە هۆکارێکی تری ئەو شێواندنەی مێژووی (ژێ.کاف)، پەیوەندیی بە دژایەتی حزبی کۆمۆنیستی ئێران (تودە)وە هەبێت بۆ ئەو حزبە، چونکە سالاّنێك بوو (تودە) دەیویست لە ناوچەی موکریان –بەتایبەتی لەناو شاری مەهابادا– لقی بکاتەوە، بەڵام لەبەر هۆشیاریی خەڵکەکەو ڕۆڵی زانایانو نامۆیی بیرو ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیستی بە گەلی کورد، زەمینە بۆ (تودە) فەراهەم نەدەبوو، وا دیارە لەگەڵ سەرهەڵدانی (ژ.ك)تەماع دروست بووبێت بۆیان کە لە ڕێی هەندێك لە ئەندامەکانیەوە

---

[1] ئیگلتون، کونسوڵی ئەمریکا بووە لە شاری تەوێز، ساڵی ١٩٦١ چۆتە مەهاباد.

[2] تاریخ مهاباد، سید محمد صمدی، ص: ١٥١.

دزە بکەنە حزبەکەوە، بەلاّم وریایی قازی محەممەدو زۆربەی بەرپرسانی (ژ.ك) بووەتە ڕێگر لەبەردەم ئەم ئاواتەی حزبی (تودە)دا.

عبد الستار تاير شريف کە مێژووی کۆمەڵەو ڕێخکراوە کوردییەکانی نوسیوەتەوە، لە زاری دکتۆر عەزیز شەمزینی لێکۆڵینەوەیەك دەنوسێت، کە ئاماژەیە بە ناکۆکی (تودە)و (ژێ.کاف)، بەڵام لێی ورد بیتەوە شتی تری لێ دەخوێنیتەوە. شەمزینی دەڵێت: "بەشێ لە مادەو بەندەکانی پرۆگرامی حزبی (ژێ. کاف) هاوشێوەی هەندێ لە مادەو بەندەکانی حزبی (تودە)یە."[1] دیارە ئەمە سەرلەبەری ناڕاستەو هیچ خاڵێکی ئەو دوو حیزبە لە یەکناچێ مەگەر بابەتی شکڵی. هەروەها شەمزینی بەبێ هیچ بەڵگەیەك دەڵێت: "قازی محەممەد چەندجارێ هەوڵی دا بچێتە ناو (ژێ.کاف)... نیازی بوو خۆی ببێتە سەرکردەو دەسەلاّتی ڕەسمی خۆی وەك قازی مەهابادو پێگەی کۆمەلاّیەتی خۆی وەك (پیاوێکی ئاینی) بەکار بێنێ.. بەلاّم بەکۆی دەنگ داواکەی قازییان ڕەت کردەوە."[2]دواتر دەڵێت: "پاش سەردانی قازی بۆ تاران... لەناکاو سیاسەتی بێلایەنیی گۆڕاو بووە پشتیوانی دیموکراتیو نزیك کەوتنەوە لە (ژێ.کاف)و کەسایەتییەکانی سۆڤیەت،(!) بۆیە لیژنەی مەرکەزیی ئەندامێتییان قبوڵ کرد."[3]

---

[1] الجمعيات والمنظمات والأحزاب الكردية، د، عبد الستار طاهر شريف، ص: ٣٢٧.

[2] هەمان سەرچاوە، لا: ٣٢٨.

[3] هەمان سەرچاوە، لا: ٣٢٨.

به تێفکرین لەم قسە بێ بەڵگانە تێ دەگەین کە دەیەوێت بڵێت: (ژ.ك) مەیلی کۆمۆنیستیو سۆڤیەتیان هەبووە، حەزیان لە قازی نەبووە، لە پێگەی ئاینییو نفوزی قازی ترساون، بۆیە وەریان نەگرتووە. بەڵگەم لەسەر ئەم بۆچونە ئەوەیە کە دواتر دەڵێت: "قازی کە لە (ژێ. کاف) وەرگیرا، دەسەڵاتی بەسەر حزبدا گرت، هەموو کاروبارەکانی خستە ژێرچنگی خۆی، سکرتێری حزب عبد الرحمن زەبیحیو سەرکردەکانی تری حزبی دوور خستەوەو کەسانێکی تری هێنا وەك: مەلا حسەینی مەجدیو محەممەد حسین خانو هەندێکی تر.. بۆیە پەیوەندیی نێوان قازی محەممەدو حزبی کۆمۆنیستی (تودە) زۆر تێکچوو."[١]

لە کۆتایی ئەم قسانەی (شەمزینی)دا ڕاستییەك دەگوێزمەوە بۆ خوێنەر، تا دڵنیا ببێت کە ئەم پیاوە قازی محەممەدی وەك خۆی نەناسیوە، یان دەیەوێت کەسێتی بشکێنێت. دەڵێت: "قازی محەممەد پیاوێکی ئاینی بوو، ڕوناکبیر بوو، لە ڕووی فیکری سیاسییەوە (دیموکراتێکی لیبڕاڵ بوو)، بەڵام هەمیشە هەوڵی دەدا هەم لایەنە دیموکراتەکان، هەم لایەنە کۆنەپەرستەکان –هەردولا پێکەوە لە یەککاتدا ڕازی بکاو هەڵنەشاخێ بەهیچ کامیاندا."[٢]

---

[١] هەمان سەرچاوە، لا: ٣٢٩.

[٢] الحركه القوميه التحرريه للشعب الكردى ، عزيز شمزينى، ص: ١٥٧.

وا بزانم لەم ڕستەیەوە لە باکگراون‌و سەرچاوەی پەرەگرافە پێشووەکانی (شەمزینی)ش تێدەگەین. بۆیە من لەبەر ڕۆشنایی ئەم چەند بەڵگەیەدا دەیسەلمێنم کە بە پێچەوانەوە حزبی (ژ.ك) حزبێکی ئیسلامی، نەتەوەیی، نیشتمانیی بووە، ئەجێنداکانی خۆماڵیی‌و کوردانە بوون، لە ڕەحەمی دایکی کوردستاندا، گەشەی کردووە، لەدایکبوی قۆناغی گەشەی بیری نەتەوەیی‌و هەستی دژایەتی پاشکۆیەتی بێگانەو بەرەنگاربونەوەی کۆیلایەتی بووە، بۆیە ئەندامانی لە هەموو چین‌و توێژەکان بوون.

لەڕووی خۆزگەو ئامانج‌و ئاواتیشەوە: لەبیری ئازادکردنی بەشەکانی کوردستان‌و یەکخستنەوەی کوردستانی گەورەدا بووە، هەنگاوی زۆر گەورەشی لەو بوارەدا ناوە.

لەڕووی بیری ئاینیشەوە: مەلاو خوێندەوارو ڕوناکبیرە میانەڕەوو خوێندەوارەکانی ئەو سەردەمە ڕابەرو پێشەنگانی بوون، کە زۆربەیان پەروەردەی حوجرەو مزگەوتەکانی کوردستان بوون، وەك (حامیدی گەوهەریی) دەڵێت: "(ژ.ك) لە مێشکی ئەو کەسانە هەڵقوڵیوە کە لە کۆڕی شەوانی ڕەمەزانی ساڵانی ١٩٣٦–١٩٣٧ بەشدارییان کردووەو بە سەرۆکایەتی عەزیزی زەندی[١] (کۆمەڵەی ئازادیخوازیی کوردستان)یان دامەزراندووە."[١]

---

[١] عەزیزی زەندی، باوکی خاتوو میدیای زەندی، بێژەری ڕادیۆ تاران‌و هاوسەری حەسەن زیرەکی گۆرانیبێژ بوو. ساڵی ١٩٣٨ لە دامەزرێنەرانی حزبی ئازادیخوازی

لەڕووی سیاسیشەوە: سەربەخۆو ئازادبوون، حیکمەتو داناییان هەبووە، توانیویانە لە گەمە سیاسییە نێوخۆییو ئیقلیمییەکاندا بەشدار بن، هەوڵیان داوە لە هاوکێشەکانی ئەوکاتەدا جێ پێی خۆیان بکەنەوە، ڕەنگە هەندێکجار لە هەوڵەکانیاندا سەرکەوتوو نەبووبن، بەڵام لەئاست قۆناغەکەی خۆیاندا بوون، ئەگەر لە چاو ڕەوتی سیاسیو نەتەوەیی نەتەوەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی ئەوکاتە (ناوەڕاستی دەیەی چلەکانو سییەکانی سەدەی ڕابردوو) لەپێشتر نەبووبن، لە دواترەوە نەبوون، بۆیە پێموایە زۆر ژیرانە یارییان بە کارتە سیاسییەکانی ئەوکاتە کردووە، زۆریش هەوڵیانداوە ڕەسەنایەتی خۆیانو نەتەوەکەیان بپارێزنو نەکەونە ژێرکاریگەریی زلهێزانی ئەوکاتەو گوێ لەمشتەکانیان لەناوخۆی ئێران.

بۆیە هەوڵی من لەم کتێبەدا سەلماندنی ئەو چەند ڕاستییەیە، کە لەو پەڕەگرافانەی سەرەوەدا باسم لێوەکردن. سەرەتا بەچەند بەڵگەیەك دەست پێدەکەم لەسەر باکگراونی ئیسلامیی ڕێکخراوەکە، لەڕێی گۆڤارەکەیو شێوازی کاری حزبەکەو بڕگەکانی پێڕەوی ناوخۆیو لێدووانی سەرکردەکانیو ڕۆڵی زانایان تیایداو نائومێدی (سۆڤیەت)

---

کوردستان بوو، ساڵی ١٩٧٢ کۆچی دوایی کرد، دژی پێوەندیی کۆمەڵەی (ژ.ك) لەگەڵ سۆڤیەتو سپاردنی کاری کوردستان بە سۆڤیەت بوو، بەو هۆیەوە لەگەڵ حزبی ئازادیخواز ناکۆك بوو، لەبەر ئەوە تۆمەتبار کرا بە لایەنگریی لە ئەڵمانیای نازی، واتە بەرەی دژەسوڤیەت، بۆیە نازناوی بە (عەزیزی ئەلمانی) دەرچوو، ناچار مەهابادی بەجێهێشتو چووە شاری تەبریزو لەوێ نیشتەجێ بوو. (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، حامدی گەوهەریی، لا: ٣٣–٣٤).

[1] سەرچاوەی سەرەوە، لا: ٣٠.

لێیانو.. هتد، پاشان چەند زانیارییەکی بەسوود دەخەمە ڕوو بۆ خوێنەران، کە لە ئاکامدا دەبێتە خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ ڕێکخراوی (ژ.ك)و خستنەڕووی چەند لاپەڕەیەکی گەشو پڕبایەخی.

زانست

زانست

# بەشی دووەم

## دامەزرانی كۆمەڵەی (ژ.ك)و

## نمونەیەك لە كادیرو ئەندامە چالاكەكانی

## دەربارەی ناوی تەواوی (ژ.ك):

سەبارەت بە ناوی تەواوی ڕێکخراوی کۆمەڵەی (ژ.ك)، مشت و مڕی زۆر هەیە، کە ئایا کورتکراوەی (ژیانی کورد)ە، یان (ژیانەوەی کورد)، یان (ژیاندنەوەی کورد)، یان (ژیاندنەوەی کوردستان)، یان (ژیانەوەی کوردستان). هۆکاری ئەم چەندقسەییەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆی سەرەکیی:

یەکەم: کۆمەڵەی (ژ.ك) لە کەش‌و هەوایەکی زۆر نهێنیدا دامەزرا، ئەندامانی سوێنددەدران کە نابێت هیچ نێهێنییەك بدرکێنن‌و نابێت ناوی ڕێکخراوەکە زۆر بەکار بێنن.

دووەم: کە دەرهاویشتەی خاڵی یەکەمە، لە تەواوی بەڵگەنامەو بڵاوکراوەکانی بەردەستدا، کە لە (ژ.ك)ەوە بۆمان بەجێماون، وەك گۆڤاری (نیشتمان)و هەندێك دیوان شیعرو هەندێك دیاریی –وەك ڕۆژمێری ساڵانە کە بڵاویان کردۆتەوە– تەنها دوو پیتی (ژ.ك)یان لەسەر داناوە، بۆیە لەو سنوورەدا کە ئەوکاتە پێی زانراوەو دواتریش بە کۆمەڵە، یان حزب، یان ڕێکخراوی (ژ.ك) ناوی دەرکردووەو ناوە تەواوەکەی بەکارنەهاتووە. بۆیە کەسێکی وەك دکتۆر قاسملۆ لە (کوردو کوردستان)ەکەیدا کۆمەڵەی (ژیانی کورد) بەکار دەبا، کەچی هەر خۆی لە (٤٠ ساڵ خەبات)دا کۆمەڵەی (ژیانەوەی کورد) بەکاردێنێ.[١] حامدی

[١] بۆ نمونە، بڕوانە: چل ساڵ خەبات، عبد الرحمن قاسملۆ، لا: ١٨.

گەوهەرییو گۆڤاری (ڕۆژی نوێ)ش لە ساڵی ١٩٦١دا هەمان ناوی (ژیانەوەی کورد)یان بەکارهێناوە.[١] (جەلیل گادانی)ش –کوڕی حاجی ئەحمەدی گادانی– یەکێك لە کەسایەتییەکانی سەردەمی کۆمارو ڕێبەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان– هەمان ناوی (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد)ی پێ دروستە، چونکە بە بۆچوونی ئەو، کوردستان– هەرچەند پارچە پارچە کراوە– بەڵام لەناونەچووەو ناچێت، بەڵام گەلی کورد کەوتۆتە بەر پەلاماری حکومەتە دیکتاتۆرەکان، بۆیە ئامانج ژیانەوەی کوردو ڕزگارکردنی بوو، پێیشی وایە ئەمە بۆچوونی مەلا عبد الله داوودیو مەلا قادری مودەرریسیو عەزیزی زەندییە،[٢] کە هەرسێکیان لە ڕابەرانی (ژ.ك)و کۆماری کوردستانن.

کەسانێکی تری وەك کەریمی حسامی لە (کۆماری کوردستان)،[٣] (ئارچی ڕۆزفلت) لە (کۆماری مەهاباد)،[٤] ناوی (کۆمەڵەی ژیاندنەوەی کورد)یان لا تەواوە. لەکاتێکدا ڕەحیمی قازیو عەزیزی شەمزینیو جەمال نەبەز

---

[١] گۆڤاری ڕۆژی نوێ، ژمارە ١٠، لە ١٩٦١/١/١ ز.

[٢] دیداری ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادیی) لەگەڵ جەلیل گادانی، ژمارە: ٨٣٦، لە ٢٠/١/ ٢٠١٠. هەروەها لە دیدارێکی تریدا لەگەڵ کەناڵی ئاسمانیی ڕووداو، لە ١٩/٢/ ٢٠١٦ ئەمەی دووپات کردەوە.

[٣] کۆماری کوردستان، کەریمی حسامی، لا: ٤٢.

[٤] کۆماری مەهاباد، ئارچی ڕۆزفلت، لا :٩.

(کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد)[1] بەکاردێنن. هەروەها عبد الستار تایر شەریفو مەحمودی مەلا عیززەت[2] بەپشتبەستن بە نووسینەکانی (لازاریف)، ناوی (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان)[3]و (ویلیەم ئیگلتون) لە (کۆماری کورد)دا، (کۆمەڵەی ژیاندنەوەی کوردستان)ی لا دروستە،[4] حامدی گەوهەریش ناوی کتێبەکەی خۆی ناوە کۆمەڵەی (ژیانەوەی کوردستان).

لە ناو ئەندامە دێرینەکانی (ژ.ك)دا، محەممەدی شاپەسەندی، کە لێی دەپرسن: (ژ.ك) واتای چیە؟ دەڵێت: "(ژ.ك) یانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد،" پاشان دەڵێت: "کە ئەڵێن: (کۆمەڵەی ژیانی کورد) ئیشتیبایە (هەڵەیە). هێندێك دەڵێن: (کۆمەڵەی ژیاندنەوەی کوردستان)، ئەمەش ئیشتیبایە، چونکە دەبێ بزانین کە میللەت دەژیێتەوە نەك وڵات." ناوبراو ئاماژە بەوەش دەکات کە زەبیحی ناوی (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد)ی لا دروستبووە،[5] بەڵام ئەم زانیارییە، یان هەڵەی محەممەدی شاپەسەندییە، یان زەبیحی قسەی گۆڕیوە، چونکە زەبیحی خۆی لە ساڵی ١٩٦٠دا وتارێکی لە ژمارە (١٩٢)ی ڕۆژنامەی (خەبات)دا بە زمانی عەرەبی

---

[1] گۆڤاری نیشتمان، جەمال نەبەز، لا: ٣١.

[2] کۆماری میللی مەهاباد، مەحمودی مەلا عیززەت، لا: ٦٣.

[3] بزوتنەوەی کورد لە سەردەمی هاوچەرخدا، لازاریف، لا: ١٧٧.

[4] کۆماری کورد– ویلیەم ئیگلتن، وەرگێڕانی محەممەدی صمەدی، ل٦٧

٥ وتو وێژێك لەگەڵ محەممەدی شاپەسەندی، لەمانگی نیسانی ٢٠٠٥، لە کەناڵی ڕۆژ.

بڵاوكردۆتەوە، تیایدا ڕەدی (ئارچی ڕۆزفێڵت) دەداتەوە کەناوی کۆمەڵەی بە (ژیانی کورد)، بردووەو بە عەرەبی نووسیویەتی: (جمعیه إحیاو کردستان) دروستەو لە پاڵ ئەو ناوە عەرەبییەدا بە کوردیی نووسیویەتی: (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان) دروستە.[1]

بەهەرحاڵ، ئەوەی کە زانراوە ئەوەیە کە لەکاتی دامەزراندنی (ژ.ك)ەوە، تا سەردەمی کۆماری کوردستانو تا ساڵانێکی زۆر پاش ئەو سەردەمەش، لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان – بەتایبەت لەناوچەی موکریان– زیاتر وشەی (کۆمەڵە) بەکاردەبرا، بەبێ ئاماژە بە ئەسڵی ناوەکە. هەروەها لە زۆربەی کتێبو گۆڤارو ڕۆژنامەو بەڵگەنامە ڕەسمییەکانی ئەوکاتەی ئێراندا، هەمان وشەی (کۆمەڵە) بەکاربراوە.

ماوەتەوە ئەوەش بڵێین کە هەندێك نووسەر – لەوانە حەسەنی قازی– بە پشتبەستن بە بڵاوکراوەیەك بەناوی (ڕێگا)، کە ساڵی ١٩٤٨ لە گوندی (سیتەك)ی شاربازێڕ، لەگەڵ (غەنی بلوریان) بەپشتیوانیی شێخ لەتیفی حەفید، یەك ژمارەیان دەریان لێ دەرکردووە، دەیانەوێت ئاماژە بکەن کە ناوی (کۆمەڵەی ژیانی کورد) دروستە، چونکە لەژێر ناوەکەدا نووسراوە: (ئۆرگانی کۆمەڵەی ژیانی کورد)، گوایە لەبەر ئەوەی ئەو بڵاوکراوەیە پاش دوو ساڵ لە ڕووخانی کۆماری کوردستان بووەو نزیکبووە بە تەمەنی دامەزراندنی کۆمەڵە، بەڵام دیارە ئەمە نابێتە بەڵگە بۆ ناوی تەواوی

---

١ ڕۆژنامەی (خەبات)، ژمارە (١٩٢)، ساڵی ١٩٦٠ز.

کۆمەڵە، چونکە تەنها گوزارشتە لە بۆچوون‌و حەزی ئەوان، کە سەرپەرشتی ئەو بڵاوکراوەیان کردووەو توێژەرو نووسەرو کەسانی کۆمار وەکو ئاماژەمان پێکرد، ڕاو بۆچوونی جیاوازیان هەیە، جگە لەوەش بڵاوکراوەی ناوبراو –واتە: ڕێگا–جێگرەوەی (نیشتیمان)ی (ژ.ک) نەبووە، تا ئەو ژێرنووسەی (ڕێگا) بکرێتە بەڵگە، چونکە ئەگەر جێگرەوەی ئەوە، ئەی بۆچی ناوی ئەمیش هەر (نیشتمان)ەکەی جارانی مەهاباد نەبوو؟..

لە لایەکی ترەوە ئەوەمان لەبیر نەچێت کە ئەندامی دێرینی (ژ.ک) محەممەد شاپەسەندیی، پێی وایە کە ئەو (ڕێگا)یەی غەنی بلوریان‌و هەندێك کەسی دی باسی لێدەکەن، "ئۆرگانی (ك.ك.ك)ـە، واتە: کۆمیتەی کۆمۆنیستی کوردستان."![1] کەهەموو بەڵگەکان ئەم بۆچوونە دەسەلمێنن.

## (ژ.ك) لە (سلێمانی) دامەزرا یان (مەهاباد) ؟

ڕەنگە ئەم پرسیارە لە چەندین ڕووەوە ببێتە هۆی وروژاندن، چونکە ئەوەی زانراوەو بۆتە ڕاستییەکی باو، ئەوەیە کە (ژ.ك) لە شاری مەهاباد دامەزراوە، بەڵام ڕایەکیش هەیە کە پێی وایە ئەو ڕێکخراوە سەرەتا لە شاری سلێمانی دامەزراوەو دواتر لقی خۆرهەڵاتی کوردستانیشی لە شاری مەهاباد ڕاگەیەنراوە. لەم بارەیەوە (ئیحسان هۆشمەند)[2] دەڵێت: "حزبێك

---

١ بیرەوەرییەکانی محەمەد شاپەسەندیی، ئا: صدیق صالح، بنکەی ژین، لا: ٥٢.

[2] (ئیحسانی هوشمەند)، کەسایەتییەکی خەڵکی شاری (بیجار)ی خۆرهەڵاتی کوردستانە، نوسەرو کۆمەڵناس‌و سیاسی‌و ڕۆژنامەنووسە، خاوەنی چەندین کتێب‌و

بەناوی (ژ.ك) بۆ یەكەم جار لەلایەن كوردانی عیراقەوە لە شاری سلێمانی پێكهێنرا، كە مەحمود جەودەت – لە چالاكانی كوردی عیراق–[1] دامەزرێنەری ئەسڵیی بووە. كۆمەڵەی (ژێ.كاف) لە سلێمانی هاوكات لە جەنگی دووەمی جیهانیی هاتە دونیاو زۆر زووش هەڵوەشایەوەو دامەزرێنەرانیان ڕێكخستنێكی نوێیان– بە سیاسەتێكی نوێوە – بەناوی (هیوا) دامەزراند.. پاش ڕاگەیاندنی كۆمەڵەی (ژێ.كاف) لە سلێمانی،

---

توێژینەوەیە، لەسەر هەندێ بیرو بۆچونیو ڕەخنەگرتنی، چەند جارێك لەلایەن دەسەڵاتی ئێرانەوە دەستگیر كراوە.

[1] مەحمود جەودەت، كوڕی ئەحمەد جەودەتی مەحمود ئاغای مستەفا ئاغای (زەنگەنە)یە، ساڵی ١٨٨٩ لەدایك بووە، ساڵی ١٩٠٧ چووەتە ( ئەستەمبوڵ)و قوتابخانەی (سوپای سوڵتانی) خوێندووەو بۆتە ئەفسەر. لە كاتی حوكمڕانیی شێخ مەحمودی حەفیددا گەڕاوەتەوە (سلێمانی)و پلەیەكی بەرزی لە لەشكر پێبەخشراوە. دواتر چۆتە نێو سوپای عێراقەوە. لە ڕۆژنامەی (ئومێدی ئیستقلال)و (پێشكەوتن)و گۆڤاری (زاری كرمانجی)دا بەرهەمی بڵاوكردۆتەوە، زۆر نووسینی لە فەرەنسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر كوردیو لەچاپیداوە. مەحمود جەودەت ڕوناكبیرێكی دیاری سەردەمی خۆی بووە. دۆستایەتی لەگەڵ جەنەڕاڵ (بەكر سدقی)دا هەبووە، ساڵی ١٩٢٠ لەگەڵ كۆمەڵێك ڕۆشنبیری كورددا كۆمەڵەی (ئیستقلالی كوردستان)یان دامەزراندووە، پەیوەندی لەگەڵ (سمایل ئاغای سمكۆ)دا هەبووە. جێی داخە لە مشتومڕێكدا لەگەڵ لێپرسراوێكی بەڕێوەبەرێتی خانەنشین، مەحمود جەودەت ئەو لێپرسراوە ئەكوژێتو لەئاكامدا بڕیاری لەسێدارەدانی بەسەردا ئەدرێتو لە (٢٠/١١/ ١٩٣٧) لەسێدارە دەدرێتو لەگردی سەیوان لە سلێمانی دەنێژرێت. (بڕوانە: سایتی یانەی كوردژین).

یەکێكێ لە مەلا کوردەکان لە سلێمانی بە ناوی مەلا ئەحمەدی فەوزی، لە سلێمانییەوە ساڵی (١٣١٩ك هـ/١٩٤٠ زاینی) دەچێ بۆ مەهابادو لەوێ ئەنجومەنێکی دەرسگوتنەوە دادەمەزرێنیێو تیایدا وانەی ئاینیو نەتەوەیی دەڵێتەوە."[1] جێی دووپات کردنەوەیە کە کەریمی حسامی لە کتێبی (کاروانی (کاروانی شەهیدانی کورد)و محەممەدی صەمەدی لە (مێژووی مەهاباد)دا ئەم زانیارییەی تایبەت بە مەلا ئەحمەدی فەوزی پشتڕاست دەکەنەوە.

**ناوی خوازراو هێماو نیشانەکانی دامەزرێنەرانو بەرپرسانی (ژ.ك):**

لەبەر هەلو مەرجی ئاسایشییو پاراستنی گیانی ئەندامە چالاکەکانی (ژ.ك)، هەموو نوسەرانی بڵاوکراوەکانی (ژ.ك)، لە گۆڤاری (نیشتمان)ی زمانحاڵیانەوە، تا گۆڤارو بڵاوکراوەکانی تر، پەنایان دەبردە بەر ژمارەو ناوو نازناوی خوازراو، بۆ ئەوەی لە لایەن سیخوڕانی ڕژێمی شاو نۆکەرانی بێگانەوە نەناسرێنەوە. لێرەدا بۆ هاوکاریی خوێنەرانی بەڕێز –کە کاتێ سەیری گۆڤاری (نیشتمان) یان هەر بڵاوکراوەیەکی کۆمەڵەی (ژ.ك) دەکەن– تا نووسەرەکان بناسنەوە، ئەو هێماو ژمارەو نازناوە خوازراوانەم کۆکردۆتەوە، کە لەلایەن کەسانێکەوە خراونەتە ڕوو، کە لەو سەردەمەدا ژیاونو خۆشبەختانە پێش ئەوەی ماڵئاوایی لە ژیان بکەن، شفرەکانیان کردۆتەوە.

---

١ گۆڤاری (چشم أنداز إيران، فروردين، ١٣٨٢ هـ/نیسانی ٢٠٠٣)، لا: ١٤، گفتو گۆ لەگەڵ ئیحسانی هۆشمەند.

له سەرێکی ترەوە، جێی سەرنجە کە تا ئێستەش بە تەواویی ناوی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی (ژ.ك) – لەبەر چەند هۆکارێك، کە یەکێکیان ئەوەی سەرەوەیە– لە لیستێکی تەواودا دیاری نەکراون، واتە هەندێك ناو لە هەندێك لیستدا دیار نین.. تەنانەت نووسینو بیرەوەریی چەند کەسێکی (ژێ. کاف)م لە دامەزرێنەرانو ئەندامە دێرینەکانیش بینیوە، ئەوانیش یەك قسە نین، وەك: مەلا قادری مودەرریس، محمد شاپەسەندیی، عبد الرحمن زەبیحی. بۆ نمونە –وەك شاپەسەندیی ئاماژەی بۆ کردووە– : زەبیحی ناوی مەلا عبد الله حەجۆکییو محەممەدی یاهووی لەبیر چووە،[1] لە کاتێکدا مەلای حەجۆکیی نەك هەر دامەزرێنەر بووە، بەڵکو عەقڵی دامەزرێنەری (ژ.ك)و مامۆستای دامەزرێنەران بووە، وەك لە شوێنی تری ئەم کتێبەدا ئاماژەمان بە کاریگەریی مامۆستای حەجۆکیی کردووە.

بەهەرحاڵ، من بۆ ڕاستکردنەوەی شفرەی ئەندامە ناسراوەکانی (ژ.ك)و هەندێك لە دامەزرێنەرانی، بە پلەی یەکەم پشتم بە کەسایەتی ناسراوی کوردستان محەممەدی صەمەدی بەستووە، کە بۆ خۆی لەگەڵ خوالێخۆش

١ بڕوانە: بیرەوەرییەکانی محمد شاپەسەندیی، ئا: صدیق صالح، بنکەی ژین، لا: ٢٢.

بوو مەلا قادری (مودەرریس) دانیشتوونو یەك بە یەك ناوە دروستەكانیان ڕاستكردۆتەوە.[1] ئەمەی خوارەوە بەشێكن لەو ناوو نازناوو شفرانە:

١- م. ش. هێمن: شاعیری ناودار (محەممەد ئەمین)ی (شیخ الاسلام)ی موكرییە، (ئەندامی چالاكی ژمارە (٥٥)ی (ژ،ك) بووە).

٢- ع. هەژار. ٢٠: ئەدیبو نووسەرو وەرگێڕی ناسراو (عبد الرحمن)ی شەرەفكەندی (ئەندامی چالاكی (ژ.ك) بووە).

٣- برای ڕاست. ٦٧: حاجی ڕەحمان ئاغا، ئیلخانی زادەیە. بە (ع، ڕۆ) ش هێمای بۆ كراوە.

٤- م. ئاریا. ٢٧: مەناف كەریمییە، (ئەندامی چالاكی (ژ،ك )و وەزیری فەرهەنگی كۆمار).

٥- ع. بیژەن ٢: عبد الرحمن زەبیحی، ناسراو بە (عولەما)، (لە دامەزرێنەرانە).

٦- ق. م. ڕەوادی. م: مامۆستا مەلا عبد القادری مودەرریس، (لە دامەزرێنەرانو ئەندامی دەستەی ڕاوێژكاریی).

٧- م. ا. حەریق: محمەدی ئەصحابی مەهابادییە.

٨- م. نادری.٧٦: محمد دڵشادی ڕەسوڵییە، (ئەندامی چالاكی ژ، ك) بووە).

٩- أ. أ. ڕژدی: مام ئەحمدی ئیلاهی، وەزیری ئابوریی كۆمار.

١٠- م. س. توس ١٣ ز: محەممەدی سەلیمی یە.

---

١ هەروەها بۆ ڕاستكردنەوەی هەندێك ناوو شفرەو هێما، سوودم لە وتاری (ناساندنی نێوی ڕاستەقینەی نووسەرو ئەندامانی (ژ.ك)، نووسینی: (س.چ. هێرش)، بینیوە، لە سایتی گزنگ.

١١- خ. م. شاباز: محمد خەلیل موەفەقی، کتێبفرۆش‌و خاوەن چاپخانە.

١٢- م. ش. ئازەر، ٨٢١: محەممەدی شاپەسەندی یە.

١٣- م. ح. لاو. ا: صدیق حەیدەری فاروقی یە (لە دامەزرێنەرانی ژ.ك).

١٤- ع. راد. ە: عبد الرحمن ئیمامیی ئەقدەمە.

١٥- ع. سیامەك. ٥٧: عبد القادر دەباغی (سەقز)ی یە.

١٦- م. بەیان. ٧١: محەممەد ئەمینی خاتەمی یە.

١٧- کاوە. ا: حسێن فروهەر، زێرنگەران، (یەکەم سەرۆکی کۆمەڵەو ئەندامی ژمارە (١)ی کۆمەڵە).

١٨- خاڵە مامە، یان خاڵەمین: حاجی سید محەممەد ئەمین بەرزنجی یە.

١٩- یٚ. ل. ب: هێما بوو بۆ شاری مەهاباد[١]

٢٠- ق.ق.ق، پیاو: (قاسمی قادریی قازی)،[٢] سەرۆکی شاندی (ژ.ك)، لە دیداری سیٚ سنوور.

٢١- ع. هوشەنگ: ئەندامی ژمارە ٧٥.

٢٢- ع. جهانگیر: ئەندامی ژمارە ٧١٦.

٢٣- ع. ساسان: (وەهابی بلوریان)ە.

٢٤- پشتیوان.١٠٤٢: حاجی ئیسماعیلی مەحمود ئاغای ئیلخانی زادەیە.

٢٥- قومری: سید عبید الله ی ئەیوبیانە.[٣]

---

[١] پێم وایە ئەمە هەڵە بێت، چونکە لە ژمارە (١)ی گۆڤاری (نیشتمان)دا، کۆپلە شیعرێك بڵاو کراوەتەوە، لە پاڵیدا نوسراوە یٚ. ل. ب - شاعیرێکی بەناوبانگ. کەواتە هێمایە بۆ کەسێك نەك بۆ شارێك.

[٢] گۆڤاری نیشتمان، عەلی کەریمی، پەراوێزی لا: ١٧.

[٣] هەمان سەرچاوە، لا: ٢١-٣٠.

٢٦- ع.هونەر: عەباسی حەقیقی یە.

٢٧- م.م.هوشەنگ،١٦: محەممەدی مەجدی، کوڕی مامۆستای ناودارو هەڵکەوتوو، مەلا حسین مەجدی، وەزیری دادی کۆمار بووە.[1]

٢٨- م.فەروخ،١١: ڕەنگە محەممەدی نانەوازادە، یان محەممەدی یاهوو بێت، هەردووکیان لە ئەندامە چالاکەکانی (ژێ، کاف) بوون.

٢٩- م.ئیرەج، ٢١٥: محەممەد سەعید حافیدە، لە شاری کرماشان بوو.[2]

٣٠- زۆراب، ٣٧: عەلی خوسرەویی، مەهابادیی.

٣١- بارزانی. م. خ. لە شاری ش.sh : ئاماژەیە بۆ مستەفا خۆشناوی ئەفسەر.

٣٢- برای ڕاست. ٧٦: عبد الرحمن موهتەدی بۆکانیی بووە.

٣٣- م.لاو.١٠: محەممەد صدیقی حەیدەری، وەزیری تەبلیغات (ڕاگەیاندن)ی کۆمار.

٣٤- س.م.ح. گرشاسب: سەید محەممەدی حەمیدی، سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستان.

٣٥- ب.ێ.م: دەڵێن هێما بووە بۆ شاری بۆکان،[3] بەڵام ئەمە هەڵەیە، بەڵکو هێما بووە بۆ شاری سلێمانی، بە بەڵگەیەکی ڕوون کە ئەمەیە: لە ژمارە (٥)ی گۆڤاری (نیشتمان) زمانحاڵی (ژ.ك) ئەم هەواڵە هاتووە: "لەم مانگەدا (واتە ڕێبەندانی ١٣٢٢ی هەتاوی کە گۆڤارەکەی تێدا دەرچووە) سیامەك (کە عبد القادری دەباغی یە) ئەندامی ژمارە ٥٧ی دانیشتووی

---

[1] هەمان سەرچاوە، ٣٤.

[2] پێگەی ئەلیکترۆنیی گزنگ.

[3] تاریخ مهاباد، سید محمد صمدی، ص: ١١٩-١٢٠.

شاری (ئاك) كه (شاری سه‌قزه) سه‌فه‌رێكی بۆ شاری (ب/ ئ/ م) كردو ئیداره‌یه‌كی مه‌حه‌للی ته‌شكیل داوه، ئه‌وه یه‌كه‌م شاره كه كۆمه‌ڵه‌ی (ژ.ك) له پارچه‌ی كوردستانێكی ده‌ره‌وه مه‌نتیقه‌ی نفوزیی خۆی ئه‌ندامی لێوه‌رگرتووه.."[١] ئه‌مه به‌ڵگه‌یه‌كی ڕوونه‌و هیچ حاشایه‌ك هه‌ڵناگرێ، باسه‌كه‌ش باسی كردنه‌وه‌ی لقی سلێمانی یه.

---

[١] گۆڤاری نیشتمان، ژماره: ٥، لا: ١٠.

**ئەندامانی دەستەی ڕاوێژکاریی کۆمەڵەی (ژێ.کاف):**

پاش بەراوردو یەکخستن‌و کۆکردنەوەی زانیاریی بەردەست، ئەم ناوانەی خوارەوە ئەندامانی دەستەی یەکەمی (ژ.ك) پێکدەهێنن، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوە کە هەندێکیان دواتر بوونەتە ئەندام:

١- عبد الرحمن زەبیحی، ناسراو بە چەند ناوێکی تر، وەك: عولەما، ع.بێژەن: (بەرپرسی چاپەمەنییەکان بووە).

٢- محەممەدی نانەوازادە: (کەسێکی عەسکەری بووە).

٣- حوسەینی زوهەر (زەرگەڕی): (بەرپرسی کۆمیتە).

٤- عبد الرحمن ئیمامی، (کوڕی ئیمام جومعەی مەهاباد بووە): (بەبازڕەس (پشکنەر) هەڵبژێرا).

٥- قاسمی قادری قازی، (قازی‌و مەلا بووە): (ئەندامی ئیستشاری (ڕاوێژکاریی).

٦- مەلا عبد الله داودی، ناسراو بە (مەلای حەجۆکێ).

٧- محەممەدی یاهوو، (فەرمانبەر بووە): (سکرتێر).

٨- مەلا قادری مودەرریس، (مەلا بووە): (بەرپرسی دەستەی ڕاوێژکاریی).

٩- صدیق حەیدەری: (بەرپرسی تەبلیغات‌و بڵاوکردنەوە) دواتر لە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، کرایە وەزیری ڕابەری.

١٠- عبد الرحمن کیانی: (ڕاوێژکار بووە).

١١- محەممەدی شاپەسەندی: پاش شەش مانگ چۆتە (ژ.ك)و بۆتە (سكرتێر).

١٢- محەممەدی ئەصحابی، (ئەویش مامۆستا بووە): (ئەندامی ڕاوێژكاریی).

١٣- نجم الدين تەوحیدی: (فەرمانبەر بووە) (ژمێریار).

١٤- حامیدی مازووچی: (ئینتیزامات).[1]

١٥- عەلی مەحمودی، (مامۆستا بووە): (ئەندامی كۆمیتە).

١٦- محەممەدی سەلیمی: (كارمەند).

١٧- میرحاج: (نوێنەری كوردانی عێراق).

١٨- مستەفا خۆشناو: (نوێنەری كوردانی عێراق).

١٩- محەممەدی سەعید حافید، كە لە كرماشان قازی بووە.

٢٠- سەید تایری هاشمی، ئەویش لە كرماشان مەلا بووە.

هەندێك لەمانە بەلای هەندێك كەسەوە زیادو كەمیان هەیە، وا دیارە لەبەر نهێنیبوونی ڕێكخراوەكەو سوێندخواردنیان كەنهێنیی حزب نەدركێنن، نەتوانراوە ناوی تەواوی دامەزرێنەرانی (ژ.ك) بزانرێت، چونكە هەر ئەندامێك سێ كەس زیاتری نەدەناسی.

---

[1] وێنەیەكی لە كۆتایی ئەم كتێبەدا ببینە.

**ئەندامێتیی پێشەوا قازی محەممەد لە (ژ.ك)دا:**

هەندێك نووسەری بێ ئاگا لە مێژووی دامەزراندنی (ژ.ك)و نەشارەزا بە ژیاننامەی قازی محەممەد وایان دەرخستووە کە قازی نەبۆتە ئەندامی ڕێکخراوی (ژ.ك)، یان –گوایە–لەلایەن ڕابەرایەتی ئەو ڕێکخراوەوە ئەندامێتی قازی محەممەد پەسەند نەکراوە.

بەندە بەدواداچوونێکی وردم بۆ ئەم بابەتەکردو بەچەندین بەڵگەی حاشاهەڵنەگر دڵنیابوومەوە کە کۆمۆنیستەکانی لایەنگری سۆڤیەتو چەند کەسایەتییەکی چەپی دژ بە مەرامو ئامانجەکانی(ژ.ك)ئەم قسەیەیان داخستووە، وەگەرنا هیچ بنەمایەکی نیە.

سەرەتا پێویستە بە زمانی لۆجیك ئەوە بڵێین کە هەرگیز ناگونجێت بۆ کەسێکی زاناو ڕۆشنبیرو دڵسۆزی وەکو قازی محەممەدی مەهاباد، کە لە شارەکەیداو لەبندەستی خۆیدا ڕێکخراوێکی ئیسلامیی – نەتەوەیی وەکو (ژ.ك)دامەزرێت، ئەو نەبێتە ئەندامی. ئەوێك کە هەموو خولیای سەری، دامەزراندنی مەکۆو ناوەندێکی سیاسی بوو بۆ کورد، تا هەوڵەکانی تێدا چڕبکاتەوە بۆ گەیاندنی پەیامی خۆی بە میللەتەکەی. بۆیە من پێم وایە کە قازی محەممەدی ڕەحمەتیی، ڕابەری ڕۆحی ئەو ڕێکخراوە بووە، نەك تەنها ئەندامێکی ئاسایی.

وەك چەند جارێکی تریش لەم باسەمدا وتوومە: بۆ سەلماندنی ڕاستییەکانی هەر سەردەمێکی مێژوویی، ڕێگەی متمانەپێکراو، بە پلەی

یەکەم، قسەی شایەتحاڵەکانی ئەو سەردەمە خۆیەتی، زیاتر لەوانەی لە دوورەوە زانیارییان بەهەق‌و ناهەق بڵاوکردۆتەوە. یان ئەوانەی ڕاستەوخۆ لە شایەتحاڵ‌و کەسەنزیکەکان زانیاریی دروستیان وەرگرتووە. بۆیە من لەم بەشەدا، چەند لێدوان‌و زانیارییەکی لەو بابەتە دەخەمە ڕوو:

بێگومان یەکەم کەس کە شایەتیی لەم بوارەدا بایەخی هەیە، خودی (قازی محەممەد)ە کە لە دیدارێکی ڕۆژنامەوانیدا لەگەڵ ئاژانسی (تاس)، باس لە بەشداریی خۆی لە چالاکییەکانی (ژ.ک)دا دەکات‌و دەڵێت: "..ئێمە پارتی ژیانەوەی کوردستانمان پێکهێناوە."[1] (هێمن)ی شاعیریش کە ئەندامی چالاکی کۆمەڵەی (ژ.ک)بووە، لەبارەی قازییەوە دەڵێت: "قازی محەممەد ئەندامی سادەی کۆمەڵە بوو، ناوی نهێنی (بینایی) بوو."[2]

ڕەحیمی قازی –کوڕی سەیفی قازی کە لەگەڵ قازی محەممەد لەسێدارە درا– دەڵێت: "لە بەهاری ١٣٢٢ (١٩٤٣ ز) – دوای یەکەم کۆبونەوەی ڕەسمیی (ژێ.کاف)– قازی محەممەد بەناوی خوازراوی (بینایی) بووە ئەندام."[3] نەوشیروان مستەفاش لە (حکومەتی کوردستان)دا سەرەڕای دووپاتکردنەوەی ئەندامێتی قازی، دەڵێت: "ئەندامێتی قازی محەممەد لە

---

[1] مەحمودی مەلا عیززەت، جمهوریەتی کوردستان، لا: ١٠٨، لە: هەندێك بەڵگەنامە لەسەر (ژێ.کاف)ی ئەفراسیاو هەورامی، وەری گرتووە.

[2] تاریك‌و ڕوون، هێمن، لا: ٢٣.

[3] أسرار محاکمە قاچی و یارانش، رحیم سیف قاچی، ص: ٢٤.

کۆمەڵەدا کۆمەڵەی بەهێزتر کرد، بەڵام زۆری نەخایاند بەکردەوە قازی بوو بەسەرکردەی کۆمەڵەو خاوەن بڕیار."[1] دیارە ئەوماڵەی کە نەوشیروان مستەفا باسی دەکات، ماڵی (دڵشاد ڕەسولی)یە یەکەمین سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستان، وەك لە سەرچاوەکاندا بەدواداچونم بۆ کردووە. یەکێك لە نوسەرە بەتواناکان (محەممەدی صەمەدی)یە لە مێژووەکەیدا کە دەربارەی مەهاباد نوسیویەتی، دەڵێت: "بەڕێز (عبد الرحمن ڕەسوڵی) برای (دڵشادی ڕەسولی) یەکەمین سکرتێری گشتی (حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) پێی وتم: قازی محەممەد لە ماڵی ئێمە سوێندی بوونە ئەندامی (ژێ.کاف)ی خوارد، تەنانەت ئەوەشی دووپات کردەوە کە ئەو قورئانەی قازی سوێندی پێ خوارد، تا ئێستەش لە ماڵماندا ماوە،[2] ئەوەشی سەلماند کە ناوی خوازراوی قازی لە حزبدا (بینایی) بوو.. شتێك ماوە کە بیڵێم ئەویش ئەوەیە وا دیارە هەندێ کەس – جا بێ مەبەست بووبێ یا بە فیتی دەستێکی دەرەکیی ئەوکاتە– زۆر حەزیان نەکردووە لەوەی قازی ببێتە ئەندامی (ژ.ك)، دیارە لە ترسی پێگە جەماوەرییو کۆمەڵایەتییەکەیو بەو پاساوەی کە ئەگەری هەیە کەسێتییو کاریگەریی

[1] حکومەتی کوردستان، نەوشیروان مستەفا، لا: ٧٥.

٢ بۆ بینینی وێنەی ئەو قورئانە، بڕوانە بەشی بەڵگەنامەکان لەم کتێبەدا، کە نووسراوو واژۆی (محمد دڵشادی ڕەسوڵی) لەسەرەو لە ساڵی ١٩٣٦وە پارێزراوە.

قازی، جێ بە هەندێ کەس لەق بکاو کەسانی تر لە کەسایەتییە ئیسلامییەکان بەرێتە پێشەوە.[1]

بەپێی بەدواداچونی بەندە، یەکەم کەسێك کە ئەم ئەگەرو نەگەرو گومانەی وروژاندووە، (ئارچی ڕۆزفلت)ە –یاریدەدەری سوپای سەفارەتی ئەمریکا لە تاران لە ساڵانی ١٩٤٦–١٩٤٧– کە یەکێك بووە لەو چوار ئەمریکییەی لەکاتی کۆماری کوردستاندا سەردانی مەهابادی کردوەو قازی محەممەدی لە نزیکەوە بینیوە. ناوبراو دەڵێت: "قازی محەممەد لە ئاهەنگی ئۆپراکەی (دایکی نیشتمان)دا لە مەهاباد بوو بە ئەندامی (ژێ.کاف)" هەروەها (ڕۆزفلت) پێی وایە کە(ژ.ك)لای سۆڤیەت پەسەند نەبوو. هەروەها پێشی وایە کە (قازی) پاش دامەزراندنی کۆمەڵە بەساڵێك، پێی زانیون، ئەوکاتە بە پەنامەکی کەسێکی ناردۆتە لای ڕابەرانی (ژێ.کاف)و پێی ڕاگەیاندوون کە دەیەوێ بچێتە ناویانەوە."

خاڵی گرنگ کە زۆر پەیوەندیی بەم بەشە لە باسەکەمانەوە هەیە، ئەم ڕستەیەیە کە دەڵێت: "(ژێ،کاف) حەزیان نەدەکرد قازی محەممەد لە حزبدا وەرگرن، چونکە ترسی ئەوەیان هەبوو کە کەسایەتییە بەهێزەکەی کاریگەریی سلبی لەسەر ڕێکخراوەکە هەبێ"[2]

---

[1] تاریخ مهاباد، سید محمد صمدی، ص: ١١٣.

[2] ناوبراو بۆ یەکەم جار ئەم بابەتەی لە گۆڤاری (میدیست جنرال)، ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٤٧ بڵاو کردۆتەوە، بڕوانە: کردها وکردستان، درك کینان، لا: ١٨١ – ١٨٢.

بەهەرحاڵ من پێم وایە کە سەرەڕای ڕاستێتی بەشێك لەم قسانەی (ڕۆزفلت)، بەڵام بەشێکی تریان خەملأندنو خەیاڵاتی خۆیەتی، بۆ نمونە ئەوبەشەی کە دەڵێت: (ژ.ك)حەزیان نەدەکرد قازی محەممەد بچێتە ناویانەوە، چونکە هیچ بەڵگەیەکی نیەو تەنها لە مەزاجی شەخسیی خۆیەوە سەرچاوەی گرتووە، بەتایبەتی کە نوێنەرایەتی ئەمریکای کردووەو کارەکتەرێکی سیاسی ئەمریکا بووە لە باڵێوزخانەی تاران. ناوبراو ئەم قسەیەی پێش زیاتر لە ٦٥ ساڵ کردووە – تا کاتی نووسینی ئەم بابەتەی بەندە– چونکە لە ساڵی ١٩٤٧دا ئەو هەڵسەنگاندنەی بۆ قازی محەممەد کردووە، بۆیە هەرکەسێك دوای ئەو، ئەو بۆچونەی دووبارە کردبێتەوەو بەڵگەی نەهێنابێت، ئەوە قسەی لێوەرناگیرێت، چونکە (ڕۆزفلت) لە چەندین بابەتی تریشدا چووە بە هەڵەداو نوێنەرانی پاش خۆشی بردووە بەهەڵەدا.

ئەحمد محەممەد ئەمین لە (محاکماتو دفاعیات)ی قازی محەممەدا بەپێچەوانەی ئەو گومانەوە دەڵێت: "ڕابەرانی کۆمەڵە گەیشتنە ئەو قەناعەتە کە بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری حزب، نیازیان بە ڕابەرێکی شایستەی هەڵبژێردراوی حزب هەیە، بۆیە هەموو هاودەنگ بوون کە قازی لە حزبدا وەرگرن... پاشان دەڵێت: "قازی دواتر دەیگوت: هەرکەس لە حزبی کۆمەڵەی(ژ.ك)دا چالاکی نەکاو بۆ ڕزگاریی کوردستان هەوڵ نەدا،

تاوانێکی گەورەیەو گوناهبار دەبێ."[1] ئەم زانیاریەشی لە مامۆستا هەژار موکریانی وەرگرتووە.

یەکێکی تر لەبەڵگەکانم لەسەر هەڵەیی قسەکانی (ڕۆزفلت)ی ئەمریکی -ئەگەر نەڵێم ناڕاستییو فیتنەگێڕی- ئەوەیە لە کاتێکدا خەڵکانی تر گومانی مەیلی کۆمۆنیستییان لە کەسانی(ژ.ك)دەکرد، ئەوەش زۆرتر بە کەش‌و هەوای ئەوکاتەی دەخوارد، چونکە جاروبار بە چاکە باسی پشتیوانییە شکڵییەکانی سۆڤیەتیان دەکرد بۆ چەوساوان‌و دژایەتییان بۆ ئیمپریالیزم‌و داگیرکەران - هەرچەندە ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر ناڕاستە- بەڵام (ڕۆزفلت) قسەیەك دەکات کە هیچ ڕاستییەکی نیەو تەنها مەبەستی چەواشەکاریی بووە، کاتێك باس لەوە دەکات کە (باقرۆف)ی سەرۆك کۆماری سۆڤیەت (گوایە) بە وەفدی نێردراوی کوردی بۆ (باکۆ) وتووە: کە کۆمەڵەی (ژێ،کاف) حزبێکە سەرهەڵدانەکەی لە عێراقەوە بووە، لەژێر چاودێریو سەرپەرشتیی دەزگای سیخوڕیی ئینگلیزدا دامەزراوەو شتێك نیە جگە لە ئامێرو ئامرازێك بەدەست ئیمپریالیزمی ئەمریکاوە."[2]

کەسێك ئەمە دیدو بۆچونی، یان هەڵسەنگاندنی بێت بۆ ڕێخراوێکی ڕەسەنی وەکو (ژێ.کاف)، چۆن ئەوەی لێ وەردەگرێت کە لەسەر قازی محەممەد گوتویەتی، کە پێشتر ئاماژەم پێکرد..؟

---

[1] محاکمات ودفاعیات قاضي محەممەد، احمد حمد امین، ص: ٢٥- ٢٦.

[2] دەقی ئەم قسانەی (ڕۆزفلت) لە: کردهاو وکردستان، درك کینان، لا: ١٨٤، هاتووە.

یەکێکی دی لەو کەسانەی کە شایەتحاڵی ڕووداوەکان بوو، دکتۆر هاشمی شیرازییە کە یازدەهەمین ئەندامی کۆمەڵەی (ژ.ك) بووە، پاش دە ئەندامە دامەزرێنەرەکە، دەڵێت:"ساڵی ١٣٢٤هەتاوی، (١٩٤٤ز) خوالێخۆشبوو قازی محەممەد وەك ئەندامی (ژ.ك) وەرگیراو خەباتی حزب هاتە ڕوو و بە ئاشکرا دەستی پێکرد."[1]

هەروەها دکتۆر (عەزیزی شەمزینی) –کە چالاکێکی سەردەمی (ژێ. کاف)و دواتر بووە– دەڵێت: "دوای وەرگرتنی قازی محەممەد لە ڕیزی کۆمەڵەدا، توانی لە ماوەیەکی کەمدا سەرکردایەتی کۆمەڵە بگرێتە دەست."[2] (حامد گەوهەری)ش لەلاپەڕە (١٠٩)ی کتێبەکەیدا دەیگەیەنێت کە قازی محەممەد تا ١٩٤٤/١٠/٢ ئەندامی (ژ.ك) نەبووەو دواتر سوێندی خواردووەو بۆتە سەرۆکی دووەمی (ژ.ك)و ناوی نهێنی (بینایی) بووەو ژمارەشی (٤٠) بووە بەپێی قسەی ئەحمەدی شەریفی لە لاپەڕە ٣٦ی گۆڤاری ڕوانگە، ژمارە ١١.

---

[1] لە نامەیەکیدا کە بۆ پێشەکی کتێبی (ژیانو بەسەرهاتی زەبیحی)، عەلی کەریمی نوسیویەتی، لا: ٦٠.

[2] هەمان سەرچاوە، لا: ١١٠.

**گەشەی خێرای (ژێ.کاف)و لقەکانی لە پارچەکانی کوردستان:**

بەپێی زۆرێك لەوانەی هاوچەرخی چالاکییەکانی(ژ.ك)بوون‌و لە سالآنی چلەکاندا ژیاون، ئەوە دووپات دەکەنەوە کە چالاکیی(ژ.ك)زۆر بەخێرایی تەشەنەی سەندووە. لە ڕۆژهەلآتی کوردستان، زۆربەی پارچەکانی گرتۆتەوە، لە (مياندواو، بۆکان، نەغەدە، سەقز، شنۆ، کرماشان، چالاکیی زۆری هەبووە.)[1]

محەممەد عەلی سولتانی لە کتێبێکدا دەلێت: "لقەکانی کۆمەلەی (ژ.ك) لە کوردستانەوە گەیشتنە کرماشان‌و کەلهوڕو پشتکۆ، هەتا لوڕستان، چالاکییەکانی خۆی فراوان کرد. میرزا عبد الله ی مودەببیر، ناسراو بە (ئاغاگەورە)، سەرۆکایەتی لقەکانی سنەو کرماشان‌و کەلهوڕو لوڕستانی لە ئەستۆ بوو. میرزا ئیبراهیم خانی نادری، سکرتێری لقی لوڕستان‌و کرماشان‌و پشتکۆو کەلهوڕ، چالاکیی هەبوو. مامۆستا سەید محەممەد تایری هاشمی، سەرۆکی لقی ناوچەی کرماشان‌و جێگری سکرتێر بوو."[2]

یەکەم لقی کۆمەلە لەناو مەهاباد بوو، مەلا عبد الله داودی–کە بە (مام مەلا) یان (مەلای حەجۆکی) ناسراو بوو– بەرپرسی بوو.[3] هەروەها لە

---

[1] مێژووی مەهاباد، محەممەدی صەمەدی، لا: ١١٤، هەروەها: الجمعيات.. عبد الستار طاهر، ص: ٣١٧.

[2] أحزاب سياسى وأنجمنهاى سرى (كرمانشاه)، محەممەد على سلطاني، ٢/ ٤٨٨.

[3] بڕوانە: تاريخ مهاباد، سيد محەممەدى صمدى، ص: ١٣.

بۆكان، شنۆ، ورمێ، سەردەشت، سەقز، سنە، تاران، كرماشان، هەولێر، سلێمانی ئیدارەی مەحەللییان هەبوو.[1]

م.س لازاریف –كە بە هاوكاریی چەند نووسەرێكی تر، مێژووی كوردستانیان لە دێرزەمانەوە تا ساڵی ١٩٩٩ز نوسیوە– لە كتێبەكەیدا باس لەوە دەكات كە شانەكانی كۆمەڵەی(ژ.ك)بەشێوەیەكی یەكسان لە شارەكانی كوردستانی بندەستی عێراقو ئێراندا دامەزراون. ئەوان پێیان وایە ژمارەی گشتیی ئەندامانی ئەو ڕێكخراوە، گەیشتە نزیكەی (٥)هەزار كەس.[2] بۆیە بەڵگە بەدەستەوەن كە لە شارەكانی سلێمانیو هەولێرو كەركوك، ڕێكخستنەكانی(ژ.ك)زۆر چالاكانە دەستبەكار بوون.

نەوشیروان مستەفا لە (حكومەتی كوردستان)دا دەڵێت: "ڕێكخراوەكانی كۆمەڵە پەرەیان سەند. تەنانەت پەلو پۆی هاویشت بۆ پارچەكانی تری كوردستانو لەگەڵ زۆر لە پیاوە ناسراوەكانی كوردستانی عێراقو توركیاو سوریە، پێوەندیی دامەزراند. لە كوردستانی عێراقو دوای هەڵوەشانی (حزبی هیوا) لقێكی دامەزراند، ڕۆشنبیری ناسراوی كورد، ئیبراهیم ئەحمد بەرپرسی بوو."[3]

---

[1] كۆمەڵەی ژیانەوەی كوردستان، حامد گەوهەری، لا: ٤١.

[2] مێژووی كوردستان، م.س لازاریفو هاوكارانی، لا: [242].

[3] حكومەتی كوردستان، نەوشیروان مستەفا، لا: ٧٣.

دامەزرانی لقی سلێمانی (ژێ. کاف)، یەکەم هەنگاو بوو بۆ دەرەوەی خۆرهەلاّتی کوردستان، یەکێك لە ئەندامە چالاکەکانی(ژ.ك)بە ناوی عەبدولقادری دەباغی، لە ساڵی (١٩٤٤)دا بە فەرمانی سەرکردایەتی (ژێ.کاف)، دێتە شاری سلێمانیو لەگەڵ چەند کەسێك باسو گفتوگۆ دەکات، لەسەر کردنەوەی یەکەم خانەی ڕێکخستنی(ژ.ك)لەو شارە.

دیارە لەوکاتەدا هەموو ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە، ناوی خوازراوو ژمارەیان هەبووە. ئەم کادیرە ناوی (سیامەك)[1]بووەو ژمارەشی (٥٧) بووە، بەسەرهاتی هاتنی بۆ سلێمانی لە دوو بەڵگەنامەدا هەیە، یەکەمیان: نامەیەکی خۆیەتی کە ناردویەتی بۆ (عەلی کریمی)و لە (ژیاننامەی زەبیحی)دا بلاّوی کردۆتەوە، تیایدا دەڵێت: "سەفەرێکی سلێمانیم کردو لقی کۆمەڵەم دامەزراندو گەڕامەوەو گوزارشەکەم بە زەبیحی پێشکەش کرد، لە ژمارە (٥ یا ٦)ی (نیشتمان) (ڕاستەکەی ژمارە (٥)ە بەلاّم لەوکاتەدا بیری نەبووە) بە ڕەسمیی سوپاسیان بۆ نووسیم."[2]

بەڵگەنامەی دووەمیش ژمارە (٥)ی گۆڤاری (نیشتمان) زمانحاڵی (ژێ.کاف)ە، کە لە لاپەڕە (١٠)یدا دەڵێت: "لەم مانگەدا (مەبەست

---

[1] دواتر مەعلوم بووە کە (ع. سیامەك) ناوی خوازراوی (عبد القادر دەباغی) سەقزیی بووە، یەکێك لە کادیرەکانی (ژێ. کاف)، بڕوانە: تاریخ مهاباد، محەممەد صمدی، ص: ٩.

[2] ژیانو بەسەرهاتی عبد الرحمن زەبیحی، عەلی کەریمی، لا: ٤٠١.

ڕێبەندانی ١٣٢٢ی هاتەوییە کە گۆڤارەکەی تێدا دەرچووە)، سیامەك – ئەندامی ژمارە (٥٧) دانیشتوی شاری ئا/ك، سەفەرێکی بۆ شاری (ب/ئا/م) کردووەو ئیدارەیەکی مەحەللی تەشکیل داوە. ئەوە یەکەم شارە کە کۆمەڵەی (ژ.ك) لە پارچە کوردستانێکی دەرەوەی مەنتیقەی نفوزی خۆی، ئەندامی لێوەرگرتووە.[1]

بەهەرحاڵ لێدوانێکی ئیبراهیم ئەحمەد وا دیارە لە ماڵی (ئیسماعیل حەقی شاوەیس) کۆبونەوەتەوەو بڕیاری دامەزراندنی لقی کوردستانی باشوری کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژێ. کاف)یان داوە، لەو ناوانەش کە ئەوکاتەی بیری ماون: صدیق شاوەیس، فایق بێ کەس، خاتوو بەهیە شێخ مارف، مەدهۆشی شاعیر، مرزاصاڵح، بوون.[2]

ئیبراهیم ئەحمەد لە لێدوانێکی تریدا دەستەواژەی لقی سلێمانی (ژێ. کاف)ی پێ هەڵەیەو دەڵێ: "(ئەوەی کوردستانی عێراق) ناوی (لقی کوردستانی عێراق)بوو، نەك لقی سلێمانی، چونکە لە زاخۆ، شەقڵاوە، دهۆك، هەولێر، تەنزیمان هەبووە.[3]

---

[1] گۆڤاری نیشتمان، ژمارە (٥)، لا: (١٠) ی ڕێبەندانی ١٣٢٢ھ، دوو پیتی (ئا/ك) هێمان هێمان بۆ شاری سەقز سێ پیتی (ب/ئا/م)یش هێمایە بۆ شاری سلێمانی.

[2] ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ: ٢١٢٧، لە ٢٣/٤/٢٠٠٠، لا: ٩.

[3] ژیانو بەسەرهاتی عبد الرحمن زەبیحی، عەلی کەریمی، لا: ٣٦٣.

**سەبارەت بە (لقی کەرکوک)ی (ژێ. کاف)و ناوچەی گەرمیان:**

لە مانگی (مارس)ی ساڵی ١٩٤٤ سەرکردایەتی (ژێ. کاف)کەسێك بە ناوی (محەممەد ئەمین شەرەف)یان ناردەکەرکوك، وەك نوێنەری کۆمەڵەی ناوبراو[١] عبد القادر دەباغی لە نامەیەکیدا دەڵێت: "لەو ماوەیەدا من سەفەرێکی سلێمانیم کردو لقی کۆمەڵەم دامەزراندو گەڕامەوە... بەڵام کۆمیتەی ناوەندی (پەروەندەی گەرمێن) (گەرمیان)یان جویێ کردەوە.[٢]

جەختکرنەوە لەسەر چالاکی (ژێ،کاف) لە کوردستانی بندەستی عێراق، لە بەڵگەنامەکانی سۆڤیەتدا تۆمار کراوە. لە ڕاپۆرتێکی کونسولی سۆڤیەت لە شاری ورمێ کە بۆ سەرانی خۆی لە مۆسکۆ ناردوویەتی دەڵێت: "کۆمیتەی کوردی(ژ.ك) لە١٩٤٢ بەدەستپێشخەری هێندێ کوردی دیموکرات لەعێراق، بۆ یەکخستنی بەربڵاویی هەموو هێزە دیموکراتییەکانی بەشەکانی کوردستان پێکهاتووە... لە سەرەتای ١٩٤٥ کۆمیتەی(ژ.ك)لە ناوچە کوردنشینەکانی باشوور–ڕۆژهەڵاتی تورکیای هاو سنوریئێران‌و عێراق، دەستی بەڕێکخستنی شانەکانی خۆی کردووە.."[٣]

---

[١] کۆماری (١٩٤٦)ی کوردستان، ویلیام ئینگلتون، وەرگێڕانی محەممەدی صەمەدی، لا: ٧٢، هەروەها سێبەری ئازادیی، کەمال عبد الله یی، بنکەی ژین، ٢٠٠٨، لا: ٧٤.

[٢] ژیانی زەبیحی، عەلی کەریمی، لا: ٤٠١. هەروەها لە ژمارە (٥)ی گۆڤاری نیشتمان، لا: ١٠، باسی ئەم هەواڵ‌و چالاکییە کراوە. هەروەها: تاریخ مهاباد، صمدی، ص:١١٤.

[٣] ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەردەمی دووەم جەنگی جیهانیدا، ئەفراسیاو هەورامی، لا: ١٤٣–١٤٩.

نوسەری ڕووسی ناسراو (لازاریف) ئەو زانیارییە زیاد دەکات کە (ژ.ک)وەك ڕێکخراوێکی نەتەوەیی لەسەر ئاستی گشتی هەموو کورد ناسرا بوو، چونکە بانگەشەی بۆ کوردستانی گەورە لە دەریای سپی ناوەڕاستەوە تا کەنداوی فارس گرتبوەوە، لە بەدرخانییەکانی دانیشتووی بیری ئەوە (ئەو باسە هەبوو) کە مەڵبەندی یەکەمی پشتیوانانی خەباتی کوردی بوو، بەڵام چالاکیی ڕاستەقینەی(ژ.ک)لەناو ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بوو.[1] هەرچی (ئارچی رۆزفلت)[2]یشە دەڵێت: "لە موسڵو کەرکوكو هەولێرو سلێمانیو ڕەواندوزو شەقڵاوەی عێراق، لقی کۆمەڵەی(ژ.ک)کرایەوە، تەنانەت لە تورکیاش لقێکی هەبوو، کە سزای چالاکی کوردانە تیایدا، تیاچوونو مەرگ بوو.[3]

---

[1] المسألة الكردية، لازاريف، ص: ٣٦٥.

[2] (ئارچی رۆزفلت)ی کوڕ، یاریدەدەری سەربازی کونسوڵی ئەمریکا لە تاران لە ساڵانی ساڵانی ١٩٤٦–١٩٤٧، یەکێك لەو چوار ئەمریکییە بوو کە دیداری کرد لەگەڵ شەخسی پێشەوا قازی محەممەد لە کاتی کۆماری کوردستاندا.

[3] کردهاو کردستان، درك کینان، ص: ١٧٨، ئەسڵی ئەم وتارە لە گۆڤاری (خاورمیانە) بەرگی ١، لە ١٩٤٧ بڵاو کراوەتەوە.

# بەشی سێیەم

# چەردەیەك لە چالاكیی‌و

# دەسكەوتەكانی (ژ.ك)

**(ژێ. کاف) پەروەرشگایەکی ئەخلاقیو مەکۆیەکی سیاسی بوو:**

بەپێی ئەو ئاکارو تایبەتمەندییانەی ئاماژەمان بە هەندێکیان کرد، دەردەکەوێت کە بەرپرسو ئەندامو کادێرانی ڕێکخراوی (ژ.ك) توانیویانە لێکهەڵپێکانێکی زۆر ژیرانە بکەن لە نێوان هەردوو لایەنی ئەرکە ئاینییو نەتەوەییەکاندا، بۆیە هەروەك لە ڕەهەندە سیاسییەکەوە زۆر کاراو چالاك بوون، لە لایەنە ئاینییەکەشەوە، بەردەوام لە خەمی زیندووکردنەوەی بەها ڕەوشتییە بەرزەکاندا بوون، کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام جەختی لەسەر کردوونەتەوە. بۆیە وەك محەممەدی صەمەدی دەڵێت: "ئامانج و پێڕەوی ناوخۆو پرۆگرامی حزبی (ژ.ك) هاوجووتی ئاینی پیرۆزی ئیسلام ڕێکخرا بوو." دواتر لەبەر هەمان هۆ دەڵێ: "هەر ڕێوشوێنێ بە شێوەی بنەڕەتیی پێچەوانەی ئیسلام بوایە، لە کۆمەڵەی (ژێ.کاف)دا ڕەتدەکرایەوەو پەسەند نەدەکرا."[1]

هەروەها دەڵێت: "لایەنی مەعنەویی ئیمانیی تەواو بەسەرکۆمەڵەی (ژێ.کاف)دا زاڵبوو، حزبێکی ئیسلامییو نەتەوەیی بوو، جگە بە میللەتی کوردەوە پەیوەندیی بە هیچ لایەکی ترەوە نەبوو."[2]

ئەگەر ئەم هەڵوێستەی بەڕێز (صەمەدی) لای کەسانێك وەرنەگیرێت – بەبیانووی ئەوەی بۆنی ئەوەی لێ دێت خۆی مەشرەبی ئیسلامیی بێت–

---

[1] مێژووی مەهاباد، محەممەدی صەمەدی، چاپی مەهاباد، لا: ١١٠.

[2] هەمان سەرچاوە، لا: ١١٧.

با گویّ له کەسێکی وەکو نووسەرو سیاسەتمەدار (نەوشیروان مستەفا) ڕێکخەری ئێستەی (بزوتنەوەی گۆڕان) بگرین، کە چۆن پاساوی کۆمۆنیست نەبوونی (ژیّ. کاف) باس دەکاتو دەڵێت: "لە هەلو مەرجی دواکەوتووی کۆمەڵایەتیی، ئابوریی، سیاسیی، فەرهەنگیی، کۆمەڵەی کوردەواریی ئەوسەردەمەدا... هێشتا زەمینەی پێکهێنانی ڕێکخراوی کۆمۆنیستی، یا سۆسیالیستی، ئامادە نەبوو. (ژ.ك) ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی یا تەنانەت مارکسیش نەبوو، بەڵکو وەك خۆی (واتە: ڕێکخراوەکە) نوسیبووی: لەسەر چوار کۆڵەکەی: "ئیسلامەتی، کوردایەتی، مەدەنیەت، صولحو ئاشتیخوازیی" دامەزرابوو، کاتیّ هەندیّ لە ناحەزو دوژمنانی تاوانی کۆمۆنیستییان بەپاڵدان، دەستبەجیّ سکرتێری کۆمەڵە (ع.بێژەن) بەجواب هات."[1]

یەکێکی تر لە شایەتحاڵە هاوچەرخەکانی ڕووداوەکانی ئەو کاتە کە بۆ خۆیشی ئەندامێکی چالاکی (ژ.ك) بووە، نوسەری گەورە (عبد الرحمن شەرەفکەندی)، ناسراو بە (هەژار) بوو، کە لە یاداشتەکانیدا دەڵێت: "زۆر کەس لایان وایە کە حزبی (ژیّ. کاف) ڕووسان دروستیان کردووە، کە خوا هەڵناگریّ ڕاستی بۆ نەچوون. کاتیّ کە حزب بۆ هەوەڵجار لە سابلاغ

[1] حکومەتی کوردستان، نەوشیروان مستەفا، لا: ٧٤.

دامەزرا، ڕووس هیچ ئاگایان لیٚ نەبوو، دەمانویست بەڕەسمیی بماننناسن‌و یارمەتیمان بەن، بەڵام هەرچی کۆششمان دەکرد جوابیان نەدەدایەوە."[1]

بە پێچەوانەی ئەو گومانانەوە لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی سۆڤیەتدا، ڕاپۆرتی وا هەیە کە ئەندامانی کۆمار بە کەسانی کۆنەپەرست‌و بانگخوازی ئیسلامیی دەناسێنێ. بۆ نمونە لە بەڵگەنامەیەکی (٩) لاپەڕەییدا کە تایبەتە بە هەواڵی سیخوڕیی خۆیان بەسەر شارەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە لە شارە کوردییەکانی سەر بە پارێزگای ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ناوی چەند کەسێك دێنێت کە گوایە کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی دەسەڵاتی کوردیی کە مەبەستی لە پیاوانی کۆمارە –کە هەمان کادیرەکانی (ژ.ك) بوون– گوایە فۆرمی ئەندامێتیی‌و پشتیوانیی بۆ (دەوڵەتی کورد) بە خەڵکیی پڕ دەکەنەوە. بەهەرحاڵ لە بەشێکی ئەو بەڵگەنامەیەدا ناوی (حاجی سید محەممەد) ناوێك دەبات کە بە نوێنەرایەتی مەهاباد چووە بۆ شاری (ماکۆ)، کە گوایە "لە ڕێگەی بەیاننامەوە دەستی کردووە بە پڕوپاگەندەی ئیسلامیی."[2]

---

[1] چێشتی مجێور، هەژار، چاپی فەرەنسا، لا: ٦٥.

[2] دەقی ئەو ڕاپۆرتە سیخوڕییەی سۆڤیەت، لە (٩) لاپەڕەدا، لە لا: ٥٨–٦٧ ی (ڕووداوەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی سۆڤیەتدا)، نووسینی: د.ئەفراسیاو هەورامی، بڵاوکراوەتەوە.

له بەڵگەنامەیەکی تری سۆڤیەتیدا سەبارەت بەهەمان کەسایەتی دەڵێت: "لە باتی چالاکیی حزبییو سیاسی، خەریکی چالاکی ئوصولی (ئاینی)یە."[1]

[1] هەمان سەرچاوە، لا: ١١١.

## گەواهییەکی (هێمن)ی شاعیر بۆ (ژێ.کاف):

کەڵەشاعیری هەستناسکی کورد (هێمن)ی موکریانی، کە یەکێکە لە ئەندامانی دەستەی یەکەمی(ژ.ک)لە بیرەوەرییەکانیدا باس لەوە دەکات کە بە هۆی بەچکەشێخانی خزمی خۆیەوە مەحروم بووە لە خوێندنی حوجرەی مزگەوتی شێخی بورهان‌و فێری زۆر شتیان کردووە، وەك تێکەڵیی لەگەڵ کچان‌و ڕەشبەڵەك‌و هەندێك بزێویی تر کە بە نەریتی ماڵێکی وەکو (هێمن)ی نەخواردووە، کە کوڕی سید حەسەنی (شیخ الاسلام)ی موکری بووەو بنەماڵەیەکی ئاینیی ناسراو بوون[1].. بەڵام پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٤٢دا بۆتە ئەندامی(ژ.ك)بە تەواویی ڕەفتاری گۆڕاوە، هەم لە ڕووی ئاینییەوە بۆتە کەسێکی مولتەزیم، هەم لە ڕووی نەتەوەییشەوە بۆتە کەسێکی خەمخۆرو چالاك‌و ئامانجدار.

چاکتر وایە گوێ لە (هێمن) خۆی بگرین کە بە داڕشتنە ناسکەکەی دەڵێت: "ئەندامیی کۆمەڵەی(ژ.ك)گۆڕانێکی سەیری بەسەر مندا هێنا. شەوو ڕۆژ لەبیری کۆمەڵەدا بووم، کە ئەویش ئامانجی ڕزگارکردنی نەتەوەکەم بوو. هەموو ئاوات‌و ئارەزوی تایبەتی خۆم وەلانا. ئیتر بە

[1] وێنەی ناوبراو لە کۆتایی ئەم کتێبەدا ببینە.

تەنیا دەستم لەشەوداوەتو[1] هەڵپەڕینو ڕێبازگرتن (مەبەستی وەستانی سەرەڕێیە)و لەسەر سوانە وەستان، هەڵگرت. بەڵکو وەك صۆفی تۆبەکار تووشی هەر کیژو ژنێکی کورد دەهاتم، سەرم دادەخستو چاوم لێ نەدەکرد، چونکە ئەوەشم بە خیانەت دەزانی."

(هێمن) ڕاستگۆیانە لەوە زیاتر ڕونکردنەوەی تر ئەدا لەسەر کاریگەریی(ژ.ك)لەسەر خۆی، بەتایبەتی لەڕووی ڕەوشتییەوەو دەری دەخات کە لەوکاتەدا دڵی بە کچێکەوە بووە، بەڵام وازی لەو بابەتە هێناوە، دەڵێت: "بۆ خاتری کۆمەڵە، من دەستم لە (یارێك) هەڵگرت، کە بە گەورەترین مەحرومیەتی ژیانمی دەزانم ... لەو ساڵانەی دواییدا دۆستێکم گوتی: "تۆ بۆ گوتوتە: ئاشقی چاوی کەژاڵو گەردنی پڕخاڵ نیم[2]..؟ گوتم:کاکە! من قەت درۆم لەگەڵ هیچ ئیحساسی دەروونیی خۆم

---

[1] شەوداوەت (شەودەعوەت): ئەوە بوو کە شەوانی مانگەشەوی هاوین، یان لە زستانیشدا، خزمو دراوسێیان لە ماڵان کۆدەبوونەوەو هەندێکجار کوڕانو کچان تێکەڵ دەبوون، هێمن دەڵێت: عادەتێکی ئەو کاتە بووەو گەورەکانیش ڕازی نەبوون.

[2] مەبەست شیعرێکی چواربەیتی (هێمن) ە، کە ئەمەی تێدا هاتووە:

عاشقی چاوی کەژاڵو گەردنی پڕخاڵ نیم
عاشقی کێوو تەلانو بەندەنو بەردم ئەمن
گەر لە برسانو لەبەر بێبەرگیی ئیمڕۆ ڕەقهەڵێم
نۆکەریی بێگانە ناکەم، تا لەسەرعەردم ئەمن
من لە زنجیرو تەنافو داروبەند باکم نیە
لەتلەتم کەن، بمکوژن، هێشتا دەڵێم: کوردم ئەمن ←

نەکردووە. بەڕاستیی لەوکاتەدا من لە خەیاڵی چاوی کەژاڵو گەردنی پڕخاڵدا نەبووم.." پاشان هێمن هۆکاری ئەم گۆڕانکارییە باس دەکاتو دەڵێت:

"کۆمەڵە، بێجگە لەوەی کۆمەڵەیەکی سیاسیی بوو، کۆمەڵەیەکی کۆمەلآیەتیی ئەخلاقیش بوو. زۆربەی ئەندامەکانی بڕوایان بەو سوێندە هەبوو کە خواردبوویانو دەستیان لە ئاکاری دزێو هەڵگرتبوو، دزی، خراپەو نێوان ناخۆشی لە کزیدابوو، دەتوانم بڵێم، جێگایان هەر نەما."[1]

ئەوە بەشێك بوو لە بەڵگەی هەستی ئایینیو قەناعەتی ئەخلاقیی، لە زمانی شایەتحاڵەکانەوە. بۆ سەلماندنی هەستی نەتەوایەتی کۆمەڵەی (ژێ.کاف)یش، سەرەڕای ئەو دوپاتکردنەوانەی لە وتارو هەڵوێستی پیاوانی ڕێکخراوەکەدا دەردەکەوێت، ئەم پەرەگرافەش وەك بەڵگە دەهێنمەوە کە بەشێکە لە دەقی بەیاننامەی (ژ.ك) کە گەرماو گەرم لەگەڵ باسی گفتوگۆی ئێرانو سۆڤیەت لەسەر پێبەخشینی ئیمتیازی نەوتی ئێرانو ڕای دەگەیەنن کە کوردستان بەشێوەی نادادپەروەرانە دابەشکراوە بەسەرچوار ولآتداو ناوی سنوورەکان بەدەستکرد دەباو سەبارەت بەو گرێبەستەش لەگەڵ سۆڤیەت دەڵێت: "کوردی ڕۆژهەلآت،

---

→ بڕوانە: دیوانی هێمن ، تاریك‌و ڕوون، چاپی سلێمانی، لا: ٨٩.

[1] دیوانی هێمن، لا: ٤٦ – ٤٧.

یەکێتی سۆڤیەت ئاگادار دەکاتەوە کە هەڵوێستی دەوڵەتی ئێران سەبارەت بەڕەتکردنەوەی ئیمتیازی دەرهێنانی نەوت، شەرمەزارو مەحکوم دەکات."[1]

(حەسەن ئەرفەع) –کە لە ساڵانی١٩٤٤بۆ ١٩٤٦ سەرۆکی سوپای هەموو ئێران بووەو ماوەیەك سەفیری ئێران بووە لەتورکیا–دەڵێت: "کۆمەڵەی (ژ.ك)بە تەواوی مەحەللی بوو، ئامانجیشی بەدەستخستنی ئۆتۆنۆمی بۆ ڕۆژهەلاّتی کوردستانو دواتر پێکهێنانی کوردستانی گەورە بوو."[2]

**هەوڵەکانی (ژ.ك) بۆ سەربەخۆیی کوردستان**

ئاشکرایە کە کۆمەڵەی (ژ.ك)، بەپێی لێدوانی بەرپرسانییو ئەدەبیاتی خودی کۆمەڵە لە تەمەنی خۆیدا، هەوڵەکانی چڕکردبوەوە لە ئامانجێکدا کە(سەربەخۆیی کوردستان) بوو، بەردەوام باسی لە کوردستانی گەورەو یەکخستنەوەی پارچەکانی دەکرد. من کە ئێستە ئەم باسە دەنووسم، ژمارەی یەکەمی گۆڤاری (نیشتمان)ی زمانحاڵی (ژ.ك)م لەبەردەستدایە، کە لە پوشپەڕی ١٩٤٣ دەرچووە، لە ژێر ناونیشانی (ئامانجی ئێمە) لە یەکەم لاپەڕەیدا نووسیویەتی: "کۆمەڵەی (ژ.ك) بە پێچەوانەی هەموو بەرهەڵستو قۆرتو چەڵەمێکی وەکو دوژمنایەتی خۆبەخۆ، دووبەرەکی

---

[1] ڕووداوەکانی ڕۆژهەلاّتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی سۆڤیەتدا، د. ئەفراسیاو هەوارمی، لا: ٩٥.

[2] کردها، یك بررسی تاریخی– سیاسی، حسن أرفع، چاپی تاران، ١٣٨٢ هەتاوی، لا: ١١٦.

خۆخۆیی، پوڵپەرستیی‌و بێگانەدۆستیی، کە لە ڕێگای پێشکەوتن‌و سەرکەوتنی کورددا هەیە، بەهەموو هێزی توانای خۆی تێئەکۆشێت تا زنجیرو کەلەبچەی دیلیی‌و ژێردەستیی لە ئەستۆی نەتەوەی کورد داماڵێ، لەم کوردستانە لەتوکوتەی ئێستا، کوردستانێکی گەورەو ڕێك‌و پێك بێنێتە بەرهەم، کە هەموو کوردێك بەسەربەستی تێیدا بژی."[1]

بۆ دەرکەوتنی جیاوازیی سەقفی داواکاریی (ژ.ك) و (حزبی دیموکراتی کوردستان)، دەبێت ئەو دەقەی سەرەوە بەراورد بکرێت لەگەڵ ئەم دەقەی خوارەوەی حزبی دیموکراتدا کە دەڵێت: "نەتەوەی کورد لە داخیلی ئێراندا بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری مەحەللی خۆی، سەربەخۆو ئازاد بێت، وە لە سنوری دەوڵەتی ئێراندا نەتەوەی کورد خودموختاریی خۆی بخاتە دەست خۆیەوە."[2]

ئەمە لە ڕووە نەتەوەیی‌و نیشتمانییەکەوە، لە ڕووە ئاینییەکەشەوە لە کاتێکدا (ژ.ك) دەیگوت: "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد لەسەر چوار پایەی (ئیسلامەتی)، (کوردەواریی)، (شارستانێتی)، (ئاشتی)، ڕاوەستاوە، حزبی دیموکرات پایەی (ئیسلامەتی)و (کوردەواری)یەکە لادەبات‌و لە مادەی (٢٩)ی پڕۆگرامیدا دەڵێت:"حزب لەسەر ئەم پایانە دامەزراوە: ڕاستی (حەقیقەت)، دادپەروەریی، شارستانیی."

---

[1] گۆڤاری نیشتمان، زمانحاڵی (ژ.ك)، ژمارە: (١)ی پووشپەڕی ١٩٤٣.

[2] جەمهوری کوردستان، مەحمودی مەلا عیززەت، لا: ١٨.

یەکێکی تر لەو کەسانەی کە ویستوویەتی لە نهێنی گۆڕینی (ژ.ك) بۆ (حزبی دیموکرات) تێبگات، بەڕێز (کەمال عبد الله)ییە، لە (سێبەری ئازادی) دا، کە تەرخانی کردووە بۆ مێژووی خەباتی (ژ.ك)، پاش هێنانی ڕاو سەرنجی هەندێك نووسەرو شایەتحاڵ، دەڵێت: "ڕووسەکان بە ڕواڵەت بووبوونە دەوڵەتێك، کە بە قسەی خۆیان یارمەتی گەلانی چەوساوەو یەك لەوان کوردیان دەدا، بەڵام هەرکەدیتیان ئامانجو دروشمەکانی کۆمەڵەی (ژ.ك) لەگەڵ بەرژەوەندیی ئەوان یەکناگرێتەوە، هەرچی لەو ماوەیەدا کردیان، لە جاسوسیو ئاژاوەنانەوەو ناکۆکیی سازکردنو فەرقو جیاوازیی دانانو تاڵانکردنی سامانەکانی گەلی کوردو لەخشتەبردنو هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی (ژ.ك)و دواتر پشتبەردانی کۆماری کوردستان، لەبەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان، هیچ قازانجێکی بۆ گەلی کورد نەبوو. دیتمان کە لەگەڵ حکومەتی ئێران بەڵێنی ئەوەیان دانێ کە ئیمتیازی نەوتی باکوریان بدەنێ، چونکە پشتی کوردیان بەردا."[١]

هەروەها لە کاتێکدا مادەی (٤) پرۆگارمی حزبی (دیموکرات دەڵێت: "حزب لە چوارچێوەی سنورەکانی دەوڵەتی ئێراندا بە دوای ئامانجەکانیدا دەچێ!"[٢] (ژ.ك) ڕاشکاوانە قسەی لەسەربەخۆیی کودرستان دەکرد، وەك پێش کەمێك بینیمان لەژمارە (١)ی نیشتماندا دەڵێت:"(ژ.ك) تێئەکۆشێت

---

[١] سێبەری ئازادی، کەمال (عبد الله) یی، لا: ٣٩١.

[٢] دەقی بەیاننامەی دامەزراندنی حزبی دیموکراتی کوردستان– ئێران.

تا... کوردستانێکی گەورەو ڕێكو پێك بێنێتە بەرهەم، کە هەموو کوردێك بەسەربەستی تێیدا بژی."[1] ئەمە لەچەندین جێدا دووبارەبۆتەوە.

بەداخەوە لە هەموو ژمارەکانی ڕۆژنامەی (کودرستان)ی ئۆرگانی (حزبی دیموکراتی کوردستان) بۆ یەکجاریش باسی کوردستانی گەورەو یەکخستنی پارچەکانی تر نەکراوە.

بەڵێ زۆرجێی داخ بوو کە خەبانگێڕانی کورد لە لوتکەی ئەو داواکارییە بەرزانەوە، کە هەوڵدان بوو بۆ هێنانەدی خەونی تاکە تاکی کوردزمانان لەسەربەخۆیی کوردستانەوە، دابەزنە ئەو ئاستەی کە لە بەیاننامەی حزبی دیموکراتدا هاتوە: "میللەتی کورد لە ئێراندا لە هەڵسوڕانو پێکهێنانی کاروباری جێگای خۆی ئازاد بێتو لە سنوری دەوڵەتی ئێراندا خودموختار بێت."![2]

ئەوەش وەفای ئێران بوو، کە سەرەڕای ئەو هەموو دەستشلکردنو کشانەوەیە، ڕەحمی بە سەرکردەی گەورە قازی محەممەدو هاوەڵانی نەکردو پاش ساڵو نیوێك لەو بەیاننامەیە، لەسێدارەی دان.

بۆیە بە کەمێك وردبوونەوە لە جیاوازیی بۆچوونو هەڵوێستەکانی (ژ.ك) لەگەڵ (دیموکرات)ی ئەوکاتە، بۆمان دەردەکەوێت کە زۆر لەخۆکردنێك،

---

[1] گۆڤاری نیشتمان، زمانحاڵی (ژ.ك)، ژمارە: (١)ی پووشپەڕی ١٩٤٣.

[2] دەقی خاڵی یەکەم لە بەیاننامە (٨) خاڵییەکەی حزبی دیموکراتی کوردستان- ئێران، کە لە ١٩٤٥/١٠/٢٣ بڵاوکرایەوە.

یان زۆرلێکرانێك هەبووە، بەتایبەتی لەوەدا دەردەکەوێت کە نووسەرانی بەیاننامەکە –یان نوسەری بەیاننامەکە–کە گومان زۆرە خودی شەهید قازی محەممەد بووبێت – زۆر خۆی لاداوە لە وشەی (حزب)، بۆیە شەش جار لەجێی حزبی دیموکرات، دەستەواژەی (کۆمەڵەی دیموکراتی کوردستان) بەکاربراوە.

من پێم وایە هەر لەبەر ئەوەیشە خودی پێشەوا قازی محەممەد لە دیدارێکی ڕۆژنامەگەریدا لەگەڵ ڕۆژنامەیەکی تاران، ئەو پڕوپاگەندەیە ڕەتدەکاتەوە کە حزبێکی کۆمۆنیستییان پێکهێنابێ‌و دەڵێت: "حزبێکی ئاشکرامان هەیە، ئەویش فیرقەی دیموکراتی کوردستانە." [١]

ئەم جۆرە مامەڵەکردنە لەگەڵ وشەی (حزب)و خۆلادان لە بەکارهێنانی، لایەنێك لە کەش هەواکەی ئەوکاتەمان بۆ دەنوێنێ، کە نەیارانی کورد پڕوپاگەندەیان کردبوو، گوایە کوردیش بوونەتە کۆمۆنیستۆ ڕێنوێنییان لەلایەن حزبی (تودە)و (کۆماری ئازربایجان)ەوە بۆ دێت. بۆیە هەندێك لە توێژەران پێیان وایە کۆمۆنیستەکان زۆر لە تەلاشدابوون بۆ دەستوەردانە کاروباری قازیو کۆمارەکەو گەلی کورد بەگشتی، تەنانەت بەڵگەش بەوە دێننەوە کە دەقی بەیاننامەکەی (دیموکرات) لەو دەستخەتەدا (کۆمەڵە)

---

[١] دەقی ئەو دیدارە لە ژمارە (١) و (٢)ی ڕۆژنامەی (کوردستان) بڵاو کراوەتەوە.

نوسراوە، بەڵام کە لە شاری (تەبریز) چاپکراوە، کراوەتە (حزب)[1] وەك دژایەتییەکی کۆمەڵەی (ژ.ك) کە کۆمۆنیستەکان زۆر لێیان زیز بوون.

سەیری ئەم دەقەی خوارەوە بکە، کە بەشێکە لە ڕاپۆرتی کونسولی سۆڤیەت لە شاری ورمێ، کە لە ساڵی ١٩٤٥دا نوسراوە، ئەوجا لە ڕادەی ڕقو قینی سۆڤیەتو کۆمۆنیستەکان لە کۆمەڵەی (ژ.ك) تێدەگەی، دەڵێت: "هەوڵبدەن بۆ مافی یەکسانی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا، لەسەر بنچینەی دیموکراتییانەی وڵات.کوردەکانیش زۆرجار لە لایەن سەرکردەکانی پارتی (ژێ.کاف)ەوە درۆیان لە گەڵداکراوە، کۆمەڵە بەرەبەرە لە پێشچاوی خەڵك دەکەوێ، ئەندامەکانی سەرلەنوێ چوونە ڕیزی پارتی تازە دروستکراو، واتە حزبی دیموکراتی کوردستانەوە."[2]

ئەگەر ئەم لێکدانەوانە ببەستینەوە بە قسەو هەواڵێکی (حەسەن ئەرفەع) سەرۆکی ستادی ئەوکاتەی سوپای ئێرانەوە –کە لە نزیکەوە لەگەڵ ڕووداوەکان دەژیا– ڕەنگە سەرەداوێکمان دەستکەوێ، ناوبراو دەڵێت: "بەرنامەی ئەم حزبە (حزبی دیموکراتی کوردستان)، کە

---

[1] بڕوانە: سێبەری ئازادی، لا: ٤٠٢.

[2] ڕۆژهەلاتی کوردستان لە سەردەمی دووەم جەنگی جیهانیدا، د.ئەفراسیاو هەورامی، لا: ١٣٧.

لەجێی(ژ.ك)دانرا، بە یارمەتی (هاشمۆف) كونسوڵی سۆڤیەت لە (ڕەزائیە) ئامادە كرا. (!)"[١]

سەرەداوەكەی كە مەبەستمە ئەوەیە، بەلای كەمەوە كۆمۆنیستەكان‌و دەوڵەتی سۆڤیەت زۆر هەوڵیانداوە كە هاوشێوەی (فیرقەی دیموكرات)ی ئازەربایجان، حزبێكی كوردیش دروست بكەن‌و بیكەنە دەروازەیەك بۆ دزەكردنە ناو كۆمەڵگەی كوردی. ئاماژەكانی پاش دامەزرانی حزبی (دیموكراتی كوردستان)و كاڵبونەوەی ڕەهەندە ئیسلامییەكەی كە لای كۆمەڵەی(ژ.ك)زۆر تۆخ بوو، بگرە یەكەم پایەی حزبەكە (ئیسلامەتی) بوو، هەروەها دەستبەرداربوون لە (كوردستانی گەورە) بەرەو (خودموختاریی لەناو ئێران) ئەوەمان بۆ دووپات دەكەنەوە، كە ئەوكاتە هەوڵی لەڕێ لادان زۆر بووەو بە شێوەیەك لە شێوەكان بەشێك لەوهەوڵانە سەریان گرتووە، هەرچەندە زۆرێك لە كادیرە شۆڕشگێڕو دڵسۆزەكانی حزبی دیموكرات، بەرەنگاریی پیلانەكان بوونەتەوە.

من دڵنیام كە (حەسەن ئەرفع)و هاوشێوەكانی، بەنیازی پاك ئەو هەواڵانەیان بڵاو نەكردۆتەوە، پشتیش بەوە نابەستم بۆ ئەو ئەگەری پیلانی گۆڕینی پرۆگرامە، بەڵام وەك وتم دەكرێت ئەم جۆرە هەواڵ‌و زانیارییانە بكەینە سەرەداوێك بۆ ئەو ڕاستی‌و زانیارییە بەرچاوانەی كە خۆمان دواتر بینیمانن.

---

[١] كردها، يك بررسى تاريخى وسياسى، حسن أرفع، ص:١٣٥.

## دیاریکردنی ئاڵای کوردستان

(هاشمۆف) و (ئەکبەرۆف) لە ڕاپۆرتی خۆیاندا کە بە ناوی کونسوڵی سۆڤیەت لە ورمێ لە ساڵی ١٩٤٥دا ئاڕاستەیان کردووە، دەبارەی دروستکردنی ئاڵا لەلایەن (ژ.ك)وە، دەڵێن: "پارتی(ژ.ك)ئاڵای نەتەوایەتی بۆ کوردستان دروستکردوە، کە بریتیە لە سێ ڕەنگو ڕەنگەکانیش بە پێچەوانەی ئاڵای دەوڵەتی ئێرانن. ڕەنگی سوور لە سەرەوەیە، لە ژێرئەو، ڕەنگی سپییە، لە خوارەوەش ڕەنگی سەوز، لە ناوەندەکەشی هەتاو کێشراوە.")[1]

جێی ئاماژەیە کە (ژ.ك) بیرۆکەی ئەم ئاڵایەی لە (جەمعیەتی تەعالی کوردستان) وەرگرتووە کە لە ساڵی ١٩٢٠دا کێشاویەتی.. ئەو ئاڵایە لەلایەن نووسەری گشتی (کۆمەڵەی تەعالی)یەوە بە ناوی (زین العابدین) کێشراوە.[2]

ئەم ڕاستییە لەلایەن چەند کەسێکی ترەوە پشتڕاست کراوەتەوە، لەوانە: قەدری جەمیل پاشا (ناسراو بە زانار سولپی)، ئیحسان نوری پاشا لە بیرەوەریەکانیدا، کە خۆی بۆ ماوەیەك سەرۆکایەتی بزوتنەوەی (ئاگری)ی لە ئەستۆ بووەو دەڵێت لە (١٩٢٠) جەمعیەتی تەعالی

---

[1] ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیە. ئو٣٠ /٣٢٧/ پ ٣٦٩، لا: ٥١– ٥٤، (بەنەقلێ (بەنەقلێ لە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، حامد گەوهەریی، لا/ ١٤٥).

[2] کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، حامد گەوهەریی، لا: ١٤٦.

کوردستان پەسەندی کردبوو، بۆ یەکەمجار من ئەو ئاڵایەم لەسەر بەرزیی لوتکەی چیای ئاکریێ هەڵکرد.[1] هەروەها (چیا بەدرخان) لەسەر بەرگی کتێبی (ڕاپەڕینی کورد دژی تورك) کە ساڵی ١٩٢٨ لە ئەمریکا بە ئینگلیزی چاپبووە، وێنەی ئەو ئاڵایەی بڵاوکردۆتەوە. شایانی باسە شێوەی دووگوڵەگەنمو قەڵەمێك کە زیادکراوە بەو ئاڵایە، لەلایەن حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پاش هەڵوەشانەوەی (ژ.ك) زیادراوە.[2]

---

[1] بیرهاتی ئیحسان نوری، هێڤی، گۆڤاری کلتوری گشتی، ژ٢، لا: ٢١ باریس، ١٩٨٤.

[2] بڕوانە: کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، لا: ١٤٨.

## ڕۆڵی (ژ.ك) لە (پەیمانی سێ سنور) داو باسێك لە بەشدارانی

زۆرێك لە سەرچاوە مێژووییەکان باس لە کۆبونەوەیەکی نهێنیی دەکەن لە نێوان نوێنەرانی (ژێ.کاف)و نوێنەرانی حزبی هیوای باشوری کوردستان،[1] هەندێکیش ئاماژە بە بەشداریی نوێنەرانی کوردانی ڕۆژئاواو باکوور دەکەن. گوایە ئەم کۆبونەوەیە لە چیای (دالآنپەر)ی سەر بە (پیرانشەهـر) نزیك لە هەر سێ سنوری ئێران، تورکیا، سوریا، بووە، لەوێشەوە ناونراوە: (پەیمانی سێ سنوور)، ئەمەش لە مانگی (ئووت) (ژوئەنی) ساڵی ١٩٤٤ز،[2] جۆزەردانی١٣٢٣ی ك. هـ.

ئەم هەواڵە بە شێوەیەی جۆراوجۆر بەزیادو کەمەوە بڵاوبۆتەوە، هۆکاری سەرەکی ئەوەیە پێشتر قسەم لەسەر کرد، کە قسەی بیانییەکان بۆتە سەرچاوەو نووسەرانی جیلی پاش ڕووداوەکان، هەموو لەوانی دەگێڕنەوە. سەرەتا (ویلیام ئینگلتون) لە کتێبەکەیدا (کۆماری ١٩٤٦ی کوردستان) کە محەممەدی صەمەدی وەریگێڕاوە، باسی ئەو پەیمانی سێ سنوورەی

---

[1] حزبی هیوا، ساڵی ١٩٣٩ لەلایەن ژمارەیەك ڕۆشنبیرو ئەفسەری کوردەوە دامەزراوە، دواتر بوونە دوو دەستەو ناکۆکی تێکەوت، ڕەفیق حیلمی سەرۆکی بوە، لە ١٩٤٤ هەڵوەشایەوە.

[2] بەشێوەی جیاجیا لەم سەرچاوانەوە ئەم باسە هاتووە: ئاڵەکۆکی غەنی بلوریان، لا: ٣٢. چێشتی مجێوری هەژار، لا: ٦٤، کۆماری ١٩٤٦ی کوردستان، ویلیام ئینگلتون، لا: ٧٢. مێژووی هاوچەرخی نەتەوەیی کورد، دیڤید مەك داوڵ، لا: ٤٠٥. سێبەری ئازادی، کمال عبدالله یی، لا: ١٨٢– ١٨٥.

کردووه،[1] ئیتر به دوایدا هەموو نوسەرانی تر ئەو زانیارییانەیان دووباره کردۆتەوه، وەك (دێویه مەك داولّ) له (مێژوی هاوچەرخی کورد)و (کرێس کۆچیرا) له (جولآنەوەی نەتەوەیی کورد)و زۆرێك له نووسەره خۆماڵییەکانیش، که له پاش پەنجاکانەوه باسی مێژووی کۆمار، یان (ژێ.کاف)، یان به گشتی باسی مێژووی هاوچەرخی کوردستانیان نوسیوه، وەك نمونەی بلوریانو کەسانی تریش.

بەهەرحالّ به مەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەو قسه دژبەیەکانەیه ئەو ڕاستییه مێژووییەی تێدا شێوێنراوه، به تایبەتی لەسەر ئەو بەشەی ئایا (پەیمانی سێ سنور) ڕێکەوتنی نێوان (ژێ.کاف)و (حزبی هیوا)یه، به گوزارشتێکی تر، کاری هاوبەشی کوردستانی (ڕۆژهەلآتو باشور)، یان کوردانی ڕۆژئاواو باکوریش بەشدار بوون..؟

سەرەتا دیاره که حەزکردن به دامەزراندنی هێزێکی سیاسی بۆ کوردستانی گەوره، خولیای سەرۆکه کوردەکانو ڕۆشنبیرانی کورد بووه، هەر له کاتی کۆمەڵەی (تەعالی کوردستان) (١٩٠٨)، کۆمەڵەی کوردستان (کوردستان جمعیتی)، (کۆمەڵەی هیوا) (١٩١٠)و حزبی (خۆیی بوون) (١٩٢٧) له باکوری کوردستان، تا حزبی شۆڕشو حزبی ڕزگاری له باشوری کوردستان، حزبی (ڕزگاریخوازی کوردستان)، (ژیانەوەی کورد)و، حزبی (دیموکراتی کوردستان)، له ڕۆژهەلآتی کوردستان، له سالآنی

---

[1] له لا: ٧٢ی کتێبی ناوبراو.

سییەکان تا دواتری سەدەی ڕابردوو، جگە لە هەوڵی سیاسییە کوردەکانی ڕۆژئاوا لە قوناغێکی دواتردا، بەڵام ئەوەی کە دیارە ئەوەیە هیچ کام لەو حزبانە سەرکەوتوو نەبوون لە یەکخستنی هێزێکی یەکگرتووی کوردستانیی، چ لەبەر گرفتی ناوخۆی حزبەکانو هەلو مەرجە خۆماڵییەکان، چ لەبەر دەستێوەردانی نەیارانی کورد. ئەم بەشە لە شرۆڤەکردن لەمە زیاتر ئێرە جێگەی نیەو زیاتر من دەمەوێ باسێکی (پەیمانی سێ سنور)و ڕۆڵی (ژ.ك) بکەم.

(ولیام ئینگلتۆن) سەبارەت بە (پەیمانی سێ سنوور) –کە وتم یەکەم کەسە لەسەری نوسیوە– دەڵێت: "لە مانگی (ئووت)ی ساڵی ١٩٤٤ وتووێژێکی نهێنیی سەبارەت بە یەکێتی کوردستانی گەورە لە چیای (دالانپەڕ) –کە لەوێ سنورەکانی ئێرانو عێراقو تورکیا– گەیشتوونەتە یەك– پێکهاتو یەکتریان دیتەوە. ئەو پەیمانە بە نوێنەرایەتی کوردەکانی هەرسێ وڵات بۆ ئیمزای (پەیمانی دۆستایەتیو پشتیوانی لە یەکتر، بەستراوە، بڕیاری ناوبراو، بە (پەیمانی سێ سنور) ناوبانگی دەرکرد... نوێنەری کوردەکانی ڕۆژهەڵات کە لە لایەن (ژ.ك) ناردرا بوو، (قاسمی قادری) بوو، لە عێراق (شێخ عبد الله) لە گوندی (زینوێ) هاتبوو، نوێنەری کوردەکانی باکور (قازی مەلا وەهاب) بوو.[١]

---

[١] کۆماری ١٩٤٦ی کوردستان، ویلیام ئینگلتۆن، لا: ٧٢.

محەممەدی صەمەدی ئەوەی بۆ زیاد دەکات کە نوێنەری کوردانی هەرچوار دەوڵەت بوون، واتە ڕۆژئاواشی تێدابووەو نزیك ئاوایی (کولیج) بووە، لە نوێنەرانی کوردستانی باشوور ناوی (هەمزە عبد الله)و (محەممەد تەوفیق وەردی)و (سید عەزیزی گەیلانی زادە)و (میرحاج)و (مستەفا خۆشناو) دەبات، لە کوردانی ڕۆژئاواش (قادر بەگ)ی ناسراو بە (قەدری بەگ) لە نەوەکانی (جەمیل پاشا)ی دیاربەکر، لە کوردانی باکوریش (قازی مەلا وەهاب)و لە کوردانی ڕۆژهەڵاتیش (عبد الرحمن زەبیحی)و (محەممەد دڵشاد)و (حاجی ڕەحمان ئاغای ئیلخانی زادە)، جگە لە (قاسمی قادری قازی).[١]

نوسەری ڕووسی (م.لازاریف) یش وا دەردەخات ئەو کۆبونەوەیە لە ئابی ١٩٤٤ بەستراوەو لەلایەن کوردانی باکوریشەوە قازی مەلا وەهاب بەشدار بووە، پەیمانیان بەیەك داوە بۆ کاری هاوبەش لە پێناو خەبات لەڕێی کوردستانی گەورە.[٢]

سەیر ئەوەیە مامۆستا هەژار خۆی یەکێك بووە لە ئەندامەکان، بەڵام سەرچاوە ناوبراوەکان هیچ کامیان باسی ناکەن، خۆی لە (چێشتی مجێور)ەکەیدا ئاماژە دەکات کە حزب (واتە ژ.ك) ڕایسپاردین لەگەڵ میرزا قاسمی قادریو عبد الرحمن زەبیحی، هەرسێکمان بچین بۆ بەشداریی ئەو کۆبونەوەیە. پاشان باسی نوێنەرانی حزبی هیوا دەکاتو ناوی شێخ (عبد

[١] بڕوانە: ئاوڕێك لە مێژووی مەهاباد، محەممەدی صەمەدی، لا: ١١٤– ١١٥.

[٢] بڕوانە: (المسألة الكردية)، لازاريف، وەرگێڕانی: عبدی حاجی، لا: ٣٦٥.

الله)ی زینۆیو سەید عەزیزی شەمزینیو سەعیدی کانیمارانی دەبات، دواتر دەڵێت: "لەسەر دوازدە نوختە پێکهاتین، کە هەردوو حزب پێکەوە هاوکاری بکەنو مەعلومات پێکبگۆڕنەوە، جا چونکە لەو شوێنەی کە پێکهاتین بناری (داڵانپەڕ)و لایەکی (شەمزینان)و ئەملای (ئێران) بوو، ناومان نا: (پەیمانی سێ سنوور).

بەڵام هەژار نهێنییەکی گرنگ دەدرکێنێت کە دیارە سەرکردایەتی (ژ.ك) ڕازی بوون بەوە پەیماننامە دوازدە خاڵییەکە بڵاو بکەنەوە، بەڵام پاشان حزبی (هیوا) ڕازی نەبووە، بۆیە هەواڵیان بۆ (ژ.ك) ناردووە کە بڵاوی مەکەنەوە، تەنانەت ئەوەش دەردەخات کە ئامادەی چاپیان کردووە بۆ گۆڤاری (نیشتمان)و خستوشیانەتە ناو گۆڤارە ئامادەکراوەکە، بەڵام پێش بڵاوکردنەوەی دڕاندویانە.[١]

دیارە ئەم لێدووانەی مامۆستا هەژار پشتڕاستکردنەوەیەکی دەوێت، کە بەڕێز (کەمال عبد الله یی) ئەو کارەی کردووەو توانیویەتی لای مامۆستا (عبید الله ئەیوبیان) نوسخەیەکی ئەسڵی ئەو ژمارەیەی گۆڤاری (نیشتمان)ەی دەستکەوێ، کە هەژار باس لە دڕاندنی ئەو بەیاننامەیەی پەیمانی سێ سنوری تێدا دەکات. (کمال عبد الله یی) دەقی ئەو هەواڵو بەیانەی لە کتێبێکیدا بە ناوی (سێبەری ئازادی) بڵاوکردۆتەوە، کە دەکرێت بە یەکێك لە دروستترین ئاوێنەکانی خستنەڕووی هەواڵی

---

[١] بڕوانە: چێشتی مجێور، هەژار، لا: ٦٤– ٦٥.

(پەیماننامەی سیٚ سنور)ی بزانین.. لە دەقی هەواڵەکەدا هاتووە: "لە ناو کۆمەڵەدا زۆر لەمێژ بوو بڕیاردرا بوو کۆنفرانسێك لە نێوان ئێمەو کۆمەڵەی (هیوا) بۆ هاوپرسییەك لەبابەت هێندێك مەسائیل تەشکیل بدریٚ"، کەواتە باس لە (هیوا)و (ژیٚ.کاف)ە، نەك کوردانی هەرچوار پارچە. دواتر دەڵێت: "ڕۆژی ئەم ئیجتماعە دەبوو لە لایەن کۆمەڵەی (هیوا) مەعلوم بکریٚ " ئەمەش دەری دەخا داواو دەستپێشخەرییەکە لە کۆمەڵەی (ژیٚ.کاف)ەوە بووە. پاشان دەڵێت: "دوای سیٚ ڕۆژ گفتوگۆو موزاکەرە لەسەر ئیقتراحی نوێنەرانی ئێمە، پەیمانێك بە نێوی (سیٚ سنور) لە لایەن نوێنەرانی هەردوولا، بۆ زیادکردنی کۆشش‌و ئیجادی پەیوەندییەکی سیاسی ئیمزا کرا" پاشان ناوی هەر پێنج بەشدارەکە (عەزیز شەمزینی‌و شێخ عبید الله لە لایەن (هیوا)وەو (قاسمی قازی‌و هەژارو زەبیحی) دەبات.[١] لە کۆتایی بەیاننامەکەشدا دەڵێت: "ئەم کۆنفرانسە گرنگە لە دواییدا دەبێتە فەسڵێکی گەورە لە درێژەی مێژووی فەعالییەت‌و کۆششی

---

[١] ئەڵبەتە ناوە خوازراوەکان‌و ژمارە حزبییەکانیان باس دەکات، بەڵام (هەژار) ڕاستی کردوونەتەوەو دواتریش دەرکەوتووە ئەو سیٚ کەسە بوون.

دوو کۆمەڵەدا. پەیمانی سێ سنور لەلایەن هەیئەتی ئیستیشارەی ئیدارەی ناوەندیی (ژێ.کاف) پەسەند کراوە."[1]

یەکێکی دی لە سەرچاوە گرنگەکانی ئەم ڕووداوە، بیرەوەرییەکانی (محەممەد سەعیدی کانی مارانی)یە، کە بۆ خۆی خوشکەزای (شێخ عبید اللە)ی (زینوێ)یەو پەیکی هێنانو بردنی نامەکانی نێوان (هیوا)و (ژ.ك) بووە، بۆ ئەو کۆبوونەوەیە. ساڵی ٢٠٠٩ بڵاوی کردەوە کە لە تەموزی ساڵی ١٩٤٤دا، خاڵی ناوبراوی‌و د. عەزیز شەمزینی، نامەیان داوەتێ کە بیبات بۆ (ژ.ك) لە مەهاباد، ئەویش نامەکە دەباتو (زەبیحی‌و صدیق حەیدەری‌و دڵشاد ڕەسوڵی) دەبینێتو دەردەکەوێت حزبی (هیوا) لە نامەکەدا داوای هاوپەیمانیی لەگەڵ (ژ.ك) کردووە، بۆیە لە ١٩٤٤/٧/١١ پێشەوا قازی محەممەد دەبینن‌و سەرکردەکانی (ژ.ك) بۆ تاوتوێی پێشنیارەکە کۆ دەبنەوەو بڕیار دەدەن (قاسمی‌و قادری‌و هەژار) بە نوێنەریی (ژ.ك) بچنە مەرزو نوێنەرانی (هیوا) ببینن، دیارە (کانی مارانی)شیان لەگەڵ بووە. سەرەنجام لە ١٩٤٤/٧/١٧ لە بناری چیای (داڵانپەڕ) هەردوو شاند کۆدەبنەوە.

[1] پەڕەگرافەکانی دەقی بەیاننامەکەم –کە بۆ یەکەمجار (کەمال عبداللە)یی لە (سێبەری ئازادی) بڵاوی کردۆتەوە، کە ئەویش لە (عبد اللە ئەیوبیان)ی وەرگرتووە– لە نوسخەی ئەسڵی گۆڤاری نیشتمان، زمانحاڵی (ژ.ك) کە لە ١٩٤٤دا دەرچووە.

ئەو بەشەی لەم بیرەوەرییانەی (محەممەد سەعیدی کانی مارانی)دا بایەخی مێژوویی هەیە، ئەو دێڕەیەتی کە دەڵێت: "من لەو شەش کەسە زیاتر، کەسە دیم نەدیت بەشدار بێت لەو گفتوگۆیە."[1]

دوای ئەم بەدواداچونو شیکارییە، منیش پێم وایە کە لەو کۆبونەوەیەدا نوێنەرانی کوردی باکورو ڕۆژئاوا بەشدار نەبوونو تەنها شاندی (هیوا)و (ژ.ك) بەشدار بوون. بەلاشمەوە دوور نیە کە لایەنی سۆزو عاتیفەی نەتەوەییو حەز بەبوونی کۆبوونەوەیەکی سێ قۆڵیی، یان چوار قۆڵیی لەو بابەتە، کاریگەریی بووبێت لە بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە بێ بنەمایە.. چونکە ئەگەر وەك گریمانە بڵێین: مامۆستا هەژار لە بیری کردووە باسی بکات، ئەیخۆ دەقی بەیاننامە بڵاونەکراوەکەی نیشتمان لەبەردەستدایە، کە هیچ ئاماژەیەك بۆ کوردانی باکوورو ڕۆژئاوا ناکات، دەبێت ڕێگرو پاساو چی بووبێت؟ خۆ (ژ.ك) لەخوای ویستووە کە چالاکییەك بکات کە لە سنوری خۆرهەڵاتی کوردستان تێپەڕێو مۆرکی کوردستانی گەورەی پێوە بێت، ئێستە بۆ دەبێ لە چالاکییەکی وادا نوێنەری کوردانی باکورو خۆرئاوا نەبووبن، بەڵام لە بەیاننامەی هاوبەشی (ژێ.کاف)و (هیوا)دا ناو نەبرێت..؟ شتی وا لە ڕووی واقعیو سیاسییو مەنتیقییەوە ناگونجێت.

---

١ دەقی ئەم بیرەوەرییەی (محەممەد سەعیدی کانی مارانی)، لە یەکەم ڕۆژیساڵی ٢٠٠٩ دا نووسراوەو لە پێگەی ئەلیکترۆنی (کۆماری کوردستان)دا بڵاوبۆتەوە.

بەڵگەیەکی تر کە دەیسەلمێنێ ئەو باسی بەشداریکردنەی نوێنەرانی کوردانی باکورو ڕۆژئاوا هەڵەیە، نامەیەکی (عبد الرحمن زەبیحی)یە کە لە (٥)ی دیسەمبەری (١٩٤٤)دا بۆ سەرکونسوڵی سۆڤیەتی ناردووە لە تەبرێز، کە تیایدا زەبیحی وەك ئاگادارکردنی سەرانی سۆڤیەت، ئاماژە بە کۆبونەوە هاوبەشەکەی (ژ.ك) لەگەڵ نوێنەرانی (هیوا) دەکات، ناوێك لە کەسی تر لە کوردانی ڕۆژئاواو باکوور نابات. نامەکەی زەبیحی (٥) خاڵی لەخۆ گرتووە، لە نوسراوی ڕەسمی (ژ.ك)دا نوسیویەتی‌و بەزمانی تورکی ئازەرییە.[1]

بەهەرحاڵ گومانێکی بەڕێز (کەمال عبدالله یی)م بەلاوە دوور نیە، کە دەڵێت: "ڕەنگە بڕیار بووبێت کوردەکانی باکورو ڕۆژئاوا بەشداریی کۆبونەوەی (دالانپەڕ) بن، بەڵام نەیانتوانی بێت لە ڕۆژی دیاریکراودا خۆیان بگەیەننێ، کە ئەوەش لە بەر نەبوونی ئیمکاناتی (ژ.ك) بووە..[2]

بەهەرحاڵ، بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین کە هۆی بنەڕەتیی‌و شاراوەی پاشەکشێی (هیوا) لە بڵاوکردنەوی (پەیماننامەی سێ سنور) ناکۆکیی نێوان هەردووباڵی ڕاستو چەپی حزبی هیوا بووە، چونکە باڵی (ڕەفیق حلمی) سەرۆکی حزب، کە سەرۆکی ڕەوتی ڕاستی ناوحزب بوو، دژی

---

[1] دەقی ئەم نامەیە لە ئارشیفی وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیا پارێزراوەو د. ئەفراسیاو هەورامی لە (کۆماری کوردستان لە بەڵگەنامەکانی سۆڤیەتدا) بڵاوی کردۆتەوە.

[2] سێبەری ئازادی، کەمال (عبد الله) یی، لا: ١٩٣.

بیرکردنەوەی باڵی چەپ بوو، یەکەمیان نەیدەویست بەریتانیا –کە عێراقی حوکم دەکرد– لەخۆی بتۆرێنیٚ، دووەمیشیان دەیویست ڕوو بکەنە سۆڤیەت، کە –گوایە– بڵاوکردنەوەی واژۆی هاوبەشی لەگەڵ (ژ.ك) لەو پەیماننامەیەدا، ئەگەری ئەو زەقبونەوەیەی تێدا بووە، بۆیە پێموایە باڵی سەرۆکایەتی حزب نەیویستووە قسە لەسەر حزبی هیوا دروست ببێت، بۆیە هەواڵیان ناردووە بۆ مەهاباد کە بەیانەکە بڵاو مەکەنەوە.

**(ژیٚ.کاف)و بڕوانەبوونیان بە بەکارهێنانی چەك:**

لە ئاکامی خوێندنەوەیەکی وردی هەل‌و مەرجە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگەی کوردی‌و کەش‌و هەوا بابەتییە سەپێنراوەکە بەسەر ئێراندا بە گشتی‌و کوردستاندا بەتایبەتی، هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە، سەرکردەکانی کۆمەڵەی (ژ.ك) قەناعەتیان بە بەکارهێنانی چەك نەبوو. ئەوان ئەوەیان دەفامی، کە لە ئێرانێکی کلك‌و گوێکراودا، لە سەرەوەی سنوورەکەی، سوپای سووری سۆڤیەت تا نزیکی موکریان هاتبوو، لە خوارەوەش سوپای ئینگلیز تا شاری سنە ڕۆشتبوو، نەدەگونجا (ژ.ك) چەك هەڵبگریٚ، دژی کیٚ چەکی هەڵبگرتایە؟ دژی ئێرانێك کە بەوجۆرە ئابلۆقە دراوە بە داگیرکارانی زلهێزی ئەوکاتە، کە هیچ لایەکیان لەگەڵ کورددا ڕاستیان نەدەکرد؟ یان چەك دژی سوپای سوورو (بەلشەفیك) کە ناوی لەخۆی نابوو ڕزگارکەری گەلانی چەوساوەو زۆرێك لە میللەتان هیوایان پێوە بەستبوو؟ یان چەك دژی ئەڵمانیای نازی، یان زلهێزی ئینگلیز،

که وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، هەر لەشەڕی یەکەمی جیهانیەوە تا کۆتایی چلەکانی ئەو سەردەمە، واوەیلایان بوو بەدەستیانەوە.؟

جگە لەوە، (ژ.ك) کە نوخبەی خەڵکی خۆرهەلاتی کوردستانی لەخۆ گرتبوو، ئەوەشیان دەفامی کە دەوڵەتی ئێرانی ڕەزاشا، دوژمنیانەو ئەم زلهێزانە —زۆربەیان— دوژمنی دوژمنن‌و ناکرێت دژیان بوەستنەوە، دەی کەواتە کورد —لەو کاتەدا—چەك دژی کێ هەڵبگرێ.؟

لەم سۆنگەیەوەو بەم لۆجیکە، ستراتیژی (ژ.ك) جێی چەك‌و بەکارهێنانی هێزی تیدا نەدەبووە، بۆیە یەکێك لە دامەزرێنەرە ناسراوەکانی (ژێ.کاف)، هەرلەو کاتەدا دەڵێت: "دەستبردن بۆ چەك، غەیری چارەڕەشییو بەدبەختیی بۆ گەلی کورد، بەرهەمێکی دیکەی نیە. یانی: (دیتن بەچاو)و بوون لە تەئریخدا ئەو مەسەلەی بۆ سەلماندووین، نەك ترسنۆکی"[1] (حەمید ڕەزا جەلالی پور)یش کە ژیاننامەی (قازی محەممەد)ی نوسیوە، لەسەر زمانی یەکێك لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە —کە تا کاتی نوسینەکە لە ژیاندابووە—دەڵێت: کە وتویەتی: "کۆمەڵەی (ژ.ك) هەر لە ئەساسەوە بڕوای بەخەباتی چەکداریی نەبوو، بەڵکو کۆمەڵەیەکی نەتەوەیی— ئاینی بوو، بڕوای وابوو دەبێ گەلی کورد لە ڕێی هۆشیاریو گەشەپێدانیو ڕوناکبیرییەوە، هەنگاو بەرەو ڕزگاریی بنێت."[2]

---

[1] لە نامەیەکی شەخسی مەلا قادردا بۆ کتێبی (ژیان‌و بەسەرهاتی زەبیحی)، عەلی کەریمی، لا: ٦٨ دا، بڵاو کراوەتەوە.

[2] قازی محەممەدی کوردستان، حەمید رەزا جەلایی پور.

(محەممەد صەمەدی)یش جەخت لەسەر ئەم تایبەتمەندییە دەکاتەوەو دەڵێت: "(حزب –مەبەستی (ژێ. کاف)ە)– بە قووڵی بڕوای وابوو کە لەبەر بەڵگە لەڕادەبەدەرە مێژووییەکان، بە هیچ شێوەیەك سوود لە چەکهەڵگرتن نابینێ، بۆیە حزب هیچ بەرنامەیەکی چەکداریی نەبوو، بڕوای وابوو جەنگ تەنها دژی نەفامییو نەخوێندەوارییو لاوازیی فەرهەنگییو ڕوناکبیرییە."[١]

## ترسی شاو حکومەتی ئێران لە (ژ.ك)

لە بەڵگەکانی ترسی شاو دەسەلاّتی ئێران لە گەشەکردنی چالاکییەکانی (ژێ.کاف)، نوسراوێکی ڕەسمییە کە لە (مەڵبەندی نیشتمانی بەڵگەنامەکانی عێراق)، پارێزراوەو باس لە هەوڵێکی شای ئێران دەکات. نوسراوەکە (کۆمسیۆنی عێراقی لە تاران) ناردوویەتی بۆ وەزارەتی دەرەوەی عێراق، بە ژمارە: ٣١٨/١/٣، لە ١٩٤٥/١١/٥، دەڵێت:

"بابەت/بەرەنگاربونەوەی جەلالەتی شای ئێران بۆ کێشەی کوردی:

لە ڕێی متمانەپێکراوەوە پێمان گەیشتووە کە شای بەشکۆی ئێران محەممەد ڕەزا پەهلەوی، بە شەخصیی دەستی کردووە بە ڕوبەڕوبوونەوەی کێشەی کورد. لەسەر ئەم بنەمایە، لە گیرفانی تایبەتی خۆی ١٠٠ هەزار تمەنی تەرخانکردووە بۆ لەناوبردنی (کۆمەڵە) (مەبەستی

---

[١] تاریخ مهاباد، سید محمد صمدی، لا: ١١٢.

کۆمەڵەی (ژێ.کاف)ە)، ئەم بڕە پارەیەی بەنهێنی ناردووە بۆ والی ڕەزائیەو سەرکردەی تیپی چواری ئێرانی بە مەبەستی:

١- لە ناوبردنی سەرانی کورد، کە لە ئەندامانی کۆمەڵەن.

٢- ئاڕاسەتی بیری کوردان دژ بەکۆمۆنیستەکان..."[١]

# بەشی چوارەم

[١] ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی عێراق، فەرمانگەی سیاسی، هۆبەی ئیستخباراتی دەرەوە،(مەڵبەندی نیشتمانیی بەڵگەنامەکان) بەغدا، لا: ٣٥٧، (د.عبد الستار طاهر لە لا پەڕە (٣٥٣)ی (الجمعيات والمنظمات الكردية)، هێناویەتی.

# ڕەهەندی ئیسلامیی لە بەرنامەو کارو هەوڵی (ژ.ک)دا

## ئامارەکانی گۆڤاری (نیشتمان) زمانحاڵی (ژ.ك)

## لەسەر ئیسلامیبوونی ڕێکخراوەکە

(ژێ. کاف) لەگەڵ دەستبەکاربوونی، گۆڤارێکی بەناوی (نیشتمان) دەرکرد، کە نوسخەکانی پارێزراونو ئێستە نۆ ژمارەیان لەبەردەستدان.[1] ڕەنگە سەیرکردنێکی ئەو (٩) ژمارەیە بەس بێت بۆ ناساندنی بیری (ژێ. کاف)و بەرپرسانی، بۆ نموونە:

لەسەر بەرگی ژمارە (یەك) ئایەتی ﴿كَمْ مِنْ فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةً بِإِذْنِ اللَّهِ وَاللَّهُ مَعَ الصَّابِرِينَ﴾ البقرة/٢٤٩، کراوە بە تاجی گۆڤارەکە.

لەسەر بەرگی ژمارە (دوو) ئایەتی: ﴿وَمَنْ يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ إِنَّ اللَّهَ بَالِغُ أَمْرِهِ قَدْ جَعَلَ اللَّهُ لِكُلِّ شَيْءٍ قَدْرًا﴾ الطلاق/ ٣ دانراوە.

لەسەر بەرگی ژمارە (سێ) ئایەتی: ﴿نَصْرٌ مِنَ اللَّهِ وَفَتْحٌ قَرِيبٌ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ﴾ الصف/١٣ دانراوە.

لەسەر بەرگی ژمارە (چوار وپێنج) ئایەتی: ﴿وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ﴾ المائدة/٢ دانراوە.

---

[1] عەلی کەریمی لە قەبارەیەکی (٣٦٠) لاپەڕەییدا هەموو ژمارەکانی گۆڤاری (نیشتمان)ی کۆکردۆتەوەو (بنکەی ژین) لە ساڵی ٢٠٠٨دا بۆی بڵاوکردەوە، لە پێشەکییەکدا باسی کارەکەی خۆی دەکات، هەوڵی کاك عەلیو کارەکەی (بنکەی ژین)یش جێی نرخاندنن، پێشتریش جەمال نەبەز لە ساڵی ١٩٨٣دا لەڕێی ئەکادیمیای کوردیو زانستو هونەرەوە لە سوید بڵاوی کردۆتەوە.

لەسەر بەرگی ژمارە (شەشەم) ئایەتی: ﴿وَعَلَى اللَّهِ قَصْدُ السَّبِيلِ وَمِنْهَا جَائِرٌ وَلَوْ شَاءَ لَهَدَاكُمْ أَجْمَعِينَ﴾ النحل/٩ دانراوە.

لەسەر بەرگی (حەوت وهەشت ونۆ) ئایەتی: ﴿كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ﴾ المؤمنون/٥٣ نووسراوە.

ئەمە جگە لەوەی کە لەسەر بەرگی ژمارە پێنجەوە تا کۆتایی ژمارەکان، وشەی (اللّه) کراوەتە تاجی هەموو نوسینەکانی سەربەرگی گۆڤاری نیشتیمان.

**"كۆمەڵەی ژیانەوەی كوردستان كۆمۆنیست نەبوون":**

ئەوە ناونیشانو مانشێتێكی گۆڤاری (نیشتیمان)ی ئۆرگانی (ژێ.كاف)ە.كاتێك كە نەیارانی كوردو لایەنگرانی ڕژێمی شاهەنشایی ئێرانو فاشیستەكان، ویستیان (كۆمەڵەی ژ.ك) لەبەر چاوی خەڵكی كوردسان بەتایبەتیو ئێران بەگشتی عەیبدار بكەن، گونجاوترین تۆمەت بۆ ئەو كاتە كە زۆر لەباربوو، ئەوە بوو كەبە كۆمۆنیست لەقەڵەمیان بدەن، چونكە دەیانزانی كۆمۆنیستبوون لە ناو گەلی كوردی موسڵماندا لەوكاتەدا تۆمەتێكی گرانو لەكەو عەیبەیەكی قبوڵنەكراو بوو، بۆیە پاش بلأوبونەوەی نامیلكەی (دیاری كۆمەڵەی ژ.ك)و ژمارەی یەكەمی گۆڤاری نیشتمان، زمانحاڵی كۆمەڵە، هەندێك لەو نەیارانەی كوردو كۆمەڵە، پڕوپاگەندەیان داخست كە كۆمەڵە حزبێكی كۆمۆنیستە، بەلأم دوابەدوای پڕوپاگەندەكەو لە ژمارەی دووەمی نیشتماندا–كە لە خەزەڵوەری ١٣٢٢ هەتاوی، بەرامبەر ١٩٤٣ز دەرچووە، (ع.بێژەن)، كە ناوی خوازراوی عبد الرحمن زەبیحی بوو، كە لەوكاتەدا بەڕێوەبەری سەرەكی گۆڤارەكە بوو– لەدوو لاپەڕەو وتارێكی كورتدا لەژێر ناونیشانی (ئێمەو مەردوم)دا وەڵامی ئەو بوختانەی دەداتەوەو دەڵێت: "چەند كەسێك لەم بێ مێشكانە كە كتێبی (دیاری)و ژمارەی یەكەمی (نیشتمان)یان خوێندۆتەوەو لایەنگرییو تەمایولی ئێمەیان بۆ لای حكومەتی سۆڤیەت دیتبوو، گوتبوویان: ئارمانی كۆمەڵەی (ژ.ك) بلأوكرانەوەی مەسدەكو باوەڕی كۆمۆنیزمە. ئەم قسەیە

بێشك لەسەرچاوەی تەبلیغاتی فاشیستەکان ئاو ئەخواتەوە، دەنا ئێمە کۆمۆنیست نین، ئەگەر کۆمۆنیست بین، جێگای هیچ ئیعتیرازێك بۆ خەڵکی نیە، لەم مەوزوعەدا هەیئەتی مەرکەزیی کۆمەڵ بەیاننامەی ڕەسمی دەرئەکات.."[1]

عەلی کەریمی، کە گۆڤارەکانی (نیشتمان)ی کۆکردۆتەوە، سەبارەت بەو بەیاننامەیە دەڵێت: "... ئەم بەیانە بۆ بەگژاچوونەوەی ناحەزانی ناوخۆیە، کە تۆمەتی شیوعی بوونو بۆلشەفیك بوونیان لە کۆمەڵە داوە."[2]

هەروەها سەرنجێکی وردتری لەسەر (نیشتمان) هەیەو دەڵێت: "لە ژمارەی (٥)ی نیشتماندا–دوای ئەو پڕوپاگەندانە کە ناحەزانی ناوخۆ بڵاویان کردبۆوە– کە گوایا (ژ.ك) شیوعیو بەلشەفیکە– لەسەر ڕووی بەرگی ژمارە (٥)ی گۆڤارەکەدا ئارمی (الله) نوسراوە."[3]

---

[1] دەقی وتاری ع. بێژەن لە لا (٩)ی ژمارە (٢)ی گۆڤاری (نیشتیمان).

[2] نیشتمان، بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی (ژ.ك)، عەلی کەریمی، لا: ١٢.

[3] پێشوو، لا: ١٣.

## ئیسلام مەرجەعی فیکریی کۆمەڵەی (ژ.ك) بوو:

لە ژمارە (٥)ی گۆڤاری (نیشتمان) ئۆرگانو زمانحاڵی (ژ.ك)دا هاتووە:"بۆ وەڵامی هێندێ لە نەفامو تێنەگەیشتووەکان بەندێکی مەرامنامەی (کۆمەڵەی ژ.ك) دەنووسین: کۆمەڵەی (ژ.ك) لەسەر چوار کۆڵەکەی (ئیسلامەتی، کوردەواری، مەدەنیەت، صولحو ئاشتیخوازی) دانراوە، هەموو قانونو نیزامەکانی، لەگەڵ شەریعەتی موقەددەسی ئیسلام، تەتبیق دەکرێ، ئینجا دەخرێتە کار"[1].

لە ژمارەی (٦)ی هەمان گۆڤاردا هاتووە: "بە بۆنەی (متدین)بوونی بەشی زۆری نەتەوەی کورد بە دینی ئیسلام، کۆمەڵە لە کوردستان، تەنها دینی موقەددەسی ئیسلام، بەڕەسمی دەناسیو بۆ تەرویجی شەریعەتی خاوێنی ئیسلامو بەجێگەیشتنی هەموو ڕێوشوێنێکی ئیسلامەتی، تێدەکۆشیو لەگەڵ مونافیقان بەربەرەکانێی بەشیددەت دەکا."[2]

بۆیە هیچ کەس لە هاوچەرخانی ڕووداوەکانو شایەتحاڵانی سەردەمەکە – تەنانەت ناحەزانی ڕێکخراوەکەش– نەیانتوانیوە یەك بەڵگە بهێننەوە لەسەر پەیوەندی (ژێ. کاف) بە سۆڤیەت یان کۆمۆنیستانەوە، بۆ نمونە: دەبوایە ئەمریکییەکان یان نازییە ئەڵمانیەکان بەڵگەیان دەستکەوتایە– ئەگەر هەبوایە– بۆ ئەوەی بیکەنە چەکی دژایەتی (ژێ. کاف)، کە

---

[1] گۆڤاری (نیشتمان)، ژمارە(٥)، ڕێبەندانی ١٣٢٢ هـ، ١٩٤٣ ز، لا: ١٠.

[2] گۆڤاری نیشتمان، ژمارە: ٦، ڕەشەمێی١٣٢٢هـ/١٩٤٣ز، لا: ١٦.

نەدەچوونە ژێر ڕکێفی ئەوان–بەڵام بە پێچەوانەوە، سەیری کونسوڵی ئەمریکا لە تەورێز (ولیەم ئیفلتن) ئەکەین کە کتێبی (کۆماری مەهاباد)ی نوسیوە، دەڵێت: "لە ئەندامانی (ژ.ك) هیچ مارکسیو کۆمۆنیستێك نەبوو."[١] ئەمە لەکاتێکدا بوو کە ئەوان نەیاری (ژ.ك) بوونو هەرچۆنێك بێت نەچوونە ژێر ڕکێفی ئەوانو کۆمۆنیستانی ئازەریو حزبی شیوعی (تودە)ی ئێرانیو بەلشەویەکانی سۆڤیەت، هەموو ویستویانە وا دەرخەن کە (ژ.ك) دۆستی ئەوانە، بەڵام کەس نەیتوانیوە ئەو ڕاستییە حاشا هەڵنەگرە بشارێتەوە کە (ژ.ك) ڕێکخراوێکی کوردیی ئازادو سەربەخۆ بووە، ئەوەش بەهۆی ڕاستگۆیی سەرکردەکانیو ناسراوییان لە هەموو ناوەندە کوردییو ئێرانیو هەرێمایەتییەکاندا.

---

[١] جمهوريە مهاباد، وليم ايفلتن، ترجمە جرجيس فتح الله، ص: ٧٩.

**شێوازی هۆگریی بۆ کۆمەڵەو مەراسیمی بەیعەتو پەیماندان:**

لەڕاستیدا ئەم بەڵگەیە گومان ناهێڵێتەوە کە دەستێك هەبووە ویستویەتی ئەم جوڵانەوە ئازادیخوازە لای گەلی کورد –کە ئەوکاتەش وەك ئێستە– پابەندبووە بەئیسلام، ناشیرین بکاتو لە ڕەنگە ئیسلامییەکەی دابڕنێ، وەگەرنا خۆتا ن–خوێنەران– داوەر بن، ئایا لە حزبێکی مۆدێرنی ئیسلامیی ئەم سەردەمەشدا ئەوە دەکرێ کە ئەم ڕێکخراوە کردوویەتی، لەکاتی وەرگرتنی ئەندامو دەرخستنی هۆگریی‌و چوونە ناو ڕێکخراوەکە.

چەندین سەرچاوە –کە زۆربەیان– لە شایەتحاڵەکانی ئەوکاتەو خودی ئەو ئەندامانە قسەکەیان وەرگرتووە دەڵێن: هەرکات کەسێك بیویستایە ببێت بە ئەندام لە ڕێکخراوی (ژ.ك)دا، دەستنوێژی دەگرت، پاشان قورئانێك دادەنراو لە پاڵیا نەخشەو ئالآی کوردستانو پێی دەگوترا سوێند بەم قورئانە بخۆ بۆ شەش خاڵ کە لە بڕگەی داهاتوو ئاکاژەیان پێدەکەم.

مەلا قادری (مودەرریس) یەکێك لە ئەندامە دەستەباڵاکانی (ژ.ك) دەڵێت: "کەسێك کە دەبووە ئەندامی (ژ.ك) هەوەڵی دەچووە حەمامیێو لە ڕوانگەی ئاینیی، خۆی خاوێندەکردەوە، ئەوجا دەهاتە لای سێ کەس‌و لای ئەوان حەوت جار بە قورئان سوێندی بۆ وەبەرچاوگرتنی ئەو شەش مەبەستانە دەخوارد:

١ــ خیانەت بە نەتەوەی کوردنەکات.

٢ـ كۆشش بۆ خودموختاریی كوردان بكات.

٣ـ هیچ ڕازێكی ڕێكخراو –نەبەزمان، نەبەقەڵەم، نە بە ئیشارە– ئاشكرا نەكات.

٤– هەتا ئاخری عومری هەر ئەندام بێت.

٥– تەواوی پیاوانی كورد بەبرای خۆیو تەواوی ژنانی كورد بەخوشكی خۆی بزانێ.

٦– بەبێ ئیزنی كۆمەڵەی (ژ.ك) نەبێتە ئەندامی هیچ ڕێكخراوو دەستەیەكی تر."[1]

ئەم شێوازی هۆگرییو سوێندخواردنە وایكردبوو كە ئەندامانی (ژ.ك) زۆر پابەندو مولتەزیم بنو جێمتمانەی خەڵكی ناوچەكە بن، بۆیە خەڵك بە ئەندامانی (ژ.ك) یان دەگوت: (سوێنخۆر)و بڕوایەكی تەواویان پێدەكردن.[2]

بەڵگەیەكی تری پابەندیی سەرانی (ژ.ك) بەئیسلامو پرەنسیبەكانییەوە، بەكارهێنانی دەستەواژە ئیسلامییەكان بوو. هەر لە سەرەتاوە قەدەری خوا وابوو كە بۆ یەكەمجار لە گردێك بە ناوی (گردی خوداپەرستان) كۆببنەوە، كە لەو كۆبوونەوەیەدا چەندین بڕیاری گرنگیان دا، لەوانە:

---

[1] ژیانی بەسەرهاتی زەبیحی، لا:[٦٩]، هەروەها بڕوانە:حكومەتی كوردستان، نەوشیروان مستەفا، لا: [٦٠]، مێژووی مەهاباد، نوسینی سید محەممەدی صەمەدی، لا: ١٠– ١١.

[2] د. عبد الله ئەبریشەمی، یەكێك لە شایەتحالأنی سەردەمی كۆمارو زاوای قازی محەممەد، لە دیدارێكیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی كۆمەڵ، ژمارە: ٤٠٨، لە: ٢٠١٠/١/٣٠، لا:[٦].

دەرکردنی گۆڤارێك، قسەکردن لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی سۆڤیەت، هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە.. سەرنجڕاکێش لە بڕیارەکانی ئەو کۆبوونەوەیەدا ئەوەبوو کە بڕیاریان دا شفرەی نهێنییو وشەی یەکترناسینەوەی ئەندامان ئەم ڕستەیە بێت: (خوداپەرستیی شتێکی باشە).[1] بە ناوی ئەو گردەوە کە کۆبونەوەیان تێداکرد.

مامۆستا (هێمن)، شاعیری هەستناسك -کە یەکێك بوو لە ئەندامە دێرینەکانی (ژ.ك)- بۆ خۆی باسی ئەم مەراسیمی سوێندخواردنو پەیماندانە دەکاتو دەڵێت: "بەهۆی (زەبیحی)یەوە بە کۆمەڵە ناسێنرام... بە قورئانو بە ئاڵای کوردستانو بە شەرەفی خۆمو بەشمشێر، سوێندیان دام کە بە زمانو بە قەڵەمو بە ئیشارە، خیانەت بە نەتەوەی کوردو ئەندامی کۆمەڵە نەکەم، ناوی نهێنیی حزبیم (هێمن) بوو، ژمارەی ئەندامێتیم (٥٥) بوو.."[2]

سەبارەت بەکاریگەریی ئەو ڕێکخراوە لەسەر واقعی کۆمەڵگەی ئەوکاتەی کوردەواریی، هێمن دەڵێت: "کۆمەڵە بێجگە لەوەی کۆمەڵەیەکی سیاسی بوو، کۆمەڵەیەکی کۆمەڵایەتیو ئەخلاقیش بوو، زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵە بڕوایان بەو سوێندە هەبوو کە خواردبوویان، دەستیان لە ئاکاری دزێو

[1] جمهوریەتی کوردستان، مەحمود مەلا عیززەت، لا: ٩١، هەروەها بڕوانە: جمهوریە مهاباد، ولیم ایفلتن، ترجمە جرجیس فتح الله ص: ٧١.

[2] ژیانو بەسەرهاتی زەبیحی، عەلی کەریمی، لا:٦٣-٦٤.

هەڵگرتبوو، دزی، خراپە، نێواننناخۆشی لەکزیدا بوو، دەتوانم بڵێم لە هەندێ جێگایان هەر نەما.. هێندەی پێنەچوو کۆمەڵە سەرانسەری کوردستانی ئێرانی تەنیەوەو پەلی هاویشت بۆ پارچەکانی تری کوردستان، بە تایبەتی لە کوردستانی باشووردا لقی کۆمەڵە زۆر پەرەی گرتو بەهێز بوو."[1]

بۆ پشتڕاستکرنەوەی ئەو بۆچوونەی هێمنی شاعیر، مامۆستا هەژاری ئەدیبو گەورەنوسەریش دەڵێت: "زۆرم حزب لە نزیکەوە دیتوون، باسی ڕەفتارو ڕابردووی زۆریانم خوێندۆتەوە، هیچ کۆمەڵێك وەك ئەندامانی (ژ.ك) ئاوا فیداکارو دڵگەرمو یەکترخۆشەویست نەبوو. دەربارەی ئەصحابی پێغەمبەر (ﷺ) زۆرباسی یەکدڵییو فیداکاریی هەیە، وەختە بڵێم ئەندامانی ئەو حزبەش شتێکی وابوون، خۆدزینەوە لەفەرمان، درۆ، خۆخوازیی، فێڵبازیی، بەجارێك تەرەبوو بوو، لە حەوت کێوان ئاوابوو بوو."[2]

یەکێکی تر لەو کەسایەتییانەی کە لەکاتی کۆماری کوردستاندا چۆتە مەهابادو ساڵی ١٩٨٨ بیرەوەرییەکانی بڵاو کردۆتەوە (عولە، ع. م. أ)ە، باس لەوە دەکات کە چۆتە بارەگای حزبی دیموکراتی کوردسان –کە هەمان بارەگای کۆماری میللی کوردسانیش بووە– دەڵێت: "بانگکراینە ژورێکی ترو لە بەردەممماندا قورئانێکی پیرۆزو ئالآیەکی کوردو وێنەی

---

[1] تاریكو ڕوون، هێمن، لا: ٢٠.

[2] چێشتی مجێور، هەژار، لا: ٦٠.

چەند کەڵە کوردێك هەبوو، وەك شێخ سەعیدی پیران‌و دکتور کەمال –کە تورکە کەمالییەکان بۆ چاوترساندنی کورد لە تورکیا لەسێدارەیان دابوون– هەر یەکێ لە ئێمە بەوجۆرە سوێنددراین کە خۆمان‌و هەڤاڵەکانمان بەنیازپاکیی ڕومان کردۆتە کوردستانی ئازاد.."[1]

[1] ساڵێك بوو کورد ئازاد دەژیا، ع. م. أ (عولە) ، چاپی، ٢٠٠٠، لا: ٤.

## ئیسلامەتیی پایەی یەکەم لە پرۆگرامی (ژ.ك):

کۆمەڵەی (ژ.ك) وەك هەر ڕێکخراوێکی تری سیاسی، بەرنامەو پرۆگرامی ناوخۆی هەبوو، کە پێیان دەگوت: مەرامنامە، وا نازانم کەس نکولیی لەو ڕاستییە هەبێت کە بەهێزترینو پڕمتمانەترین سەرچاوەی بەڵگەیی بۆ ناسینی ڕەهەندی فکریی هەر ڕێکخراوێك، پێڕەوو پرۆگرامەکەیەتی، بۆیە لێرەدا بۆ خستنەڕووی ڕەهەندی ئیسلامیی کۆمەڵەی (ژ.ك) ئاماژە بەهەندێك خاڵو برگەی مەرامنامە یان (پێڕەو پراگرامی ناوخۆ) دەکەم:

لە بەندی یەکەمی مەرامنامەی کۆمەڵەدا دەڵێت: "کۆمەڵەی (ژ.ك) لەسەر چوار پایەی (ئیسلامەتی)، (کوردەوارییی)، (شارستانێتی)، (ئاشتی) ڕاوەستاوە."

دواتر لە بەندی حەوتەمدا دەڵێت: "بەبۆنەی (متدین)بونی بەشی زۆری نەتەوەی کورد بەدینی ئیسلام، کۆمەڵە لەکوردستان تەنها دینی موقەددەسی ئیسلام بەڕەسمیی دەناسێ."

جا بۆئەوەی گومان نەبرێت کە ئەم بەندە لە دیدێکی عەلمانی میانەڕەوانەوە نوسراوەو حیسابی بۆ زۆرینەی موسڵمانانی کورد کردووەو ئەگەری ئەوە بکرێت کە سەرانی (ژ.ك) بڕوایان بە ئیسلام وەك سیستەمو دەسەڵات نیە، لە بەندێکی تردا دەڵێت: "(ژ.ك) بۆ تەرویجی شەریعەتی

خاوێنی ئیسلامو بەجێگەیشتنی هەموو ڕێو شوێنێکی ئیسلامەتی تێدەکۆشێو لەگەڵ موونافیقان بەربەرەکانێی بەشیددەت دەکا."[1]

دواتریش لەکۆنگرەی دووەمی حزبدا کە (١٠٠) کەس ئامادەی بوون، بەرنامەیەکی ڕێکوپێکو گشتگیریان ئامادەکرد، کە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام سەرچاوەی گرتبوو، بەرنامەکە بۆ دەستخستنی ئازادییو سەربەخۆییو ڕزگاریی کوردو کوردستان بوو).[2] بۆیە جەمال نەبەز دەڵێت: دەڵێت: "لە پرۆگرامی (ژێ. کاف)دا یەك تاکە وشە لەسەر مارکسی–لینینی، بەدی ناکرێ."[3]

**شانازی گەورە بەرپرسانی (ژێ. کاف) بە ئیسلامەوە:**

گۆڤاری (نیشتمان) کە ئۆرگانو زمانحاڵی ڕەسمی کۆمەڵەی (ژێ.کاف) بوو، گەورە بەرپرسانی ڕێکخراوەکە بەڕێوەیان دەبردو بابەتیان تێدادەنوسی، لەسەروو هەموویانەوە عبد الرحمن زەبیحی کە بەناوی خوازراوی (ع. بێژەن)ەوە دەینووسی.. ناوبراو "بەرپرسو هەڵسوڕێنەری سەرەکی ئەم گۆڤارە بوو".[4]

---

[1] ژمارەی(٦) ی گۆڤاری (نیشتمان)، زمانحاڵی (ژ.ك)، لا: ١٧، ڕەشەمێی ١٣٢٢ ك. هـ.

[2] محاكمات ودفاعيات قاضي محەممەد، أحمد حمه امين، تاران، لا: ٨.

[3] المستضعفون الكرد، جمال نەبەز، لندن، ١٩٩٧، ص: ١٤٦.

[4] نیشتمان، بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ.ك، عەلی کەریمی، لا: ٥.

له یەکەم ژمارەی گۆڤاری (نیشتمان)دا عبد الرحمن زەبیحی،[1] لەژێر ناوی خوازراوی (ع. بیژەن)دا لەژێر ناونیشانی: (سەرکەوتن بەزۆریی‌و کەمیی نیە)، ئایەتی:ﭐﱡﭐ ﱓ ﱔ ﱕ ﱖ ﱗ ﱘ ﱙ ﱚ ﱛﱜ ﱝ ﱞ ﱟ ﱠ البقرە/٢٤٩ ڕاڤە دەکات‌و لە کۆتایی وتارەکەیدا دەڵێت: "ئێمە بنچینەی کارمان لەسەر ڕێ‌و شوێنی ئیسلام داناوەو پاڵمان داوەتە بەزەیی (ڕەحم)ی خواو گەورەیی پێغەمبەرو پاکیی قورئان."[2]

---

[1] عبد الرحمان زەبیحی، کوڕی صوّفی مینەی ناسراو بە مینەی قورئانخوێنە. لەدایکبووی ساڵی (١٩٢٠)ی مەهابادەو بەرپرسی پەیوەندییەکانی (ژ.ك) بووە لەگەڵ وڵاتی (سۆڤیەت)، هەموو نازناوە خوازراوەکانی (ع.بێژەن)و (بێژەن)و (عولەما) مەبەست ناوبراوە. پاش ئاوابوونی خۆری کۆمار بەرەو کوردستانی عێراق هەڵهات‌و ٣٢ ساڵی لە غەریبی بەسەربرد. ساڵی ١٩٨٢ لە سەفەرێکی نێوان عێراق‌و ئێراندا بێسەروشوێن کراو تیرۆر کرا. لە هەڵسەنگاندنیدا چەندین قسەی دژبەیەك کراون، جەلال تاڵەبانی سیاسەتمەدارو ڕوناکبیر زەبیحی بە "پیاوێکی تێکۆشەر، کوردپەروەر، خەباتگێڕ، شۆڕشگێڕ، لەخۆبردوو، خۆنەویست، سەربازی گومناوی کوردایەتی، بێ تەماع، هوشیار، سەرڕاست‌و بێ فرت‌وفێڵ" ناو دەبات.. (ژیان‌و بەسەرهاتی زەبیحی، عەلی کەریمی لا: ٣٢٥– ٣٢٦). بەڵام بەم حاڵ‌و پیاهەڵدانەوە، حامیدی گەوهەری لە گۆشەنیگایەکی ترەوە باسی دەکات‌و دەڵێت: "زەبیحی پاش شکانی شۆڕشی ئەیلول لە ١٩٧٥ لە بەغدا مایەوەو بەرەبەرە لە بەشێك لە کارە پەیوەندیدارەکان بە کوردو کوردستانەوە هاوکاری ڕژێمی صەدام حوسەینی کرد." بەڵام گەوهەریی بۆ ئەم هەڵسەنگاندنە، بەڵگەو دیکۆمێنتێکی ئەوتۆی نەخستۆتە ڕوو.

٢ ژمارە(١) ی گۆڤاری (نیشتیمان)، لا: ١٠.

**زۆربەی کۆبونەوەکانی (ژ.ک) لە مزگەوتەکاندا بوون:**

هەیئەتی ناوەندیی (ژێ. کاف) لە ڕاپۆرتێکدا بۆ مۆلۆتۆڤ –وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت– دەڵێت: "بۆ ئەوەی پتر بایەخ بە نهێنیەکانمان بدەین، حزبی ئێمە لە هەوای لەباردا لە چیاکانو لە کاتی سەرمادا لە مزگەوتەکان کۆبوونەوەکانی خۆی دەبەستێ."[1]

ئەمە ئەوەندەی کە هەواڵێکە، یان دەرخستنی وێناو شێوازی کاری ڕێکخراوێکە، پەیامێکیشی تێدایە بۆ سوڤیەتو ستاڤ وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە، کە بزانن مەکۆی چالاکیی ژوانی بەیەکگەیشتنی کادیرانی ئەو حزبەو شوێنی حەوانەوەو مەڵەبندی کارو بەرنامەدانانیان (مزگەوت) بووە، ئەو وشەیەی کە کۆمۆنیستانی ئەوکاتەو دەسەڵاتی سۆڤیەت، باش تێیگەیشتبوونو دواتریش لە مامەڵەیاندا لەگەڵ (ژێ. کاف) دەرکەوت، کە چاك لەو پەیامە حاڵی بووبوون.

محەممەدی صەمەدی دەڵێت: "کومەڵەی(ژ.ك)کە کۆمەڵەیەکی بەتەواوی مەزهەبی– میللی (ئیسلامی–نەتەوەیی)، پەیوەندیی بەهیچ لایەکەوە نەبوو جگە لە خەڵکی کورد."[2] لەجێیەکی تردا دەڵێت: "لایەنی

---

[1] کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، حامید گەوهەری، لا: ٤٢.

[2] (ژێ. کاف)، چی بوو؟ چی دەویست؟ چی لێ بەسەرهات؟ محەممەدی صمدی، کە دەقی ئەو نامیلکە ناوبراوەی لە کتێبە گەورەکەیدا، (مێژووی مەهاباد) بڵاوکردۆتەوە. بڕوانە: (تاریخ مهاباد)، صمدی، مهاباد، ص: ١٠٨.

مەعنەوییو ئیمان، بە تەواویی باڵی بەسەر (ژێ.کاف)دا کێشابوو، حزبێکی ئیسلامییو نەتەوەیی بوو." پاشان دەڵێت: "ئەمە کە (ژ.ك) ڕابوونێکی گەورەی ئەخلاقیی سەرسوڕهێنەری بەرپاکردبوو. جێی گومان نیە، هەموو ئەو کەسانەی ئەو هەلو مەرجو دەورانەی لەبیرە، کە (ژ.ك) باڵادەست بوو و پڕاوپڕ وەك (مدينه فاضلة)یەك باسی دەکەن، دەڵێن: هیچماڵێك شەو تا بەیانی حەوشەی دەرگای خۆی دانەدەخست، کاتی نیوەڕۆ، دوکانداران دەچوونە ماڵەوە، دەرگای دوکانەکەیان دانەدەخست، لە مامەڵەو فرۆشتندا کەس دینارێکی بەزیاد لە کەس وەرنەدەگرت، مەسەلەی پاکدامێنییو حەیا لەوپەڕی باشیدابوو."[1]

بۆیە فەرماندەی گشتی سوپای ئێرانیش لەوکاتەدا –حەسەنی ئەرفەع– دەڵێت: "هۆزە کوردەکان لەبەر چەند هۆیەك پەیوەندییان کرد بە (ژ.ك)ەوە کە یەکێکیان ئەوە بوو نەیاندەویست گوێڕایەڵو ئامڕازی دەستی (حزبی کۆمۆنیستی دیموکراتی ئازەربایجان) بن... سەرانی کورد دڵیان پێوە نەبووە کە پەیوەست بکرێن بەخاکی سۆڤیەتەوە، دەیانویست ویلایەتێکی کوردی سەربەخۆ پێکبهێنن.[2]

---

[1] هەمان سەرچاوە، لا: ١١٧– ١١٨.

[2] کردها، يك بررسی تاريخی سياسی، حسن أرفع، چاپی تاران، ١٣٨٢ ه، لا: ١٢١.

یەکێك لە شایەتحاڵەکانی ڕووداوەکانی ساڵانی پێش کۆمارو پاش کۆماری کوردستان (حەسەن ئەرفەع)ە،[1] کە سەرۆکی ستادی سوپای هەموو ئێران بووە، لە ساڵانی ١٩٤٤ – ١٩٤٦، لە کتێبەکەیدا دەڵێت: "چەند کەسێ کۆمەڵەی (ژێ.کاف) یان پێکهێناوە، ئەم حزبە بەشێوەیەکی تەواو خۆماڵیو مەحەللی بوو... بەرنامەو ئامانجی حزب بەدەستهێنانی خودموختاریی بۆ شوێنەکانی کوردنشینی ئێران بوو، پاشان پێکهێنانی کوردستانی گەورە."[2]

دواتر ئەوەش دووپات دەکاتەوە کە ئەوحزبە پەسەندی هۆزە کوردەکان بووەو دەڵێت: "هۆزە کوردەکان بە چەند هۆکارێك پەیوەستبوون بە کۆمەڵەی (ژێ. کاف)ەوە... یەکێك لەو هۆکارانە، نەیاندەویست گوێڕایەڵی حزبی کۆمۆنیستی دیموکراتی ئازەربایجان بنو ببنە ئامێری دەستی

[1] حەسەن ئەرفع، سەرۆکی پێشووی سوپای ئێران لە ساڵانی ١٩٤٤– ١٩٤٦دا، باڵیۆزی ئێران لە تورکیا لە ساڵانی ١٩٥٨– ١٩٦١دا، ئەرفەع لەلایەن ئێرانەوە ڕاسپێرا بۆ ڕووبەڕووبونەوەی سمکۆی شکاك لە ساڵی١٩٢٠دا، باوکی ناوبراو کە باڵیۆزی ئێران بوو لە سوید، دۆستی شەریف پاشا بووە، بۆیە لە نزیکەوە ئاشنایی بە کورد هەبوو. ئەرفەع کتێبێکی لەسەر کورد نوسیوە، بەناوی (کردها، یك بررسی تاریخی سیاسی) کوردان، توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسی، تا ڕادەیەك بێلایەنیی پاراستووە، لە هەندێك شوێنیشدا بەهەڵەدا چووە، یان ڕاستی شێواندووە.

[2] کردها، یك بررسی تاریخی سیاسیی، حسن أرفع، تهران، ص: ١١٥.

ئەوان... ئەیانویست ئەیالەتێکی سەربەخۆی کوردنشین پێکبێنن."[1] ئەم دانپێدانانە بایەخێکی مێژوویی‌و سیاسی خۆی هەیە، چونکە لە کەسێکەوەیە کە سەرۆکی دەستەی باڵای سوپای ئێران بووەو بەرپرس بووە لە بەرەنگتربوونەوەی شۆڕشێك کە لە کوردستاندا سەری هەڵدابوو.

ڕەنگە لێرەدا دەقی هەڵسەنگاندنێکی دەزگای سیخوڕیی ڕژێمی شای ئێران گرنگ بێت، کە لە ڕاپۆرتێکی نهێنیی بەڵگەنامە نەتەوەییەکانی ئێراندا پارێزراوە، لە (گ١/مهر/١٣٢٤ك.هـ)) دەڵێت: "چەند کەسێك خۆیان بەکورد ناساندووە، لە مەهاباد حزبێکیان دامەزراندووە بە ناوی (کۆمەڵە)، جیاکردنەوەی کوردستان لە خاکی ئێرانیان کردووە بە ئامانجی خۆیان." پاشان دەڵێت: "دانیشتوانی نەجیبو ئازای کوردستان‌و عەشائری ئەو ناوچەیە ئەو کەسانە ناناسن، ئەگەر یەك دوانێکیشیان بناسن بە کوردو ئێرانی دایاننانێن."

مەلا قادری مودەرریس کە یەکێك لە دامەزرێنەرانی (ژێ. کاف)و مەلا ناسراوەکانی ناوچەی موکریان بوو، سەبارەت بە (ژێ. کاف) دەڵێت: "لەبەرئەوەی کە دینی ئیسلام زیاتر لە هەزار ساڵە تێکەڵ بە ژیانی ماددی‌و مەعنەوی گەلی کورد بووە، بەبەشێك لە فەرهەنگی گەلی کورد حساب دەکرێ، (ژ.ك) ڕێزێکی تایبەت بۆ ئەو ئاینە پیرۆزە دادەنێت."[2]

---

[1] هەمان سەرچاوە، لا: ١٢١.

[2] جمهوریەتی کوردستان، مەحمود مەلا عیززەت، چاپی ٢، ٢٠٠٣، لا: ٨٩.

## ڕۆڵی مەلاو زانایان لە (ژێ.کاف)دا:

زاناو مەلایانی کوردەواری –ئەوانەیان کە لە حەقیقەتی ئیسلام تێگەیشتوون– هەرگیز دژایەتییان لە نێوان تێگەیشتنی ئیسلامییو خەباتی نەتەوەییدا نەکردووە، بەڵکو بە تێگەیشتنیان لە ئیسلام گەرمترو دڵسۆزانەتر، بوونەتە خەمخۆری نەتەوەو نیشتمانەکەیان. بۆیە هەموو ڕابەرانی بزوتنەوەکانی ڕزگاریی خەڵکی کوردستان –لە هەموو پارچەکانیداو لە هەموو سەردەمەکاندا– لە مەلاو شێخ و پەروەردەبووانی مزگەوتو حوجرەکان بوون.

سەیری مەلایەکی ڕوناکبیری وەکو عەلادین سەجادی[1] بکەن، کە چۆن بۆچوونی ڕاستو دروست لەمەڕ هەردوو ڕەهەندی نەتەوەییو ئیسلامیی ڕوون دەکاتەوە، دەڵێت: "ڕۆحی قەومی، پێچەوانەی ڕۆحی ئیسلامیی نیە، بەڵکو ئیسلام فەرمانی پێ ئەکاو ناوی ئەباو بەدینێکی یەکێتیو

[1] مامۆستا عەلادین سەجادی، بە ئەسڵ خەڵکی هەورامانی بەشی خۆرهەڵاتە، لە حوجرەکانی کوردستان خوێندوویەتی، بە تایبەتی لای مەلا ناودارەکانی شاری سلێمانی، فەقێی مزگەوتی شێخ جەلالو مزگەوتی حاجی مەلا ڕەسول بووە. ئیجازەی مەلایەتی لای مامۆستا شێخ بابەعەلی تەکیەیی وەرگرتووە. بەشێك لە زانستەکانی لە شاری بەغدا لای ئەمجەد زەهاویو مەلا محەممەدی قزڵجەیی خوێندووە. سەجادی یەکێکە لە ڕابەرانی ڕۆژنامەنوسیی کوردیی. لە بەغدا گۆڤاری (نزار)ی دەرکرد. خاوەنی چەندین بەرهەمی ئەدەبییو مێژووییە. ساڵی ١٩٨٤ لە بەغدا کۆچی دوایی کرد. (بڕوانە: پێشەکی کتێبی (شۆڕشەکانی کورد)ی دانراوی سەجادی خۆی.

هێمنییو ئاسایشی دائەنێ. فەرمانەکانی لەلایەن خواوە هاتووەو دوژمنێکی هەرەگەورەیە بۆ زۆرو ستەمو فەرماندەرە بۆ ئازادیی تاكو کۆمەڵ."[1] ئەمە بەڵگەی تێگەیشتنە لە ڕاستییو کرۆکی ئاینی ئیسلامو نمونەیەکە لە سەدان نمونەی زانایانی تری کوردستان لە کۆنو نوێدا.

بەپێی هەندێك زانیارییو بەدواداچوون، باککراونی ئیسلامیی دامەزرێنەرانی (ژ.ك)پێشینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ حوجرەو مزگەوتەکانو ڕۆڵی هەندێك لە مەلا ڕوناکبیرەکان. مامۆستا عەلادین سەجادی دەڵێت: "وڵاتی کوردەواریی، پابەندی دیانەتو ئاشنای مەلایانو زاناو دانا بوون، دەستەی مەلاو عولەما لە هەموو وڵاتی کوردەواریدا، پایەیەکیان هەبووە، قازی محەممەد پایەو مەرکەزی باوباپیریو زاناییو زمانزانییو دەستڕۆیشتووی خۆش بوو، بووە هۆی ئەوەی پیاوێکی بەڕێزو جێگای چاوتێبڕینی خەڵکیی بێت لە تەواوی مەهابادو موکریانیشدا."[2]

سەید محەممەدی صەمەدی کە مێژووی مەهابادی لە (٥٦٣) لاپەڕەی گەورەدا نوسیوە، دەڵێت: "لە ساڵی ١٩٤٠دا زانایەکی بڕوادارو دڵسۆز بەناوی (مەلا ئەحمەدی فەوزی) کە بە مەلای ناوداری سلێمانی ناسرابوو، ئەنجومەنێکی پێکهێناو، دەستی کرد بە وتنەوەی وانەی ئیمانو ئەخلاقو

---

[1] شۆڕشەکانی کورد، عەلادین سەجادی، لا: ٢١.

٢ بڕوانە: وتاری (کۆمەڵەو ڕێکخراوی سیاسی لە کوردستانی ئێران..)، ئەحمەد حەمە ئەمین، لە ماڵپەڕی: www.eslahe.com.

هەندێ بابەتی نەتەوەیی. ئەو ئەنجومەنە ناونیشانێکی حزبیی، یان پێڕەو پرۆگرامی نەبوو، بەڵام ئەوانەی کە دواتر کۆمەڵەی (ژێ.کاف)یان دروستکرد، ئەوانەبوون کە لەو ئەنجومەنەدا بەشدارییان کردو لە کۆڕی ئەو زانایەدا سوودمەندو بەهرەمەندبوون."[1]

بەپێی هەندێك زانیاریی ئەم (مەلا ئەحمەدی فەوزی)یە لەگەڵ قازی محەممەدو مەلا محەممەد صادقی قزڵجیو شێخ ئەحمەدی سەربڵاوەو قازی کاکە حەمەی بۆکان، لە ساڵانی ١٩٢٧-١٩٣٠ کۆمەڵێکی بچوکی سیاسی کوردیان دامەزراندوەو لەگەڵ ڕاپەڕینی (ئارارات)و ڕێکخراوی (خۆیی بوون) لە سوریەو باشوری کوردستانیش پەیوەندییان هەبووە.[2]

هەرئەم هەڵسەنگاندنو وێناکردنە ڕاستو دروستەیە کە وایکردووە پێش ٧٠ ساڵ لە نووسینی ئەم بابەتەی بەندە -واتە لە ساڵی ١٩٤٣ی زاینیدا، گوتەبێژێکی کۆمەڵەی (ژێ.کاف)، چونکە هیچ ڕقێکی لەدڵدا نەبووەو نەکەوتۆتە ژێرکاریگەری هیچ بیرو ئایدیۆلۆژیایەکی لەدەرەوەهێنراو (هەرچەند ڕێکخراوێکی زۆر نەتەوەییش بووە) بەڵام بەمجۆرە ڕۆڵی کاریگەریی مەلاو شێخان لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەڵدەسەنگێنێی دەڵێت: "ئەمە بوختانێکی زۆر زلە کە ئێمە بڵێین مەلاو شێخەکان بوونە

---

[1] تاریخ مهاباد، سید محەممەد صمدی، بە نەقڵ لە لا: (٣٤)ی قازی محەممەد، حمید رضا جلائی پور.

[2] بڕوانە: کاروانێك لە شەهیدانی کوردستانی ئێران، کەریمی حسامی، ١٩٧١، لا: ١١.

بەرهەڵستی پێشکەوتنی کورد، چونکو دیرۆك (تاریخ) بۆمان دەردەخا کە ئەم دەستەیە گەلێ کاری باش‌و بە کەڵکیان ئەنجام داوەو بۆ خزمەتی کوردایەتی تێکۆشیون، چۆن ئەبێ بە زاتێکی وەك مەلا ئیدریسی بەدلیسی ببێژرێت بەرهەڵستی سەرکەوتنی کورد، باوەڕمان نیە هیچ کوردێك خزمەتیی ئەم پیاوە نیشتمانپەروەرەی لەبیر بچێت.

لەنێو شێخەکانمان جەنابی شێخ عبید الله، شێخ عبد القادر، شێخ سەعید، ئەبینرێن، کە هەموو کوردێك ئەزانێ تەنها لە پێناوی کوردایەتیدا خۆیان ماندوو کردووە، تا سەریان داناوە.[1]

سەبارەت بە ڕۆڵی زانایانی موسڵمان لەچالاکی سیاسیی‌و برەودان بە خەباتی(ژ.ك)مامۆستا عەلادین سجادی جارێکی تر دەڵێت: "مەلاکانی وڵاتی موکری لەم ڕووەوە خزمەتێکی گەورەیان کرد. هەر مەلایەك لە گوندەکەی خۆی، ئیشێکی وای ئەکرد ئەگەر یەکێك نەچێتە ناو ئەو کۆمەڵەی (ژێ.کاف)ە وە –کەوا خزمەتی کوردایەتیی‌و ڕزگاربوونی کورد ئەکا– ئەمە بە گوناحبارییەکی گەورە ئەژمێرێ.[2] هەروەها ڕۆڵی مەلایەکی وەك مەلا عبد الله داوودی (ناسراو بە مەلای حەجۆکی) بەمجۆرە دەنرخێنێت: "سەرچاوەو بناغەی دامەزراندنی ئەم حزبە (ژ.ك) لەپێشا

---

[1] لە دەقی (دیاری کۆمەڵەی (ژ.ك) بۆ لاوەکانی کورد)، ١٩٤٣، کە لەگەڵ کۆکراوەی گۆڤاری نیشتمان، زمانحاڵی (ژ.ك) ئامادەکردنی عەلی کەریمی، لا: ١٩٥، وەرگیراوە.

[2] هەمان سەرچاوە، لا: ٢٦٧.

دەگەڕێتەوە بۆ ئازایەتی مەلای داوودی، ئەم مەلا داوودییە پیاوێکی بیرڕووناکی بەجەربەزە بوو. دوکانێکی بچکۆلەی بەقاڵیی هەبوو لە شاری سابلاغ (مەهاباد)، کردبووی بە دەستمایەی ژیانی، خەڵکیی و گەنجان هاتوچۆی دوکانەکەیان دەکرد.. بیروباوەڕی ڕووناك دەکردنەوە.. لەمەوە بەرەبەرە توانیی قسەکردنەکانی بخاتە تەشکیلێکی ڕێكوپێکەوە، تا وای کرد خستییە قاڵبی حزبێکەوە، ناوی نا (ژ.ك) (ژیانەوەی کورد).."[1]

بەمجۆرە دەبینین کە مەلاو شێخ و سەیدو زۆرجار فەقێ و حاجییەکان – واتە ڕەمزو پێشەنگە ئاینییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان– دینەمۆی جوڵانەوەو ڕێکخراوە سیاسییەکانی خەبات و شۆڕشەکانی گەلی کورد بوون، کە من ئەم بابەتەم بەجیا لە کورتەباسێکدا جیاکردۆتەوە.

[1] شۆڕشەکانی کورد، عەلادین سەجادی، لا: ٢٦٨.

# بەشی پێنجەم

# چەند نمونەیەك لە بەرهەمی فكریی‌و نووسین‌و ئەدەبیاتی (ژ.ك)

## تیشکێك لەسەر ژمارەکانی گۆڤاری (نیشتمان) زمانحاڵی (ژ.ك):

ژمارەی یەکەم: لە پوشپەڕی ١٣٢٢ ی هەتاوی، تەموزی ١٩٤٣ی زاینی دەرچووە، لە (٤) لاپەڕە پێکهاتووەو ١٢ بابەتو چەند کۆپلە شیعرێکی لەخۆ گرتووە.

ژمارەی دووەم: لە خەزەڵوەری ١٣٢٢ی هەتاوی، ١٩٤٣ی زاینی دەرچووە، لە (٢٦ )لاپەڕە پێکهاتووەو (١٥) بابەتی تێدایە، لەگەڵ (٦)کۆپلە شیعر، چەند وردەبابەت.

ژمارەی سێیەمو چوارەم (پێکەوەن): لە سەرماوەزو ڕێبەندانی ١٣٢٢ی هەتاوی، ١٩٤٤ی زاینی دەرچووە. (٣٩) لاپەڕەیە، کە (١٣) بابەتو (٧) کۆپلە شیعری لەخۆ گرتووە.

ژمارەی پێنجەم: لە ڕێبەندانی ١٣٢٢ی هەتاوی، ١٩٤٤ زاینی دەرچووە، (٢٤) لاپەڕەیە، (٩) بابەتو (٦) پارچە شیعری لەخۆ گرتووە.

ژمارەی شەشەم: لە ڕەشەمەی ١٣٢٣ی هەتاوی، ١٩٤٤ی زاینی دەرچووە، (٢٤) لاپەڕەیەو (٩)بابەتو (٦) پارچە شیعری تێدایە.

ژمارەی حەوتەمو هەشتەمو نۆیەم (پێکەوەن): لە خاکەلێوەو بانەمەڕو جۆزەردانی١٣٢٣ی هەتاوی، ١٩٤٤ی زاینی دەرچووە، (٣٤) لاپەڕەیەو (١٦) بابەتو (٥) پارچە شیعرو چەند وردەبابەتێکی لەخۆ گرتووە.[١]

## هەندێك لە وتارەکانی (ژ.ك)و نوسینو ئەدەبیاتیان لە بڵاوکراوەکانیاندا

کۆمەڵەی (ژ.ك) جگە لە دەرکردنی گۆڤاری (نیشتمان)، چەندین بڵاوکراوەی تریشیان هەبووە، وەك گۆڤاری (هاوار)و (دیاری بۆ لاوانی کورد)و (ڕۆژژمێری ساڵ)و.. هتد. بۆ زیاتر شارەزابوون لە ڕادەی تێگەیشتنی جوانو هیممەتو جوامێریی ڕابەرانی کۆمەڵەی (ژ.ك) داوا لە خوێنەر دەکەم ئەم پەرەگرافەی خوارەوە بخوێنیتەوە کە دەقاودەق لە ژمارەی یەکەمی گۆڤاری (هاوار) وەرمگرتوە، کە (ژ.ك) دەری کردووە.

لە وتارێکی چوار لاپەڕەو نیویدا باسی (ترس)و هۆکارەکانیو زیانەکانی دەکاو هانی لاوانی کورد دەدات کە بوێرو ئازاو نەترس بن، بۆ نمونە دەڵێت: "ئینسان لەناو هەموو دروستکراواندا دانراویی (اختصاصی) هەیە،

---

[١] ئەو (٩) ژمارەیەی گۆڤاری (نیشتمان) لە دووتوێی کتێبێکی (٣٦٠) لاپەڕەییدا لە لایەن نووسەر عەلی کەریمییەوە ئامادەو بڵاوکراونەتەوە، لەگەڵ پێشەکیو ڕونکردنەوەیەکی گونجاو لەسەر گۆڤارەکەو لە ساڵی ٢٠٠٨دا لەلایەن (بنکەی ژین)ەوە چاپو بڵاوکرایەوە، کاری ئامادەکارو بلاوکەرەوە جێگای دەستخۆشیو پێزانینە.

بەهێزی بیریی‌و گیانیی. بەم دوو هێزە کاری سەرسوڕماو دەکا.. هەرلەبەر ئەمە تەکلیفی شەرعیی لێکراوەو لەسەر کاری چاك‌و خراپ، مەدح یا زەمی دەکەن..." پاشان دەڵێ: "بنچینەی وەپاشکەوتنی موسڵمانان ترسە، ترس کۆڵەکەی مەملەکەتانی شکاندووە.. نەتەوانی بلاو کردووە، نیزامی تێکداون، ئیرادەی شاهانەی سست کردووە، تەخت‌و بەختی لێوەرگیراون، ترس دەرگەی بەڕووی گالیبانەوە بەستووە، نیشانگەی هیدایەتی لەبەرچاوی ڕێڕەوانەوە نابود کردووە... ترسنۆك بەردەڵانی هەژاریی بە دەستی نەرم دەزانێ، ژیانی تەنگ‌و تنۆك‌و قوڕبەسەریی، بەخۆشیی‌و نیعمەت حیساب دەکا..."

پاشان ئەم شیعرە عەرەبییە بە کوردییەکی جوان وەردەگێڕێ:

(من يهن يسهل الهوان عليه ما لجرح بميّت إيلام) دەڵێت:

پیاوی سووك دەردی سوکیی ناکێشێ زامی ئەندامی مردووش نایێشێ.

پاشان دەڵێت: "ترس عەیب‌و عارە بۆ هەمو زەلامێك، بەخسوس ئەو کەسانەی ئیمان بەخوداو پێغەمبەران‌و ڕۆژی قیامەت دێنن‌و ئارەزوو دەکەن بگەن لە تۆڵەی عەمەلیاندا بەجێی گەورە. پێویستە لاوانی میللەتی ئیسلامی -بەخسوس لاوان‌و گەنجانی کورد- وەکو دین لێی ویستوون -زۆر دووریی بکەن لەم ڕەوشتە نەوییە، چونکە لەگەڵ ترسا ئەوکارەی خودا لێی ڕازییە بەجێ نایە. قورئانزانان دەزانن ویستی مەرگ نیشانەی ئیمانەو خودا بە مەرگ دڵی بێدینان ئیمتحان دەکا: ﴿ألم تر إلى

الڤين قيل لهم كفوا أيديكم وأقيموا الصلاه ويّتو الزكاه...﴾ هەڵمەتبردن لە ڕێی خواداو خەرجیماڵو ڕۆح بۆ بڵندکردنی کەلیمەی حەق، ئەووەڵ نیشانەیەکە بۆ ئیمانداران.. تەنها دەلیلێك لەسەر ئیمان، دانانی ڕۆحە لەڕێی بڵندکردنی کەلیمەی تەوحید، لەدڵێکدا دینی ئیسلامو ترس پێکەوە خڕنابنەوە. چۆن دەبێ موسڵمان بترسێ؟ لە سورەتێکدا دینی ئەو نمونەی شەجاعەتو ئیقدامەو بە کۆڵەکەی ئەم دینە ئیخلاصە بۆخودا..

پاشان بۆ دەرکردنی ترس لە دڵی لاوانی کورد، دەڵێ: "ئیماندار کەسێکە یەقینی ببێ کە ئەجەل بەدەست خودایە، ئەیگۆڕێ هەرچۆنێ کەیفی ببێ. سستی لە بەجێهێنانی فەرزکراودا ئەجەل زیادناکاو ئیقدام دەقەیەکی لێ کەم ناکا... ئیماندار دەبێ یەکێك لەم دووانە هەڵبژێرێ: یا بژی بە مەزنی، یا بمرێ بە شەهیدیو هەڵفرێ ڕۆحی بۆ لای سەرووی بەهەشتو جووت ببێ لەگەڵ (      )[١] مەلائیکانی موقەڕڕەبین.

لە کۆتایی وتارەکەدا ئەرکی زانایانو مەلای کوردەواریی بەمجۆرە دەخاتەڕوو، پێیان دەڵێت: "لەبەر ئەمە لە مەلایانی ئیسلامیی کە وارپی پێغەمبەرانن (علیهم الصلوة والسلام) تکا ئەکەین: حەق وەدەرخەن، ئایاتو ئەحکامی خودا وەبیری خەڵکی بێنن، ئەمر بە پەلاماردانو شەجاعەت بکەن، بۆ بڵندبوونی کەلیمەی حەق. نەهی بکەن لە تەمەڵیو دانیشتن. ئەگەر عولەما زەمانێکی کەم، ئەم دوو وەزیفە بەجێ بێننو

---

[١] لێرەدا وشەیەکم لە ئەسڵەکە بۆ ڕاست نەکرایەوە.

مەعانی قورئان بۆ هەموو کەس بەیان بکەن لە دڵی موسڵماناندا، دەبینن لەم میللەتەدا نیشانەیەکی تا قیامەت بمێنیۆ چاومان پیێ ئەکەویێ هەرلەم دونیادا، مەزنیی قەدیمی خۆی ببێتەوە ژێردەستی خۆی. دەبینی وەك شێران وەردەگرنەوە ئەوی لێیان ئەستێنراوەو ڕاوەگرن ئەوەی ماویانەو خودا مەقامو دەرەجەی گەورەیان لە دینو دونیا پیێ نسیب ئەکا."[1]

ئەمە گۆشەنیگایەکی زۆر گونجاوە بۆ ئەوەی دڵنیا بین لە دوو مەبەست، یەکەم: دڵنیابوون لە دروستییو ڕێکوپێکیی تێگەیشتنی سەرانی (ژ.ك) لە بۆچوونو چەمکە ئیسلامییەکان. دووەم: دڵنیابوون لەژیرییەتیو سەلیقەی کاریان بۆ پەیوەستکردنەوەی ئەو چەمکانەو سوودلێوەرگرتنیان بۆ گۆشکردنی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردو جۆشدانیان بۆ خەباتکردنو غیرەتنانەبەریان، بۆ ئەوەی لە ڕەهەندی فیکریەوە ڕەسەنایەتیی لەدەست نەدەنو لە ڕەهەندی واقعیو مەیدانیشەوە لەو دواکەوتنو تێگەیشتنە هەڵەو کوشندانە ڕزگایان ببێت.

ئەمەم وەك نموونەیەك هێنایەوە، وەگەرنا لە ژمارەکانی گۆڤارە جوانو دەگمەنەکەی (نیشتمان)دا –کە زمانحاڵی (ژ.ك) بوو– دەیان وتارو وردەوتاری تری تێدایە، کە زۆر بەکەڵکن بۆ تێگەیشتن لە ڕادەی زانستی ئەو خەباتگێڕانەو لێبڕانی بەرپرسو کادیرە چالاکەکانی ( ژ.ك).

---

[1] ئەم بابەتە، سەروتاری یەکەم ژمارەی گۆڤاری (هاوار)ە، کە لە مانگی ڕەزبەری ١٣٢٤ هەتاوی، (١٩٤٥ی زاینی)، لە لایەن کۆمەڵەی (ژ.ك)ەوە دەرچووە.

## پەیامێکی کۆمەڵە بۆ دایکی نیشتمان

ئەوەی سەرەوە دەقی ناونیشانێکە کە کۆمەڵەی (ژ.ك) لەسەر بەرگو لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژمێری ساڵی ١٣٢٢هەتاوی،١٩٤٣-١٩٤٤ی زاینی، دایانناوەو لەژێر ئەو ناونیشانەدا نووسیویانە:

"ئەی دایکی نیشتمانی کورد! دڵنیابە، ئەندامەکانی کۆمەڵەی (ژ.ك)، ناڵەی دەرونو سکاڵای تایبەتی تۆ، بە هەموو ناوچەکانی کوردستان بڵاو ئەکەنەوەو لاوەکان بۆ خزمەتی تۆهان ئەدەن.

بە هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر ڕائەگەیەنین، کە دونیای ئیمڕۆ دونیای شارستانێتیو (تمدن)ە، ئەوەندەی لە توانایاندا بێت بە بروسکەی زانستو خوێندەوارییی..ڕوناك ئەکەنەوە.. سەرکەوتن لە ڕێکەوتندایە، بەگوێی هەموو دانیشتووەکانی کوردستان ڕائەگەیەنین."[1]

لە ڕۆژژمێری ساڵی دواییدا (١٣٢٣ھ)، (١٩٤٣ ز)، لەژێر ناونیشانی (پەیامی کۆمەڵە بۆ دایکی نیشتمان). نوسراوە: "ئەی دایکی نیشتمان! وا لە سەرەتای ئەم ساڵەشدا پەیمانت لەگەڵ ئەبەستین، کە زۆر لەپار بەتینترو تاوتر کۆششت بۆ بکەین، تا بە یارمەتی یەزدانو نێردراوی گەورەی ئیسلام، حەزرەتی محەممەد (ﷺ) لە هەموو شوێنێکی نیشتمانەوە، ڕەگو ڕیشەی نیفاقو دووبەرەکیی دەربهێنین.. ئیتر پەنا بە یەزدانی بەرز."[2]

---

[1] بڕوانە: نیشتمان، عەلی کەریمی، لا: ٢٩١، کە کۆپی ئەسڵی نوسراوەکەی تێدایە.

[2] بڕوانە: حکومەتی کوردستان، نەوشیروان مستەفا، لا: ٧٠.

## سەرکەوتن بەزۆرو کەمیی نیە

لە ژمارە (١)ی گۆڤاری (نیشتمان)، لە ژێر ناونیشانی (سەرکەوتن بەزۆرو کەمیی نیە) (ع. بیژەن)، کە (عبد الرحمن زەبیحی)یە، لە تەفسیری ئایەتی: ﭑ ﭒ ﭓ ﭔ ﭕ ﭖ ﭗ ﭘ ﭙ ﭚ ﭛ ﭜ ﭝ ﭞ ﭟ ﭠ ﭡ ﭢ ﭣ ﭤ ﭥ ﭦ ﭧ ﭨ ﭩ ﭪ **البقرة**/٢٤٩، ورەی کوردان بەرز دەکاتەوەو تیایدا بە نمونەوە دەڵێت: "... جاران لە خۆما شتێکی دەگەڵ ئەم ئایەتە موبارەکە تەتبیق بکات، شك نەدەبرد، بەڵام ئەمجار کە بیرم کردەوە بۆم دەرکەوت کە ئەو فەرمایشتەی خوا باڵ ئەکێشێت بەسەر ئێمەشدا، چونکە دەستەیەکی نیسبەت بچکۆلە لە دەوری یەکتری کۆبوینەوە، ئەڵێن: نیشتمانی خۆشەویستمان ڕزگار ئەکەین، وڵاتەکەمان ئەهاوێژینە باوەشی سەربەخویی، هەنگوینی سەربەستی ئەکەین بە گەرووی هەموو کوردێکدا. وا تێ ئەگەم ئەم ئایەتە مزگێنی گەورەی خودایی بوو، بۆیە وا قورسایی ئەخاتە سەر مێشکمو لەپێش چاومە کە هیچ شتێك توانای نیە ئێمەو براکانمان لە گەیشتن بەم ئامانجە پاكو خاوێنە بگێڕێتەوە، چونکە خوا لەگەڵ ئێمەیە، بۆچ لەگەڵمان نابێت؟ ئیمە بنچینەی کارمان لەسەر ڕێو شوێنی ئیسلام داناوەو پاڵمان داوەتە بەزەیی (رەحم)ی خواو گەورەیی پێغەمبەر (ﷺ)و پاکیی قورئان."[١]

ئەمەش بەڵگەیەکی تری ڕوونە لەسەر تێگەیشتنی دروستی ئەو سەرکردانەی (ژ.ك) لە چەمکە قورئانییەکان، بە پێچەوانەی زۆرکەسانی

---

[١] دەقی کۆپی ئەسڵی ئەم وتارە لە لا: (١٠)ی (نیشتمان)دا، عەلی کەریمی ببینە.

ترەوە، کە تەنها بۆ موفەڕکیو خوێندنی پرسەو سەرمردووی قەبرستان، سوودیان لە قورئانی پیروز وەردەگرت.

## فەلسەفەی ژیان

لەژێر ئەو سەردێڕەشدا، دووبارە سکرتێری کۆمەڵەی (ژ.ك)، (ع.بێژەن)، وتارێکی دوولاپەڕەیی لە ژمارە (٥)ی (نیشتمان)دا، نووسیوە، تیایدا بێهودەییو (عەبەسییەت) ڕەتدەکاتەوەو ئامانجداریی ژیان دەسەلمێنێت. دیارە ئەو بابەتەشی بەئەنقەست نووسیوە، چونکە لە گەرمەی ئەو پڕوپاگەندانەدا بووە کە گوایە سەرانی (ژ.ك) کۆمۆنیستن..

ناوبراو کە لەبەر زیرەکیی ناوبانگی بە (عولەما) دەرکردبوو، لەو وتارەدا دەڵێت: "زاناو تێگەیشتووانی ڕابردوو تازەش جەخت (اپبات)یان کردووە کە لە گێتیدا (هەڵکەوت) نابیٚو لە فەرهەنگەوە داهێنان (خلقت)دا وشەی (خۆڕایی) (عبپ) نەناسراوە. با سادەتر بڵێم: ئیمڕۆ لەم جیهانەدا، باوەڕی گشتی ئەمەیە کە بچوکترین شتێکی هەبێت، پاکی کارێکی ڕوو دەدا خۆڕاییو بێکەڵك نیە، ناتوانین بەهیچ شتێکی بڵێین: هەڵکەوت، واتا: کارێکی لەخۆڕایی.. کەمێك ورد ببنەوە، تێبفکرن، دەزانن لە (ژیان)دا نهێنی تێکەڵو پێکەڵی نیە، بیرێکی گەورە، دەستێکی هێزدار، ویستویەتی مشت نمونە بارێك بیٚو شتێکی بچوك نوێنەری زۆرشتی گەورە بیٚ.. بەچاوێکی ورد تۆزیٚ سەرنج بدە گوڵێکی بچووك، دەکردەوەی

مێرولەیەکی بێهێز بفکرن، ئادەمیزاد بهێننە بەرچاو کە لە پێشا چۆن (نوتفە)یەکی بێ بەهایەو لە ئەنجاماچی بەسەردێت، هەموو گرێکوێرەی ژیانتان بۆ ئەکرێتەوە..."[1]

ئەوە نمونەی وتارو قسەو بۆچونی (عبد الرحمن زەبیحی)یە، ئیتر نازانم بە چ بەڵگەیەك جەلال تاڵەبانی– سەرەڕای ئەوە مەدحێکی زۆری دەکات– دەڵێت: "پیاوێکی چەپو مارکسی بوو" وەك عەلی کەریمی لێی دەگێڕێتەوە؟! ئەگەر وەڵام ئەوەش بێت کە دواتر ئاڵوگۆڕ بەسەر بۆچوونو بیرکردنەوەیدا هاتووە، ئەوە بابەتێکی ترەو پێویستیی بە بەڵگەی ڕوون ئاشکرا هەیە..

[1] سەیری ژمارە (٥) ی نیشتمان ، لا: ١٤– ١٥ بکە کە لە ڕێبەندانی ١٩٣٤ دەرچووە.

## ڕۆژی کاره

له ژێر ئه‌م سه‌ردێڕه‌شدا (هێمن)ی شاعیرو هه‌ستناسك وتارێکی له ژماره (٥)ی (نیشتمان)دا نوسیوه‌و تیایدا وێڕای هاندانی گه‌نجان بۆ جموجوولّو خه‌بات، له کۆتاییه‌که‌یدا ده‌لّێت: "ئه‌گه‌ر ڕۆژگار یارمه‌تی ئێوه‌ی نه‌دا مه‌به‌زن، مه‌یدان به‌تالّ مه‌که‌ن، دلّنیا بن به‌سه‌ر هه‌موو قۆرتو ته‌گه‌رێکدا زالّ ده‌بن. له هیچ که‌س‌و هیچ شتێك مه‌ترسن. خوا پشتیوانتانه، هه‌میشه ئه‌م وتاره‌ی پێغه‌مبه‌ری گه‌وره‌ی ئیسلام (ﷺ)و نێردراوی خۆشه‌ویستی یه‌زدان، که ده‌فه‌رموێت: "کار بکه‌و دلّنیابه به ئاوات ده‌گه‌یت" له‌بیرت بیّو بیکه‌نه سه‌رمه‌شقی هه‌موو کارێکتان، تا به یارمه‌تی یه‌زدان حه‌قی مه‌شروعی خۆتان له بێگانه ده‌ستێننه‌وه."[١]

---

[١] گۆڤاری(نیشتمان– ئۆرگانی کۆمه‌لّه‌ی(ژێ. کاف– ژماره(٥– ، ل١٢

**ڕوونکردنەوەی کۆمەڵەی (ژ.ك)و ڕەتکردنەوەی تۆمەتی (شیوعی)بوون**

پاش ئەو پڕوپاگەندانەی خاوەن بەرژەوەندییەکانو کاسەلێسانی سەر بەدەوڵەتی ڕەزاشاو دۆستانی ئەڵمانیاو نازییەکان دەیانکرد، کە گوایە (ژ.ك) کۆمۆنیستن، یان دروستکراوی (سۆڤیەت)ن، ناچار کۆمەڵەی (ژ.ك) لە سەرماوەزی ١٣٢٢هـ، (١٩٣٤ز) بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە بە ناوی (بەیاننامەی ژمارە ٣٢٢ی ڕۆژی جەی، مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٢) کەتیایدا هاتووە:

بە ناوی یەزدانی گەورەو بەرزی بێ هاوتا

"هەمیشە بیروباوەڕی تازە ئەبێتە ئامانجی تیری بەربەرەکانێی خاوەنانی بیری کۆنو مێشکە ڕزیوەکان. ڕۆژێك ئێمە ئەم کۆمەڵەیەمان بنیاد نا، دەمانزانی لەم دەستورە گشتییو تەبیعییە ڕزگاربوونمان نیە، درەنگ یا زوو، لە جەنگەی کارکردنا ئەبینە نیشانەی لۆمەو توانجی هێندێك لە کوردە بێ تەعەصوبو کۆنەپەرستەکان، بەڵام نەماندەزانی لە چ ڕێگایەکەوە پەلامارمان ئەدەن.

بڵاوکردنەوەی چاپەکانمان (مگبوعات) ئەم ئیشکالەی هەڵگرت، هێندێك لە خاوەنانی (ماڵو مەقام) کە پێشکەوتنی ئێمەو پاشکەوتنی خۆیان لە ڕیزێکدا ئەدیت، دەستیان کرد بە پڕوپاگەندە کە کۆمەڵەی (ژ.ك) کۆمەڵێکی شیوعی (بەلشەویك)ییەو بەناوی کوردایەتییەوە کار ئەکا، بۆ

دروستکردنی هەموو چەشنە بەرهەڵستێك لە ڕێگای پێشووەچونی ئێمەدا، بە هەموو هێزی خۆیان کۆششیان کرد، بەڵام بێ کەڵكو بێ سوود بوو، چونکە مەردوم ئێمەیان زۆر چاك ئەناسیو ئەیانزانی ئامانجی ئێمە خۆشی ژیانی هەموو کوردێکە.."

لە کۆتایی بەیاننامەکەدا هاتووە: ((ئەم برا خۆشەویستانە، دەبوو بزانن کە چۆن هەتاو هەمیشە لەژێر هەوردا نامێنێتەوە، هەروەها درۆو دەلەسەش لە باریدا نیە کە ڕووی ڕووناکی حەقیقەتو ڕاستیی بپۆشێت.." بژی کوردستان بەسەربەستی وسەربەخۆی

هەیئەتی ناوەندیی کومەڵەی ژ.ك [1]

---

[1] دەقی ئەم بەیاننامەیە لەژمارە(٤) ی گۆڤاری (نیشتمان)، لا: ٩– ١٠ کە لە ڕێبەندانی ١٩٤٣ بڵاوبۆتەوە، هاتووە.

زانست

# بەشی شەشەم

# نیازخراپیی سۆڤیەت و کۆمۆنیستان

# لەگەڵ (ژ.ک)

## سەرچاوەی نیازخراپیی (سۆڤیەت)و کۆمۆنیستەکان،

## مامەڵەی ئایدیۆلۆژییانە

ئەگەر لە چەند لاپەڕەی پێشوودا شرۆڤەیەکی کورتی واقیعە مێژوویەکەمان کردبێت، هەقی خۆیەتی خوێنەر چاوی بەهەندێك بەڵگەنامە، یان دانپێدانانی خودی پیاوانی سۆڤیەت، بکەوێت. بەرپرسانی سەربەدەوڵەتی سۆڤیەت لە یاداشتو لێدوانەکانیاندا نەیانشاردۆتەوە کە نەیانتوانیوە –یان نەیانویستووە– خزمەتێك بە کورد بکەنو بەدەم داواکارییەکانی (ژێ.کاف)ەوە بچن، لە چەندین دیدارو وتوێژی نێوان خۆیان –بەرپرسانی سۆڤیەت لەناو ئێران، لەگەڵ سەرەوەی خۆیان– یان نوسینەوەی یاداشتو بیرەوەرییەکانیاندا ئەم ڕاستییە دەسەلمێت.

"بێ هەڵوێستی حزبی تودە لە ئاست کێشەی نەتەوایەتی کوردو جووڵانەوەی ئازادیخوازانەی کوردەکانی ئێران لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیدا، بگرە دوژمنایەتیشی لەگەڵ ڕێکخراوە نەتەوایەتییەکانی کوردستانی ئێراندا، ڕاستییەکی مێژووییە"[١]

یەکێك لەو بەرپرسە باڵایانەی حکومەتی سۆڤیەت سەرکونسوڵی ئەو وڵاتەیە لە تەبرێز (حەسەنۆف) کە خۆی ئاماژە بەوە دەکات کە لە ١٩٤٤/٧/٩دا قاسمی ئیلخانیزادەی دیوە– کە نوێنەری (ژ.ك) بووەو هەمانکات سەرەك هۆزی (دیبوکری)یە، ناوبراو باسی کارو چالاکیی‌و

---

[١] کوردستانی ئێران، د. یاسین سەردەشتی، لا: ٣٥٧.

داواکاریی (ژ.ك)ی بۆ کردووه، کەچی (حەسەنۆف) دەڵێت: "پێم وت: سۆڤیەت لە شەڕدایەو دەرفەتی لێکۆڵینەوەی ئەم باسەمان نیە."

هەمانکەس (حەسەنۆف) جارێکی تر ئیلخانیزادەی بینیوە، بەڵام ئەمجارەیان عبد الرحمن زەبیحیش لەگەڵی بووە، دوای کەین‌و بەینێکی زۆرو خستنەڕووی نیازمەندییەکانی (ژ.ك)، (حەسەنۆف) بۆخۆی دەڵێت: "لە وەڵامدا وتم: کە ئێوە بۆخۆتان ئەم پارتەتان دروستکردووە، دەبێ خۆتان بەرپرسی ئیش‌وکاری خۆتان بن." لە هەمان دیداردا سەرەڕای ئەوەی (زەبیحی) ئاماژەیەك دەکات کە دەیانەوێت سوود لە ئەزمونی ئیداریی حکومەتی سۆڤیەت وەرگرن، بەڵام (حەسەنۆف) دەڵێت: "ئەم پارتە –واتە: (ژ.ك)– ناناسم‌و دەبێت لەپێشدا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەم."[1]

وەك (کۆمێنت)و تەعقبێك لەسەر ئەو ڕاپۆرتە، باڵیۆزی ئەوکاتەی حکومەتی سۆڤیەت لە تاران، دەڵێت: "ئەرکی ئێمە بەرامبەر بەم پارتە

---

[1] ئەم بەڵگەنامەیە لە دەقی ڕاپۆرتێکی (ماکسیمۆڤ) باڵیۆزی سۆڤیەت لە تاراندا هاتووە، کە ڕۆژی ١٩٤٤/١١/١٣ بۆ حکومەتی خۆی نوسیوەو ئاماژە بەو قسانەی (حەسەنۆف) دەکات، (لە ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیەی فیدڕاڵ، ف، ٩٤/ئو٣٠/٦٦/پ ٣٤٨ل:٦٥). بڕوانە: گۆڤاری کوردستان، حامد گەوهەریی ل٢٢. هەروەها جمهوریەتی کوردستان، مەحمود مەلا عیززەت، لا: ٩٥– ٩٦.

دەبێت ئەوە بێت کە بە وردی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن، هەروەها ڕێبەرەکانو ئەندامانی چالاکی بناسن.."[1]

مامۆستا هەژار موکریانی –کە بۆ خۆی لە ناو ڕووداوەکاندا بووە– دەڵێت: "جارێکیان قازی محەممەد لە تەورێز گەڕایەوەو ئەندامانی (ژێ.کاف)ی کۆکردەوەو ئاگاداری کردن کە (قولی یوف)، لێپرسراوی سیاسی سۆڤیەت لە تەبرێز، گوتویە: ئێمە جگە لە تودە (حزبی کۆمۆنیستی ئێران) هیچ حزبێك قبوڵ ناکەین، دەبێ خۆتان حەل کەنو ببنە تودە، دەنا ناچارین بتانکوژین، ئێوە دەڵێن چی؟ قازی پێی وتوە: "ئێمە بۆ خۆمان ئەم ڕێگەیەمان هەڵبژاردووە، سۆڤیەت ئاگایان لێ نەبووە، ئێستاش هەر لەسەری دەڕۆینو چیان لەدەستدێ منەتیان نەبێ""[2]

(مەدەنی)ش دەڵێت: "حزبی تودە لە موخالفینی سەرسەختی کۆمەڵەی (ژ.ك) بوو. خۆی بڕوای بە فرەگەلییو مافی نەتەوایەتیی گەلانی ئێران نەبوو... بەردەوام لەلای سۆڤیەت بۆ (ژ.ك)ی تێدەچاند، زۆری هەوڵدا لاوازی بکاو بیتوێنێتەوە... تودە حەقی بە ڕێکخراوێکی سەربەخۆی

---

١ بڕوانە:گۆڤاری ڕابوون، هێندێ بەڵگەو بۆچون لەسەر (ژی.ك)، ئەفراسیاو هەورامی، ژمارە ٢٢، ١٩٩٧. هەروەها: جمهوریەتی کوردستان، مەحمود مەلا عیززەت، لا: ٩٦.

[2] چێشتی مجێور, هەژار لا: ٧٢.

کوردی لەکوردستان نەدەدا، ئەویش بە دروشمی سەربەخۆیی قیت بێتەوە."[1]

ئەمەیە ئەو دڵسۆزییەی کە چەپەکانی ئێستەو کۆنە کۆمۆنیستە چەپڵەکوتەکانی ئازەربایجانی ئەوکاتە، باسیان دەکرد، کە بە ڕوونیی لێی دەخوێنرێتەوە جگە لە سیخوڕیکردن‌و کۆکردنەوەی زانیاری کاریان بەکەسێکی ترەوە نەبووە، مەگەر لەو مەودایەدا کە بەرژەوەندی خۆیانی تێدا بێ، بتوانن دەستەو دەسنەمام دروست بکەن".

پاش خوێندنەوەی وێناکردنی سەرکونسوڵی سۆڤیەت لە تەبرێز، خراپ نیە وێناکرنی کونسوڵی سوڤیەت لە ورمێ (ڕەزائیە)ش ببینین، تا خوێنەر دڵنیا ببێت، قسەی ئەو کەسانە شەخسی‌و مەیدانیی نیە، بەڵکو مەرکەزییەو گوزارشتە لە قسەو هەڵوێستی مۆسکۆی ئەوکاتە لە ڕاپۆرتێکی کونسوڵی سۆڤیەت لە ورمێ (کۆمیسارۆف)– کە ڕاپۆرتێکە لەسەر کوردو کوردستان– دەڵێت: "..(ژێ.کاف) دەیەوێ پشتیوانی ئێمە بەدەستبێنێ. دەڵێن: "سیاسەتی کۆلۆنیالی (ئیستعمار)ی ئینگلیز تەنها کۆیلایەتی کوردانی بەدواوەیە"، پاشان (کۆمیسارۆڤ) زۆر بەشێوازی ناشیرین‌و سپڵانە دەڵێت: "ئەم وتانە پێدەچێت مەبەستێکی گڵاویان بەدواوە بێت...کوردەکان دەیانەوێ خۆیان لە پشت ئێمەدا بشارنەوە،

---

[1] مەدەنی. س ب. چاپی ۲، بێشوێن، ۱۳۸۰، لا: ۳۳۲، لە لا: ۳۵۷ی (کوردستانی ئێران) سەردەشتیی، وەرگێراوە.

بەڵام هیچ کاتێك سەرکردە گەورەکانی کورد بە دڵسۆزییەوە لەگەڵ ئێمەدا نابن... زیاتر کەین‌و بەینیان لەگەڵ ئینگلیزە."[1]

بەڵگەیەکی تری دووریی کاریگەریی کۆمۆنیست‌و پیاوانی سۆڤیەت لەسەر (ژ.ك)و دروستکردنی دانپێدانانی ئەو سەردەمەی ڕووسەکان‌و هەندێك لە ڕاپۆرتە نهێنییەکانی سیخوڕان‌و فەرمانبەرانی سۆڤیەت لەئازەربایجان‌و تەبرێزو ناوچەکە، یەکێك لەوانە دانپێدانانێکی (هاشمۆف) سەرکونسوڵی وڵاتی سۆڤیەتە لە ورمێ– کە لە ڕاپۆرتێکیدا ڕاشکاوانە دەڵێت: "لە نێوان ئێمەو (ژێ.کاف)دا هیچ پەیوەندییەك نیە." هەروەها هەوڵە سیخوڕییەکانی خۆشیان دەخاتە ڕوو، چونکە بەدوای ئەو قسەیەیدا دەڵێت: "کەس ناوی تەواوی سەرکردایەتی کۆمیتەی (ژێ. کاف) نادات‌و کەس باسی پەیوەندییەکانی ئەو پارتە ناکات لەگەڵ پارتەکانی تری ئێران‌و تورکیاو عێراق‌و سوریە. ئەمەش پاڵمان پێوە دەنێت کە زۆر ئاگادارو وریا بین". لەدوادێڕی ئەو ڕاپۆرتەدا ناوبراو دەڵێت: "لە مەهاباد کە ناوچەیەکی گرنگە نوێنەرێکمان نیە بتوانێ لە ڕوداوە سیاسییەکانی ئەم ناوچەیە ئاگادارمان بکاتەوە."[2]

---

[1] جمهوریەتی کوردستان، مەحمود مەلا عیززەت، لا: ٩٨–٩٩.

[2] ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەی سۆڤیەتدا. ئەفراسیاو هەورامی، لا: ٢٧، جێی باسە ئەو ڕاپۆرتە ١٤ لاپەڕەیەو چەندین زانیاری تری لەسەر (ژێ. کاف) و جۆری پەیوەندی لەگەڵ سۆڤیەت تێدایە.

ئەمە وتەی باڵاترین بەرپرسی سۆڤیەتە، لەوکاتەدا لە خۆرئاوای ئێران، سکاڵای خۆی بۆ دەوڵەتی سۆڤیەت دەردەبڕێت، کە تاکە کەسێکیان نیە لە مەهابادا کە زانیارییان بداتیٚ، ئیتر لە کویٚ بتوانن دەست بخەنە ناو حزبێکی وەك (ژ.ك) کە تەنانەت ناوی ئەندامانی سەرکردایەتی ئەو حزبەشی دەست نەکەوتووە؟ شایانی باسە ئەم ڕاپۆرتە لە ١٩٤٥/٥/١دا نوسراوە.

بۆ زیاتر ناساندنی نیازخراپیی سۆڤیەتو کۆمۆنیستەکان لەگەڵ (ژ.ك) یەکێك لە دامەزرێنەرانی (ژ.ك) وەك شایەتحاڵێك کە مەلا قادری مودەرریسە، دووپاتی دەکاتەوە کە زۆر هەوڵیان دا دەستبخەنە ناوخۆی (ژێ.کاف)و بیگۆڕن بەڵام هەرچییان دەکرد تێنەدەگەیشتنو سەرگەردان بوون، ئێستاش هەرلەو ڕێکخراوە نەگەیشتن، بەڵام کۆششیان کرد بۆ لێك بڵاوکردنی، ئاخری توانیان کە پیاوە لێهاتووەکان یەك یەکو دوو دوو وەلابنێن.[1] مام جەلالیش ئەو شایەتییە مێژوییە دەداو دەڵێت: "لە تەئریخی کورددا گەورەترین زەرەری سۆڤیەت کە لە کوردی دا ئەوە بوو، کە نەیهێشت(ژ.ك)بە تەریقەی خۆی گەشە بکا."[2]

(م.س. لازاریف)و نووسەرانی هاوکاریشی –کە بۆ خۆیان ڕۆیشتن– لە (مێژووی کوردستان)ە کەیاندا ڕاشکاوانە دانیان بەوەدا ناوە کە "مۆسکۆ

---

[1] بڕوانە: دەقی نامەی مەلا قادری (مودەرریس)، کە بۆ کتێبی ژیانی زەبیحی، عەلی کەریمی ناردووە، لا: ٧١.

[2] دەقی لێدوانی مامجەلال بۆ عەلی کەریمی لە کتێبی سەرەوەدا، لا: ٣٢٦.

بەشێوەیەکی سلبیو نەشیاو لەگەڵ پێکهاتنی ئەم ڕێکخراوی (ژێ.کاف)ە دا بوون. بۆیە وەزارەتی دەرەوەی ئەوکاتەی سۆڤیەتو شەخصی وەزیرەکە (ف.مۆلۆتۆف) بەتایبەتی ڕوونیکردەوە کە ئەرکی سەرەکییان پاراستنی پەیوەندییەکانی خۆیانە لەگەڵ ئێرانو ئامادەنین دەستوەردەنە کاروباری ئێران."[1]

یەکێکی تر لە بەڵگەکانی ناپاکی هەڵوێستی سۆڤیەتو کۆمۆنیستەکان لەگەڵ (ژ.ك)و کوردو کۆماری کوردستان بەگشتی، دانپێدانانی کونسوڵی سۆڤیەتە لە شاری ورمێ، کە ڕاشکاوانە لە یاداشتەکانی (١٨)ی مارسی ساڵی (١٩٤٥)یدا نوسیویەتی: "بە دەستوری مۆسکۆ، ئێمە لە مانگی (ژوئێن)ەوە پێوەندیی خۆمان لەگەڵ پارتی (ژ.ك) گۆڕیوەو لە دیدارەکانماندا لەگەڵ ناسراوەکانی کورد بەپارێزەوە تێمانگەیاندوون کە بیروباوەڕی (سەربەخۆیی کوردستان) واقعگەرایانە نیەو زیاتر دوژمنانی گەلی کورد پشتیوانی لێدەکەن."

لە کۆتاییدا ئامۆژگاری خۆیان بەم جۆرە دەگەیەنێت: "ئێمە بە ئەندامانی پێشکەوتووخوازی پارتی(ژ.ك)پێشنیار دەکەین بۆ مافی

---

[1] مێژووی کوردستان، م.س لازاریفو هاوکارانی، لا: ٢٤٢.

یەکسانبوونی کورد لە چوارچێوەی یاسای ئێراندا، لەسەر بنچینەی دیموکراتییانەی وڵات هەوڵبدەن.[1]

لە بەڵگەنامەیەکیشدا هەوڵی سیخوڕیی بەکرێگیراوانی ئەوکاتەی سۆڤیەت لەسەر (ژێ. کاف) بەدانپێدانانی خۆیان هاتووە، کە ڕاوێژکاری باڵیۆزی سۆڤیەت لە تاران، دەنوسێت بۆ سەرکونسوڵی خۆیان لە ورمێ: "لە نزیکەوە سەرنجی زیاتر بدرێتە ڕێکخراوی کۆمەڵەی (ژێ. کاف)و زانیاری زیاتر لەسەر ئەندامانی سەرکردایەتیو بەگشتی ئەندامانی تری کۆمەڵە کۆ بکرێتەوە.[2]

دیارە چەندین بەڵگەنامە هەن کە دەیسەلمێنن هەر لە سەرەتاوە سۆڤیەت گوێلەمشتی کۆمۆنیستەکان لەگەڵ(ژ.ك)ناساز بوون، هەر لە سەفەری دووەمی پێشەوا قازی محەممەدو هاوڕێیانی بۆ باکۆ، لە سێپتەمبەری ١٩٤٥دا، میرجعفەر باقرۆف سەرۆککۆماری ئازربایجان سەر بە سۆڤیەت پێیان دەڵێت: "کۆمەڵەی (ژ.ك) بەو تەشکیلانەی هەیەتی، هیچ کات ناتوانێت قازانجێك بگەیەنێت... بزوتنەوەی خەڵکی کورد تەنها لەژێر ئاڵای (حزبی دیموکراتی کوردستان) دەتوانێ پێشکەوتنی هەبێ و دوا ڕۆژێکی باشی هەبێ."[3]

---

[1] کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، حامد گەوهەری، لا: ٩٤ و٢٥٤. هەروەها لا: ١٣٧ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەردەمی دووەم جەنگی جیهانی، د.ئەفراسیاو هەورامی، کە بەڵگەنامەکانی لە ئەرشیفێکی سۆڤیەتییەوە، لە ڕوسییەوە وەرگێڕاونەتە سەرکوردی.

[2] هەمان سەرچاوە، لا: ١٤٩.

[3] کۆماری ١٩٤٦ی کوردستان، ویلیام ئینگلتۆن، لا: ٨٩.

## هەوڵدان بۆ پەکخستنی گۆڤاری (نیشتمان) زمانحاڵی (ژێ. کاف):

لە درێژەی بەربەرەکانێی (ژ.ك)دا لەلایەن کۆمۆنیستەکانو پیاوانی سۆڤیەتەوە، هەوڵی پەکخستنی دەرچوونی گۆڤاری (نیشتمان) ئۆرگانی کۆمەڵەی(ژ.ك)درا، کە ژمارە (٥ تا ٩)ی لە شاری تەبرێز دەردەچوو،کە کۆمۆنیستەکانی دەستەنەمامی سۆڤیەت لەوێ حوکمیان دەرکرد، چونکە تا ئەوکاتە شاری مەهاباد چاپخانەی تێدا نەبوو. محەممەد شاپەسەندیی –کە بۆ خۆی ماوەیەك سکرتێری کۆمەڵەی (ژ.ك)و ئەندامێکی باڵای دەستەی ڕاوێژکاریی کۆمەڵە بوو، لە یاداشتەکانیدا، باس لە چۆنیەتی چاپکردنی ژمارەکانی (٥ تا ٩) گۆڤاری نیشتمان دەکات، کە بە چ ڕەنجو زەحمەتێك فێری پیتچینی بووەو بە هاوکاریی عبد الرحمن زەبیحی ئەو ژمارانەیان لای کابرایەکی ئەرمەنیی بەنهێنی چاپ کردووە..دواتر دەڵێت: "ڕووسەکان لەگەڵمان باش نەبوون، دەیانویست ئێمە بەرنامەی ئەوان ئیمزا بکەین، ئێمە ڕازی نەبووین، قازی ڕازی نەبوو، زەبیحی ڕازی نەدەبوو، وردە وردە لە گەڵمان تێکچوون، ئیشارەیان دا بە چاپخانەکە کە ئیدی چاپی (نیشتمان) تەئخیر بکەن.."[1]

وا دیارە پاش ئەو گوشارانە بووە، کە قازی شەهید ناچاربووە فەرمان بدا بە کڕینی ئامێرێکی بچوکی چاپو بیهێننەوە بۆ مەهابادو (نیشتمان)و زۆربەی بڵاوکراوەکانی تری لە خودی شاری مەهاباد پێ چاپ بکەن، وەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا هاتووە.

[1] بیرەوەرییەکانی محەممەدی شاپەسەندیی، لا: ٥٦.

## داواكاريی سەربەخۆیی كوردستان،

## گرێی دەروونیی بەردەوامی سۆڤیەت‌و دۆستانی

بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی لەبەردەستدان، هۆكاری سەرەكیی گلەیی‌و دڵساردیی حكومەتی سۆڤیەت لە حزبی (ژێ. كاف)و دواتریش لە بەرپرسانی كۆماری كوردستان، داواكاریی سەربەخۆیی بووە بۆ كوردستان. نوێنەرانی وڵاتی سۆڤیەت لە چەندین لێدوان‌و ڕاپۆرتیاندا نەیانشاردۆتەوە كە ئەو داواكارییە قبوڵ ناكرێت‌و حكومەتی سۆڤیەت دژی سەربەخۆیی كوردستانە. هەر ئەو هەڵوێستەش بووە، كە بەرپرسانی كوردی دڵكرمۆڵ كردووە لە نیازو مەبەستی كۆمۆنیستانی ئێران‌و پیاوانی سەربە دەوڵەتی مۆسكۆ بەگشتی. ئەوەتا (هاشمۆف ئەكبەرۆف) لە ڕاپۆرتێكدا كە لە بەهاری ١٩٤٥دا نوسیویەتی دەڵێت: "بەپێی دەستوری مۆسكۆ، ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ پارتی(ژ.ك)گۆڕیوە، لە چاوپێكەوتندا لەگەڵ ناسراوەكانی كورد، ئێمە بە ئیحتیاتەوە (بەحەزەرەوە) قسەئەكەین‌و تێمان گەیاندوون كە بیروبڕوای (سەربەخۆیی كوردستان) كاتی خۆی نیەو واقعی نیە، چونكە ئەم داوایە لەلایەن دوژمنانی گەلی كوردەوە پشتیوانی لێ دەكرێت.[1]

---

[1] گۆڤاری گزنگ، ژمارە (٢٥)، ١٩٩٨، هێندێك بەڵگە لەسەر(ژێ. كاف)، ئەفراسیاو هەورامی.

**له (ژێ.کاف)ەوە بۆ (حزبی دیموکرات): ناوگۆڕین یان کودەتا؟**

سەبارەت بەگۆڕینی ناوی ڕێکخراوی (ژ.ك) بۆ (حزبی دیموکرات)، لە ١٩٤٥/٨/١٦دا قسەو باسی زۆرکراوە. لەکاتێکدا هەندێك پێیان وایە کە بە گوشاری سۆڤیەت کراوە، هەندێکی تر پێیان وایە کە سەرانی (ژ.ك) پەرتو بڵاوبوونو کودەتایان بەسەرداکراوە. لەوانە عەلی کەریمی خوشکەزای عبد الرحمن زەبیحی، یەکەمین سەرۆکی کۆمەڵەی (ژ.ك) پێی وایە کە هەلی پەرتەوازەبوونو هەتیوکەوتنەوەی ڕێکخراوەکە، قۆزراوەتەوەو کودەتای بەسەردا کراوە، دوو بەڵگەی بەهێزیش بۆ ئەو مەبەستە دێنێتەوە:

یەکەم: پاش دامەزراندنی حزبی دیموکراتو ڕووخانی کۆمار بەسێ ساڵ، لە ساڵی ١٩٤٨ چۆن عبد الرحمن زەبیحی ژمارە (١٠)ی گۆڤاری (نیشتمان) دەرئەکاو هەمان ئارمو لۆگۆو ناوی (ژ.ك)ی لەسەردادەنێت، ئەمەش لە گوندی (سیتەك)ی شاربازێر، بە هاوکاری شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحمودی حەفید. واتە: ئەگەر (ژ.ك) ئارەزوومەندانە بووەتە (دیموکرات)، بۆچی ئەو ناوە تازەیە دانانرێو هەمان ناوی (ژ.ك) دەدرێ لە گۆڤارەکە؟

بەڵگەی دووەمیش ئەوەیە کە تاقە نەفەرێك لە دامەزرێنەرانی سەرەکیی (ژ.ك) نەچوٚتە ناو حزبی (دیموکرات)، جا ئەگەر خۆیان ڕازی بوون، بۆ

دەبێت شانازیی بەو گۆڕینەوە نەکەن‌و نەچنە ناوی؟[1] بەڵام دیارە (دیموکرات) یان بە حزبێکی تر زانیوەو نەچوونەتە ناوی، تا ئەو سوێندەیان نەکەوێت کە لە کاتی چوونەناو ڕێکخراوی (ژ.ك) خواردبوویان، کە هەرگیز تا مردن نەچنە هیچ حزبێکی تر،[2] ئەمە جگە لەوە، کوا بەڵگەنامەی تری وەك بڕیاری سەرکردایەتی (ژ.ك)، یان سەرکردەی (ژ.ك)، یان بۆچی گۆڤاری (نیشتمان) کرایە (کوردستان)، یان دەیان پرسیاری تری لەم بابەتە؟!

کاتێك حکومەتی شای ئێران، عبد الرحمن زەبیحی‌و هاوڕێکانی، لە ساڵی ١٩٤٥دا دەگرێت، لە هەمانساڵدا سۆڤیەت لە ڕێی (باقرۆف) (سەرۆککۆماری ئازربایجانی سۆڤیەت)ەوە، دەعوەتی ڕەسمیی لە پێشەوا قازی محەممەدو پیاوماقوڵانی کوردستان دەکات‌و داوایان لێ دەکات کە دەبێت کۆمەڵەی (ژ.ك) بکەنە حزبی دیموکرات.[3]

نووسەرو سیاسەتمەدار (جەلال تاڵەبانی)ش پێی وایە ئەو کارە بە زۆر کراوە، ئەوەتا دەڵێت: "کۆمەڵەی (ژ.ك)خۆی ببوایە بە حزبی دیموکرات، شتێکی تر دەردەچوو، ئاوا نەدەشکا، چونکە هەموو پیاوی تێکۆشەری

[1] بڕوانە: ژیان‌و بەسەرهاتی زەبیحی، عەلی کەریمی، لا: ١١٤– ١١٧، کە بەدرێژیی‌و بەچەند بەڵگەیەکی تریش ئەوە دەسەلمێنێ کە (ژ.ك) کودەتای بەسەردا کراوە.

[2] هەمان سەرچاوە، لا: ١٢٥.

[3] بڕوانە: ژیانی زەبیحی، عەلی کەریمی، لا: ١٢٤.

خۆنەویست بوون‌و هیچیان نەبوو لەدەستیان بچی، ئەمن پێم وایە سۆڤیەت گەورەترین زەرەر بوو لە کوردی دا...خەتی سۆڤیەت خەتێکی غەڵەت بوو."[1]

مامۆستا (هەژار)یش لەیاداشتەکانیدا ئەوە دووپاتدەکاتەوە کە ڕووسەکان لەناوی (ژ.ک) ڕازی نین، چونکە بۆ ئازادی هەموو کوردستان تێدەکۆشێ."[2] دیارە هەر لەبەر ئەوەش بووە کە هەژار پاش هەرەسی کۆمار لە ڕیزەکانی حزبی دیموکراتدا درێژەی بە خەبات‌و کاری سیاسی نەداوە. مامۆستا عبد الله حەسەن زادە سکرتێری پێشووتری حزبی دیموکرات، لە دیدارێکیدا دەڵێت: "مامۆستا هەژار پێی وابوو نەدەبوو کۆمەڵەی (ژ.ک) بگۆڕدرێ بە حزبی دیموکراتی کوردستان، زیاتر لەگەڵ بیروباوەڕی کۆمەڵەی (ژ.ک) بوو... (بۆیە) کە حزبی دیموکرات کۆنگرەی دووەمی بەست، بەبێ ئەوەی مامۆستا هەژار لەوێ بێ، لە کۆنگرەدا هەڵیانبژاردبوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی... وتبووی: قسەیەکی

[1] دەقی لێدوانی جەلال تاڵەبانی‌و ژیانی زەبیحی, لەگەڵ عەلی کەریمی، هەمان سەرچاوە، لا: ٣٢٧.

[2] چێشتی مجێور، هەژار، لا: ٧٣.

لابەلایە، من خۆم بە کوردی ئێران نازانم، تا خۆم بە ئەندامی حزبی دیموکرات بزانم، بۆیە هیچ کاتێك نەبوو بە ئەندامی حزبی دیموکرات."[١]

لێرەدا گرنگە ئاماژە بە بەڵگەیەکی سۆڤیەتی بکەم کە دان بەوەدا دەنێت ئەو ناوگۆڕینە سەپێنراوەو ئیرادەیەکی ناوخۆی کوردیی لەپشتەوە نەبووە، کونسولی سۆڤیەت لە شاری (ماکۆ) ساڵی ١٩٤٦ لە ڕاپۆرتێکیدا ڕاشکاوانە نووسیویەتی: "قازی محەممەد گۆڕینی ناوی (ژێ.کاف)ی بەدڵ نەبووە، بەڵام سەپێنراوە بە سەریا."[٢]

ئەڵبەتە گۆشەنیگای تریش هەیە، چونکە هەندێکی تر لە هەمان نەوەی شایەتحاڵانی کۆمار، پێیان وایە کە ئەوکاری ناوو ناوەڕۆك گۆڕینە، ئارەزوومەندانە کراوەو بڕیارەکە لە سەرکردەکانی (ژ.ك)ەوە دەرچووە.. یەکێك لەوانە (محەممەد سەعیدی هومایون)ە (١٩٢٣–٢٠٠٤ز)، کە هاوسەری خەدیجە خانمی خوشکی پێشەوا قازی محەممەدو دەفتەردارو ڕازگری نهێنییەکانی بووە. لەم بارەیەوە پێی وایە ئەو کارە بۆ ئەوە بووە کە "کۆمەڵەی (ژ.ك) لە باری نهێنیی بێتەدەرو بە ئاشکرا دەست بەکاری ڕەسمییو ئامادەکردنی خەڵك بکا. وە لەبەر ئەوەی لە هەلو مەرجی زەمانی شەڕدا بتوانێ بەبارێکی ڕەسمییو ئاشکرا، خەباتی خۆی درێژە

---

١ لە بۆتەی کۆماری مەهاباد، ئا: کاروان عوسمان، چاپی گەنج، ٢٠٠٩، لا: ٢٣١–٢٣٢.

٢ ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، د.ئەفراسیاو هەورامی، لا: ١٦٦.

پێبداو کوردخۆرەکانو ڕۆژئاواییە لایەنگرەکانی ئەوانیش، لە موخالەفەتو دژکاریی خۆیان کەمبکەنەوە، کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی (ژ.ک) دوای لێکۆڵینەوە لەباری سیاسیو کۆمەڵایەتییو هەلومەرجی زەمانە، هاتنە سەر ئەو مەبەستە کە نێوی کۆمەڵەی (ژ.ک) بگۆڕنو تەنها لە چوارچێوەی ئێراندا، داواکاریی خودموختارییو ڕاپەڕاندنی کاروبارو وڵات، بەدەست گەلی کوردەوە بن."[1]

هەرچۆن بێت (حزبی دیموکراتی کوردستان) بە درێژکراوەی کۆمەڵەی(ژ.ک)دەژمێردرێت، باشترین بەڵگە، یادکردنەوەی دامەزراندنی حزبە، کە لە ٢٥ی گەلاوێژ (١٩٤٦/٨/١٦)دا ئاهەنگ گێڕراوە بۆ ساڵڕۆژی حزبی دیموکرات، بەڵام ناویان ناوە پێنجەمین ساڵی دامەزراندنی حزب. لە ڕۆژنامەی (کوردستان)دا ئەم دەقە هاتووە: "موبارەزەی ئازادیو دیموکراسی ئێمە پێی دە پێنجەمین ساڵی خۆی نا." (٢٥)ی گەلاوێژ پێنجەمین ساڵی دامەزراندنی حزبی دیموکراتی کوردستان[2]

---

١ بەشێك لە دەقی دیدارێکی ناوبراو، کە پەیامنێرێك بەناوی کاکشار ئۆرەمار، لەگەڵی کردوویەتیو بەزنجیرە لە (گزنگ)دا بڵاوی کردۆتەوە. شایانی باسە (محەممەد سەعیدی هومایون) ساڵی ٢٠٠٤ لە شاری مەهاباد کۆچی دوایی کردووەو لە خانەقای شێخی بورهان نێژراوە.

[2] ژمارە (٧٩)ی ڕۆژنامەی کوردستان، لا: ١.

ئەگەر ساڵی ١٩٤٥یان بەساڵی دامەزراندنی حزب دابنایە، دەبوایە باسیان لە یەکەم ساڵڕۆژی حزبو پێخستنە ساڵی دووەم بکردایە.

سەیرئەوەیە پێشتریش لە ساڵی ١٩٤٢دا کە (ژێ.کاف)یان ڕاگەیاندووە، حەزیان نەکردووە کە ساڵی ١٩٤٢ بەساڵی ڕاگەیاندنی(ژ.ك)ناو ببرێ، بەڵکو خۆیان بەدرێژکراوەی (حزبی ڕزگاریخوازی کوردستان) زانیوە، کە ساڵی ١٩٣٧ یان ١٩٣٨ دامەزراوە.

پێشتر لە بابەتی (زنجیرە لێکهەڵپێکراوەکەی خەباتی ئیسلامیی) کەمێك لەسەر ئەم بابەتە قسەمان کردو نمونەی ڕاپۆرتێکی دەستەی ناوەندی (ژ.ك)م خستەڕوو کە بۆ (مۆلۆتۆف)ی وەزیری دەرەوەی سۆڤیەتیان نوسیوەو ڕاشکاوانە وتویانە: حزبی ئێمە لە ١٩٣٨ دامەزراوە، دیارە ئەوە مێژووی دامەزراندنی حزبی ڕزگاریخوازی کوردستانە، نەك حزبی دیموکرات.

جا لێرەوە بۆچوونە پێشووەکەی ئێمە زیاتر تۆخ دەبێتەوە کە باسی لێکئاڵانو کاریگەرییە زنجیرەییەکەی ڕێکخراوە سیاسییەکانە، کە پشتسەری یەکتر هاتوونو دەتوانین بڵێین: هەریەکەیان تەواوکەری ئەرکی پێش خۆیان بوون.

یەکێکی تر لەو شایەتحاڵانەی لەگەڵ ڕوداوەکانی گۆڕینی(ژ.ك)ژیاوە، (غەنی بلوریان)ە، کە خۆی لەو کۆبونەوەیەدا بووە کە قازی محەممەدی شەهید سازی کردووە بۆ کۆمیتەی ناوەندی ڕێکخراوو وێنای سەرانی سۆڤیەتو هەڵوێستی ساردیانی دەرهەق بەکورد، بۆ گێڕاونەتەوەو

ڕاشکاوانه وتوویەتی هیچ دەوڵەتێك لەو دنیابەرینەدا لانی کورد ناگرێو سۆڤیەتیش بەرژەوەندی خۆی دەوێت..

بەهەرحاڵ (غەنی بلوریان) دەڵێت: "له (٢٤)ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٦ کۆنگرەی یەکەمی حزبی دیموکرات بەسترا، ناوی کۆمەڵەی (ژێ.کاف)و دروشمەکەیان گۆڕی." بلوریان ئەمە دەڵێتو هیچ ئاماژەیەکیش ناکات که له کۆبونەوەکەی کۆمیتەی ناوەندی (ژێ.کاف)دا هیچ بڕیارییێك درابێت، که ئەمە باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەوە که بەرپرسانی (ژ.ك) بەو گۆڕانه ڕازی نەبوون. بۆیه خۆیشی ڕاشکاوانه دەڵێت: "داخی گرانم! گۆڕینی دروشمەکانی (ژ.ك) پاشەکشێیەکی نالەبار بوو له مێژووی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستاندا، که هەڵو مەرج، بەسەر نەتەوەی ئێمەدا سەپاندی.[١]

**(درك کینان)یش** پاش ئەوە که ئاماژه دەکات (باقرۆف) به پلانی سۆڤیەت داوای له قازی محەممەدو سەرانی کورد کرد که ناوی (ژ.ك) بگۆڕن، دەڵێت: "(ژ.ك) بوو به (حزبی دیموکراتی کوردستان)، بەڵام ڕێکخستنی خۆی نەگۆڕیو ئاراستەو ڕێڕەوی مارکسیستیی پەیڕەو نەکرد. قازی وەك خۆی له پێگەی یەکەمو حاکمی حزبدا مایەوە."[٢]

---

[١] ئالەکۆك، غەنی بلوریان، لا: ٥٦ – ٨٥. (یەکێك له ئەندامه باڵاکانی (ژ.ك).

٢ کردها وکردستان، درك کینان، ص: ١٢٢.

له ساڵی ١٩٤٦ دا شورای باڵای حزبی دیموکراتی کوردستان دامەزرا، کە ئەندامانی بریتی بوون لە: مەلا حوسەینی مەجدی، کەریم ئاغا بایەزیدی، عەزیزی عەباسی، شێخ حەسەنی شەمسی بورهان، سەید عەلی حوسەینی، عەلی خانی نەوزەری مەنگوڕی، عبد الله قادری مامش، قاسمی ئیلخانی زادە، عبد الرحمن زەبیحی، نجم الدین تەوحیدی، محەممەد ئەمینی خاتەمی، هاشمی یوسفی..

# پاشکۆی وێنەو بەڵگەنامەکان



پێشەوای پێشەنگی کورد، قازی محەممەد، بە بەرگی کوردییەوە، لە گەرمەی چالاکیی لە ناو کۆمەڵەی (ژێ. کاف)دا



پێشەوا قازی محەممەد، بە بەرگی مەلایەتییەوە، لە ڕابەریی (ژ.ک)ەوە بۆ سەرکۆماریی کوردستان، بەبۆنەی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستانەوە، سڵاوی نیزامی پێشکەش دەکات



مەلا عبد الله داوودی، ناسراو بە خاڵە مەلای حەجۆکیی، مامۆستای

یەکەمی دامەزرێنەرانی (ژ.ك)، یەکەم کەس کە دەرسخانەی لەمەهاباد دانا

(سەرچاوە: گۆڤاری ژمارە ٨١ی مەهاباد)

ئەو قورئانەی کە پێشەوا قازی محەممەد، شەوی چوونە ناو ڕێکخراوی (ژ.ك)، سوێندی پێ خواردو پەیماننامەی ڕێکخراوی خوێندەوە. ئەو قورئانە لای بنەماڵەی محەممەد دڵشادی ڕەسوڵی، کادری ناسراوی (ژ.ك)، پارێزراوەو ئەم نووسینەی ئەوی لەسەرە، لەگەڵ واژۆی خۆیدا:←—←—←

" بۆ بیرەوەریی ئەو شەوە کە جەنابی قازی محمد، لە ماڵی مە دا، بەم قورئانەی سوێند خواردو هاتە ناو جەرگەی حزبی دیموکرات (کۆمەڵەی ژ.ك)، کە هەتا لە دنیادا دەژی بە میللەتی کورد خزمەت بکاتو وەفادار بێت."

ئیمزا: محمد دلّشاد

(لە پەیجی کاك (صلاح الدین عەباسی)یەوە


قرآن كريم
الملتزم عبد الرحمن محمد
بجارة السيدة فاطمة النبوية بالدرب الأحمر
بمصر





مەلا قادری مودەرریسی، ئەندامی دامەزرێنەری (ژ.ك)،

خاوەنی چاپخانەی کوردستان، لە سەردەمی کۆماری کوردستان،

(سەرچاوە: نگاهی به تاریخ مهاباد، محمد صمدی)



مامۆستا مەلا حوسەینی مەجدی (١٨٨٩- ١٩٧١ز)،

ئەندامی شورای باڵای حزبی دیموکراتی کوردستانی سەردەمی کۆمار



أبو الحسن سيف القضاة، مامی پێشەوا قازی محەمەد



سەید حوسەین شیخ الإسلامی باوکی هێمنی شاعیر



هێمنی شاعیر، محەممەد ئەمین شەیخولئیسلامیی، لە تەمەنی لاوییەتیدا



وێنەیەکی دەگمەنی عەزیز زەندی،

بەرپرسی حزبی ئازادیخوازی کوردستان، مەهاباد، ١٩٣٨ز



عبد الرحمن زەبیحی



شەهید حامید مازوچی، ئەندامی دەستەی ڕاوێژکاریی ڕێکخراوی (ژ.ک)



حاجی سید محەممەد ئەمین بەرزنجی، ناسراو بە: خاڵە مامە، یان خاڵەمین، ئەندامی چالاکی (ژ.ک). (سەرچاوە: نیشتمان، کۆکراوەی عەلی کەریمی)



حسێن فروهەر، زێرنگەران، (یەکەم سەرۆکو ئەندامی ژمارە(١)ی (ژ.ك).



رەحمان کەیانی



محەممەدی نانەوازادە



محەمەد حوسەین سەیفی قازی



قاسمی قادری، سەرۆکی شاندی (ژ.ك)، لە دیداری سێ سنوور




نوێنەرانی (ژ.ك) بۆ گفتو گۆی پەیمانی سێ سنوور. ناوەکان لە
ڕاستەوە: شێخ عبید اللە زینوێ، محەممەد سەعیدی کانیمارانی، هەژار
سەید عەزیزی شەمزینی، عبد الرحمن زەبیحی، قاسمی قادری قازی.
(سەرچاوە: سایتی کۆماری کوردستان)



وێنەیەکی دەستەجەمیی کادێرانی کۆمەڵەی (ژێ.کاف)

زانست

# سەرچاوەو ژێدەرەکان

## أـ سەرچاوە کوردییەکان:


١- ئاڵەکۆك، غەنی بلوریان.

٢- بزوتنەوەی کورد لە سەردەمی هاوچەرخدا، لازاریف.

٣- بیرەوەرییەکانی محمد شاپەسەندیی، صدیق صالح، بنکەی ژین.

٤- تاریکو ڕوون، هێمن.

٥- جەمهوری کوردستان، مەحمودی مەلا عیززەت.

٦- حکومەتی کوردستان، نەوشیروان مستەفا.

٧- ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی سۆڤیەتدا، د. ئەفراسیاو هەورامی.

٨- ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبەڵگەنامەکانی بەریتانیادا،ئەنوەر سوڵتانی.

٩ـ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەردەمی دووەم جەنگی جیهانیدا، د.ئەفراسیاو هەورامی.

١٠ـ ژێ. کاف، چی بوو؟ چی دەویست؟ محەممەدی صەمەدی.

١١ـ ژیانو بەسەرهاتی عبدالرحمن زەبیحی، علی کریمی، چ:٢، ٢٠٠٥.

١٢ـ ساڵێك بوو کورد ئازاد دەژیا، ع. م. أ (عوله)، ٢٠٠٠ ز.

١٣ـ سێبەری ئازادیی، کەمال عبد الله یی، بنکەی ژین، ٢٠٠٨.

١٤ـ شۆڕشەکانی کورد، عەلادین سەجادی.

١٥ـ چل ساڵ خەبات، عبد الرحمن قاسملۆ.

١٦ـ چێشتی مجێور، هەژار، چاپی پاریس.

١٧ـ کاروانێك لەشەهیدانی کوردستانی ئێران، کەریمی حسامی،١٩٧١.

١٨– کوردستان لە بەڵگەنامەکانی حکومەتی بەریتانیا، د.کەمال مەزهەر.

١٩ـ کوردستانی ئێران، د. یاسین سەردەشتی.

٢٠- کوردو کوردستان... کەمال مەزهەر.

٢١ـ کۆماری ١٩٤٦ی کوردستان، ئینگلتون، وەرگێڕانی محمد صمدی.

٢٣ـ کۆماری کوردستان، حامد گەوهەریی، هەولێر، ٢٠١١.

٢٤ـ کۆماری کوردستان، کەریمی حسامی.

٢٥ـ کۆماری مەهاباد، ئارچی ڕۆزفلت.

٢٦ـ کۆماری میللی مەهاباد، مەحمودی مەلا عیززەت.

٢٧ـ کۆمەڵەی (ژیانەوەی کوردستان)، حامدی گەوهەریی.

٢٨ـ لە بۆتەی کۆماری مەهاباد، ئا: کاروان عوسمان، چاپی گەنج، ٢٠٠٩.

٢٩ـ مێژووی کوردستان، م.س لازاریفو هاوکارانی.

٣٠ـ مێژووی هاوچەرخی نەتەوەیی کورد، دیڤید مەك داوڵ.

٣١ـ نیشتمان، بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی (ژ.ك)، عەلی کەریمی.

## ب ـ سەرچاوە فارسییەکان:

٣٢– أحزاب سياسى وأنجمنهاى سرى كرمانشاه، محمد على سلتانى.

٣٣- أسرار محاكمه قاضي و يارانش، رحيم سيف قاضي.

٣٤– تاريخ مهاباد، محمد صمدى، مهاباد، ١٣٧٣ هـ.ش.

٣٥– چشم أنداز إيران، فروردين، ١٣٨٢ هـ/ ٢٠٠٣.

٣٦– قاضى محمد كردستان، حميد رضا جلايى پور.

٣٧– كردها وكردستان، درك كينان.

٣٨– كردها، يك بررسى تاريخى سياسى، حسن أرفع، تاران، ١٣٨٢هـ.ش.

٣٩- محاكمات و دفاعيات قاضي محەممەد، أحمد حمه امين، تاران.

## ج ـ سەرچاوە عەرەبییەکان:

٤٠- تاريخ الأكراد، توماس بوا، ترجمة: محمد تيسير ميرخان، دار الفكر المعاصر، بيروت، ٢٠٠١.

٤١- الجمعيات والمنظمات والأحزاب الكردية في نصف قرن، د. عبد الستار طاهر شريف.

٤٢- جمهورية مهاباد، وليم إيفلتن، ترجمة: جرجيس فتح الله.

٤٣- الحركة القومية التحررية للشعب الكردي، عزيز شمزينى.

٤٤- القضية الكردية في العشرينات، د. عزيز الحاج.

٤٥- المسألة الكردية، لازاريف، ترجمة: عبدي حاجي.

٤٦- المستضعفون الكرد، جمال نەبەز، لندن، ١٩٩٧.

## د ـ ڕۆژنامەو گۆڤارەکان:

٤٧- ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادیی، دیدار لەگەڵ جەلیل گادانی، ژمارە: ٨٣٦، لە ٢٠١٠/١/٢٠.

٤٨ ـ ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (١٩٢)، ساڵی ١٩٦٠ز.

٤٩- ڕۆژنامەی کوردستان، مەهاباد، ١٩٤٦.

٥٠- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ: ٢١٢٧، لە ٢٠٠٠/٤/٢٣.

٥١- گۆڤاری چشم أنداز إيران، ژمارەی فروردين، ١٣٨٢ه، نیسانی ٢٠٠٣.

٥٢- گۆڤاری گزنگ، ژ: ١٧، ٢٥، ١٩٧٧.

٥٣- گۆڤاری نیشتمان، ئۆرگانی کۆمەڵەی ژ.ك، عەلی کەریمی، ١٩٤٣.

٥٤- گۆڤاری ڕۆژی نوێ، ژمارە: ١٠، لە ١٩٦١/١/١.

٥٥– گۆڤاری نیشتمان، جەمال نەبەز.

## هـ ـ سایت و پێگە ئەلیکترۆنییەنان:

٥٦ـ پێگەی ئەلیکترۆنیی گزنگ.

٥٧ـ پێگەی ئەلیکترۆنی کۆماری کوردستان.

٥٨ـ پێگەی یانەی کوردژین.

٥٩ـ پێگەی ئیسلاح.

٦٠ـ وتو وێژ لەگەڵ محەممەدی شاپەسەندی، لە ٢٠٠٥/٤، لە ڕۆژ تی ڤی.